WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (322) دووشەممە 2014/8/18 27 خەرمانانی 2714 (750) دینار

## داعش دەڵێت "نەوتی حەرام" دەفرۆشین

**رووداو- موسڵ**

بەڵێندەرێکی گواستنەوەی نەوت ئاشکرای دەکات کە ئەمیرەکانی داعش پەیوەندی بە کڕیارانەوە دەکەن تاوەکو ئەو نەوتەیان لێبکڕن، کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی ئەوان دایە.

ئەبو محەممەد لهێبی، کە بەڵێندەرێکی گواستنەوەی نەوتە لە عێراقەوە بەرەو تورکیا و ئوردن، بە (رووداو)ی راگەیاند: "پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی گەیارە، بە کۆمەڵە چەکدارێکی 20 کەسی سپێردراوە. هەر تانکەرێک نەوت بە نزیکەی 10 هەزار تاوەکو 12 هەزار دۆلار دەفرۆشن".

لهێبی ئاماژەی بەوەدا کە "بەپێی ئەو برە پارەیەی لەسەری رێککەوتوون، داعش برە نەوتە فرۆشراوەکە رادەستی کڕیارەکان دەکات و کڕیارەکانیش لەسەر بەرپرسیارێتی خۆیان و بەبێ پاسەوان نەوتەکە دەگوازنەوە".

محەممەد لهێبی، حەرام و حەلاڵیی ئەو کارەی لە داعش پرسیوە و دەڵێت "سەرکردەیەکی داعش لە کێڵگەی گەیارە پەیوەندی پێوەکردم و داوای هاوکاریی لێکردم بۆ فرۆشتن و گواستنەوەی نەوت، دواتر من لێم پرسی ئاخۆ ئەم کارە حەرامە یان حەلاڵ، ئەویش گوتی بەڕاستی پێتبڵێم حەرامە، بۆیە پێمگوت من کاری حەرام ناکەم".




8

چەکی ئەمریکی جێ بەچەکی رووسی لێژ دەکات

16


"ئیدی ئیسلامی سیاسی کاتی بەسەرچووە"

10

وەزیری راگەیاندنی سووریا:

YPG شانبەشانی ئێمە شەڕ دەکات

7



دوای بەرپرسی لق نۆرەی فەرماندە سەربازییەکانە

# بەرپرسە سەربازییە "کەمتەرخەمەکان"ی شنگال دەدرێنە دادگا

3



قاسم شەشۆ بۆ رووداو:

**ئەو بەرپرسە عەسکەرییانەی بەرگرییان نەکرد دەبێ لەسێدارە بدرێن**

ئاسیاسێڵ کۆماندەکانەوە

هێڵەکەت بگەڕێنەرەوە و



٧٥,٠٠٠ دینار

باڵانسی بێبەرامبەر بەدەستبێنە

هێڵەکەت کارابکەرەوە

ئێستا لە ئاسیاسێڵەوە هێڵە وەستاوەکەت پڕبکەرەوە و بڕی ٧٥,٠٠٠ دینار باڵانسی بێبەرامبەر بەدەست بێنە*

ئەم ئۆفەرە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە

* باڵانسی بێبەرامبەر مانگانەیە و دابەشدەبێت بەسەر ٣ مانگی یەکبەدوایەکدا. هەر مانگێک لەگەڵ یەکەم پڕکردنەوەدا ٢٥٠٠٠ دینار بەدەستبێنە.

/AsiacellConnect

www.asiacell.com ١٣١/١١١ خزمەتگوزاریی بەشداربووان

ڕووداو
ژمارە (322) دووشەممە 2014/8/18

## دوو "پێشمەرگەی سوێدی" لە کوردستانن



**ڕووداو – هەولێر**

چەند کوردێک، کە ولاتینامەی سوێدیان هەیە، بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە دژی شەڕی چەکدارانی داعش دەگەڕێنەوە باشووری کوردستان. ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ئیکسپریسەن و تەلەڤزیۆنی فەرمی سوید (SVT) چیرۆکی دووان لە سویدییەکانی باس کرد و هەردوو شەڕڤانی سویدی بەرەچەڵەک کورد ڕزگار کێستەیی و ڕیڤینگ بەرواری دەنگی دایەوە و وەک دوو "پاڵەوان" و "پێشمەرگە سوێدی" ناویان هێندراوە. ئەوان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پێکەوە لەسەنگەرەکانی شەڕدا بینراون. ڕاپۆرتەکە دەڵێت "ئەوان لە پاڵ پێشمەرگەکان ڕێگربوون کە چەکدارەکانی داعش بۆ کوردستان دزە بکەن".

### ژیانی ئێزدییەکانی بندەستی داعش لەزاری بەساڵاچوویەکەوە

# "ڕۆژانە تەنیا سەمونێکمان دەدەنێ"



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

تاوەکو ئێزدییەک لە شنگال مابێت، چیرۆکە تراژیدییەکان تەواو نابن، چونکە کەسیان نییە بەڵایەکی بەسەر نەهاتبێت یان کەسێکی نزیکی لە دەست نەدابێت، بەڵام ئەوانەی کەوتوونەتە دەست داعش، چیرۆکی تراژیدیتریان لەلایە.

فارس مەحۆ، 16 ساڵ، گەنجێکی کوردی ئێزدییە، 3 ڕۆژی لە سایەی دەسەڵاتی داعش لە نێو شنگال بەڕێکردووە. ئەو یەکێکە لەو گەنجانەی لە ناحیەی گرعوزێر لەلایەن داعشەوە دەستگیرکراوە و پاشان لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە بە پیکاب گواستراونەتەوە سەنتەری قەزای شنگال.

فارس نازانێت لە کوێوە دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بکات . گریان زوو زوو قسەکانی پێدەبڕێت و دەڵێت "نازانم باسی چی بکەم، دایک و باوکم و دوو خوشک و چوار براژنم لەلای داعشن، نازانم چییان بەسەرهاتووە".

فارس باسی ڕزگاربوونی خۆی دەکات و دەڵێت "ئێمەیان برد بۆ مزگەوتێک و لەوێ قسەیان بۆ کردین و داوایان لێکردین ببینە ئیسلام، لەوکاتەدا بۆردومان بۆ سەر مزگەوتەکە دەستپێکرد و تۆز بەری ئاسمانی گرت، منیش دەرفەتم هێنا و خۆم کرد بە کۆڵانێکدا، پاشان وردە وردە چووم بۆ چیای شنگال، بە دوو ڕۆژ گەیشتمە چیا بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بخۆم".

#### ڕۆژانە سەمونێکمان دەدەنێ

پێدەچێت ژمارەی گیراوانی ئێزدی لە دەست چەکدارانی داعش ئەوەندە زۆربن نەتوانن کۆنترۆڵیان بکەن، هەندێک لەو گیراوانە لە ڕێگەی مۆبایلەوە بە نهێنی پەیوەندی بە کەسوکاریان، یان کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەکەن.

پیاوێکی تەمەن 70 ساڵ کە ناوەکەی لای (ڕووداو) پارێزراوە، دوای دەستگیرکردنی لەگەڵ 800 کەسی دیکە گواستراوەتەوە بۆ قەزای تەلعەفەر. ئەو دەڵێت "زۆربەمان منداڵ و ژن و پیاوی بە تەمەنین، ئەوە سێیەمجارە دەمانگوازنەوە، دوو ڕۆژە لە خوێندنگایەکیان داناوین لە قەزای تەلعەفەر".

(ڕووداو) چەند جارێک پەیوەندی بەو پیرەمێردەوە کرد، جارێکیان ژنێک هەڵیگرت، کاتێک لێمان پرسی کە تۆ ژنیت و تەمەنت چەندە، گوتی "نەخێر من کچم، کاتێک داعشەکان هاتن ویستیان جیام بکەنەوە و بمبەن، یەکسەر منداڵێکم لە باوەش گرت، پێمگوتن ئەوە کوڕی منە، ئینجا وازیان لێهێنام".

ئەو پیرەمێردە باسی ڕەوشی خۆیانی کرد لە زیندانی داعش و گوتی "خواردن و خواردنەوە زۆر کەمە، ڕۆژی یەکجار نانمان دەدەنێ، ئەویش سەمونێکە، بەڵام دووجار نان دەدەنە منداڵەکان. ئاویش زۆر کەمە، دەبێ لەبەریان بپاڕێینەوە هەتا هەندێک ئاومان دەدەنێ".

### داعش 420 پیاوی گوندەکەیان گوللەباران کرد

# کوچۆ.. لە 1700 گوندنشین تەنیا 180 کەس ڕزگاریان بوو

### داعش بەنیازە 1000 کوردی ئێزدی ئازاد بکات



جاسۆ ئەحمەد جاسۆ



سەعید جزاع



ئەحمەد نایف



ئەحمەد جاسۆ

وێنەی چوار لەو کەسانەی لەلایەن داعشەوە لە گوندی کوچۆ گوللەباران کراون

**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

کەسایەتییەکی گوندی کوچۆ کە بەهۆی سەفەرێکەوە نەکەوتووەتە دەست داعش، ئاشکرای دەکات کە لە کۆی 1707 پیاوی گوندەکەیان تەنیا چارەنووسی 180 کەسیان دیارە و 420 پیاوی گوندەکەشیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە گوللەباران کراون.

کوچۆ، تاکە گوندی ئێزدییە کە لە سێ لاوە بە دراوسێی عەرەب دەورە دراوە، ئەوان لە هەموو ناوچەکانی دیکەی شنگال زیاتر ڕووبەڕووی زەبر و زەنگی داعش بوونەوە و دواجار کۆمەڵکوژ کران.

گوندی کوچۆ، بە دووریی 18 کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری سەنتەری قەزای شەنگال. باشوور و باکوور و ڕۆژئاوای گوندەکە عەرەبەکانی عەشیرەتی شەمەرن، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆئەوەی خەڵکی گوندەکە ڕزگاریان نەبێت لە دەستی داعش.

نایف جاسۆ، کەسایەتی ناسراوی گوندەکە کە شەوێک پێش ڕووداوەکە بە ئیش هاتبووە شاری دهۆک، دەڵێت چەکدارانی داعش سەرەتا کە هاتبوونە نێو گوندەکە، خۆیان بە پیاوچاک پێشانداوە، بە جۆرێک برایەکی ئەویان کە نەخۆش بووە، بردووە بۆ بەعاج بۆ چارەسەرکردن، هەروەها خواردنیشیان بە خەڵکی گوندەکە دابوو.

نایف جاسۆ هۆکاری سەرەکی ئەم چاکانەی چەکدارانی داعشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئێزدییەکان بکەنە موسڵمان، بەڵام نەیانتوانی "بۆیە دوای ئەوەی لە دوو کۆمەڵگەی دیکە خەڵک ڕووبەڕووی داعش بوونەوە، ئەوان بێهیوا بوون لەوەی ببنە موسڵمان و دەستیان بە کۆمەڵکوژی کرد".

گوندی کوچۆ لە 380 سەرۆک خێزان و 1705 کەس پێکدێت. بەپێی قسەی نایف جاسۆ بۆ (ڕووداو) "یەکەمجار 105 خێزانی ئەو گوندە ویستیان ڕابکەن و چوون بۆ نزیک گەلی قنێ و گوندی تەلقەسەب لە دووری 10 کلیۆمەتر لە کوچۆ، بەڵام چەکدارانی داعش پێشیان لێگرتن و 62 پیاویان لێ گوللەباران کردن، ژنەکانیشیان لەگەڵ خۆیان بردن".

نایف کە ئێستا لە ماڵی موسڵمانێکی شنگالە لە دهۆک و لەوێ پرسەی بۆ خەڵکی گوندەکەی داناوە، گوتیشی "هەزار ژن و منداڵی دیکە کە پێشتر جیاکرابوونەوە، ئەوانیش براون بۆ شوێنێکی نادیار، ئێمە دەزانین ئەوان تاوەکو شنگالیش زیندوو بوون، بەڵام دواتر نازانین چییان بەسەرهاتووە، چونکە مۆبایلیان لێسەندراوە".

ئەو باسی 420 پیاو و منداڵ و گەنجی گوندەکە دەکات کە پۆل پۆل گوللەباران کراون "یەکەمجار کۆمەڵێکیان گوللەباران کرابوون، بەڵام سێ لەوان بریندار بووبوون و کەوتبوونە ژێر تەرمەکان، دواتر بەشەو ڕایانکردبوو بۆ چیای شنگال". هەروەها گوتی "دووەمجاریش کە کۆمەڵێکی دیکەیان گوللەباران کردبوو، چوار کەس بە برینداری کەوتبوونە ژێر تەرمەکان و دواتر خۆیان ڕزگار کردبوو".

بەپێی قسەی نایف، تەنیا 180 کەس لە دانیشتووانی ئەو گوندە ڕزگاریان بووە و بەسەلامەتی گەیشتوونەتە زاخۆ.

قاسم شەشۆ، کارگێڕی لقی شەنگالی پارتی کە یەکێکە لە پیاوە سەربازییەکانی ئێزدییەکان، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تەلەفۆنێکمان بۆ هاتووە کە 1000 کەسی گوندەکە سەلامەتن و لە تەلعەفەرەوە گواستراونەتەوە نزیک شنگال، دیارە دەیانەوێت ئازادیان بکەن، بۆیە بە ئێمەیان گوت هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی فڕۆکە بۆردومانمان نەکات و ئەوانە بە سەلامەتی بگەنە شوێنی خۆیان".

### مافی مانەوەیان دەدرێتێ

# 15 کوردی ئێزدی شنگال گەیشتنە جۆرجیا




خۆپیشاندانێکی کوردی جۆرجیا لەشاری تبلیسی

**تەیموراز شامۆیان**
**ڕووداو- تبلیسی**

کۆچی ئێزدییەکانی شنگال، سنووری هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێی بڕی و ژمارەیەکیان گەیشتنە لای خزمەکانیان لە جۆرجیا، چەندینی دیکەش خۆیان ئامادە کردووە کە بچن.

یەکەم کاروانی کۆچی ئێزدیان کە لە 15 کەس پێکهاتبوون، هەفتەی ڕابردوو گەیشتنە شاری تبلیسی جۆرجیا و لەلایەن کوردی ئێزدی ئەم شارەوە پێشوازییان لێکرا و شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابینکرا.

هەندێک لەوانەی گەیشتوونەتە ئێرە دەیانەوێ بمێننەوە، بەڵام هەندێکی دیکەیان دەیانەوێ بچنە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا.

"ئێمە هەفتەیەکە لێرەین، بەڵام کەسوکارەکەمان لە کوردستانە، لەوێ ڕەوش زۆر ئاڵۆزە". یەکێک لەو ئێزدیانە کە گەیشتووەتە جۆرجیا وا دەڵێت.

کارمەند و خۆبەخشەکانی ماڵی ئێزدی لە جۆرجیا، یارمەتییان پێشکەشی ئەو 15 کەسە کردووە و شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابینکردوون.

عەگید میرزۆییێڤ، بەرپرسی ماڵی ئێزدی گوتی "15 ئێزدی شنگال گەیشتوونەتە جۆرجیا، بەڵام چاوەڕێی هاتنی ژمارەیەکی زیاتر لە ئێزدییەکان دەکەین".

لە کاتێکدا سەفەرکردن بۆ دەرەوەی عێراق بە تایبەتی بۆ ئاوارەکان سەختە، میرزۆییێڤ پێشبینی کرد کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا 100 کوردی دیکەی ئێزدی لە باشووری کوردستانەوە بگەنە جۆرجیا.

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە پەیوەندیان بە بەرپرسانی جۆرجیاوە کردووە و ڕەوشی ئەو ئاوارانەیان تێگەیاندوون، ئەوانیش ئامادەیی خۆیان نیشاندا کە مافی مانەوە بدەنە ئەو ئێزدییانە.

هەروەها گوتی کە حکومەتی جۆرجیا بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNHCR ئامادەیە پێشوازی لەو پەنابەرانە بکات و مانگانەش 240 دۆلار بداتە هەر پەنابەرێک.

میرۆزۆییێڤ گوتی لەلایەن ئێزدییەکانی جۆرجیاوە کە ژمارەیان بە 40 هەزار کەس مەزەندە دەکرێت، بە دەنگەوەهاتنێکی ئەرێنیانە هەبووە بۆ ئەو پەنابەرانە و بەخواردن و پێداویستی دیکە کۆمەکیان کردوون.

زۆربەی ئێزدییەکانی دانیشتووی جۆرجیا پێشتر لەترسی دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە باکووری کوردستانەوە هەڵاتوون بۆ جۆرجیا.

عەگید میرزۆییێڤ دەڵێت پرۆسەی لەناوبردنی ئێزدییەکان لە عێراق پرۆسەیەکی درێژە و ترسیان هەیە کە ئێزدییەکانی عێراق بە یەکجاری لەنێوببرێن.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، ژمارەیەک لە چالاکڤانانی کوردی دانیشتووی جۆرجیا گردبوونەوەیەکیان ساز کرد، چالاکڤانان داوایان لە کاربەدەستانی جۆرجیا کرد بەشداری ئەو بەدەنگە هاتنە مرۆییە نێودەوڵەتییە بکەن، کە ئێستا بۆ یارمەتیدانی ئێزدی و مەسیحییەکان لە کوردستان و عێراق هەیە.

ڕووداو
ژمارە (322) دووشەممە 2014/8/18

## نەجمەدین کەریم دەبێتەوە پارێزگار



**عومەر شایان- هەولێر**

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە چارەنووسی پۆستەکانی دکتۆر نەجمەدین کەریم بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی راگەیاند "دکتۆر نەجمەدین لە چەند کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق بەشداری کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی سوێندی یاسایی نەخواردبوو، کەواتە ئەندامی پەرلەمان نییە". گوتیشی "نەجمەدین کەریم لە پەرلەمان نامێنێتەوە لەبەر ئەوەی هەم خۆی و هەم یەکێتی بڕیاریانداوە کە لە پارێزگای کەرکووک بمێنێتەوە و بەردەوام بێت لە پۆستی پارێزگاری کەرکووک".

### قاسم شەشۆ بۆ ڕووداو:

# ئەگەر چەکی باشمان هەبێت بە 24 سەعات شنگال دەگرینەوە

## ئەو بەرپرسە عەسکەریانەی بەرگرییان نەکرد دەبێ لەسێدارە بدرێن



کوردێکی دەربەدەربووی ئێزدی لە دهۆک پێیگوتم: قاسم شەشۆ لە هەموو حیزبێک و کەسێکیتر شەرەفی ئێزدیەکانی زیاتر پاراست. ئێستا لەنێو کوردانی ئێزدیدا، باس باسی قاسم شەشۆ و قاسم سمێرە. ڕۆژنامە ئەڵمانییەکانیش ناویان لە قاسم شەشۆ ناوە "شێری ئێزدیان".

قاسم شەشۆ، کارگێڕی لقی 17ی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە شنگال، فەرماندەی جەنگاوەرانی ئێزدییە کە دوای گرتنی دەڤەری شنگال لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، لەگەڵ قاسم سمێر، بەرگرییان لە شوێنە ئاینییەکانی ئێزدیان و ئەو ئێزدیانە کرد کە خۆیان لە چیای شنگال پەنادا.

ڕۆژنامەی (ڕووداو) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ قاسم شەشۆ کرد:

هەڤپەیڤین: عوبەید رەشاڤایی

**ڕووداو: ئێوە چەند کەس دەبن لە بناری چیای شنگال و ڕاستە دەڵێن هەندێک کۆمەڵگە هەن تائێستا لە دەست ئێوەدان؟**

**قاسم شەشۆ:** سەرەتا ئێمە نزیکەی 500 کەس بووین، دواتر خەڵکانێکی دیکەش هاتنە لای ئێمە ، ئێستا نزیکەی 2000 کەسین و دابەشبووینە بۆ سەر چەند میحوەرێک . تائێستا دەستی داعش نەگەیشتووەتە کۆمەڵگەکانی بۆرک ، دەهۆلا . کۆمەڵگەی دووگرێش هەر زوو بە هاوکاری پێشمەرگە و هەڤاڵانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەلایەن ئێمەوە رزگارکرا. خواردن و خواردنەوەش لەو هەردوو کۆمەڵگانە دێنین.

**ڕووداو: بە ئەمری کێ و کام لایەن ئێوە لە شنگال ماونەتەوە؟**

**قاسم شەشۆ:** خۆمان وەک هەستکردن بە بەرپرسیارێتی مێژوویی و بەرگریکردن لە شەرەف و شوێنە پیرۆزەکانی ئێزدییان لەبناری چیای شنگال ماینەوە و بەرگریمان کرد .

**ڕووداو: هێزەکانی داعش چەند جار هێرشیان کردووەتە سەر ئێوە ؟**

**قاسم شەشۆ:** شەش جار، ڕۆژی شەممەی رابردووش هێرشیانکردە سەر ئێمە، بەڵام ئێمە بە توندی وەڵاممان دانەوە، لەبەرئەوەی ئێستا چەکی باشتر لەبەردەستی ئێمەدایە و شوێنی ئێمەش باشترە بۆ بەرگریکردن و نەمانهێشتووە لە ئێمە نزیکبن و سەربکەون بۆ سەر چیا و مەزاری شێخ شەرفەدین و چەند شوێنێکی دیکە.

**ڕووداو: ئەی چۆن چەکتان بۆدێت؟**

**قاسم شەشۆ:** دوو جار چەکمان لەلایەن پێشمەرگەوە بۆ هاتووە، کاک فەریق جەمال هاوکاری کردین و وەجبەی دووەم چەکی باش گەیشتووە.

**ڕووداو: پێتانوایە بۆچی ئەمە بەسەر شنگال هات و کێ کەمتەرخەم بوو؟**

**قاسم شەشۆ:** ئەوەی بەسەر شنگال هات من بە موئامەرەی دەزانم، ئیتر کێ بێت و کام حیزب بێت جارێ کاتی ئەوە نییە، کەمتەرخەمی یەکەمی ئەو ڕەوشەش بەرپرسە سەربازی و ئەمنییەکانی دەڤەرەکەمانن.

**ڕووداو: بەڵام هەندێک لە ئێزدییەکان باسی سەربەست بابیری بەرپرسی لقی 17ی شنگالی پارتی دەکەن (ئێستا گۆڕاوە)، تۆ وەک کارگێڕی ئەو لقە، پێتوایە ئەو کەمتەرخەم بوو؟**

**قاسم شەشۆ:** بێگومان، پلانی ئەویش دروست نەبوو، بەڵام کەمتەرخەمی یەکەمی ئەو ڕەوشە بەرپرسە عەسکەرییەکانن. کەسانێکی خاوەن پلەی لیوا و عەمید لە پێش خەڵکەوە رابکەن، ئەی خەڵکی بەلەنگاز و فەقیر چ بکەن و، کادیرەکانی حیزب چییان پێدەکرێت. پێموایە دەبێ ئەو بەرپرسانە لەسێدارە بدرێن.

**ڕووداو: بڕیاری گۆڕینی بەرپرسی لقی شنگالت پێ چۆنە کە ئێستا سەعید شنگالی لە جیاتی سەربەست بابیری دانراوە؟**

**قاسم شەشۆ:** کەس پرسی بە ئێمە نەکردووە، بڕیارەکە لە جێگەی خۆی نەبوو، زۆر زووبوو بۆ ئەو بڕیارە. من ئەوەم بە بەرپرسانی پارتیش گوتووە، لەبەرئەوەی هێشتا شنگال لەژێر دەستی داعشدایە و هێشتا دەستدرێژی دەکرێتە سەر کچانی ئێزدی، ئینجا چی لە بەرپرسی لقێک بکەین کە بارەگایەکەی هێشتا داعش هاتوچۆی تێدا دەکات.

**ڕووداو: هیچ بەرپرسێکی پایەبەرزی پارتی لە سەرۆک و جێگری سەرۆک و ئەوانی دیکە تەلەفۆنیان بۆ تۆ کردووە؟**

**قاسم شەشۆ:** نەخێر، زۆر بەداخەوەو لێشیان نەپرسیوین، تەنیا جارێک لەگەڵ فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی قسەمان کردووە ، بەڵام لەگەڵ کاک جەعفەر ئێمینکی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسانی دیکەی سەربازی پەیوەندی بەردەوامان هەیە.

**ڕوواو: پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG ، هێزێکی تایبەتیان بۆ کوردانی ئێزدی پێکهێناوە و دەڵێن دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شنگالیش لەلایەن پێشمەرگە، ناکشێینەوە و چیای شنگالیش بەدەست ئەوانەوەیە؟**

**قاسم شەشۆ:** بۆ دروستکردنی هێز نازانم و ئاگادارنیم ، بەڵام هاتنە لای من ، 11 کەس بوون، پێمگوتن، ئەگەر ئێوە بۆ هاوکاری ئێمە هاتوون زۆر بەخێربێن ، بەڕاستیش سوپاسی هەر لایەک دەکەین کە هاوکاریمان بکەن، بەڵام لەژێر فەرمانی ئێوەدا کارناکەین و ئێوە دەبێ گوێڕایەڵی ئێمەبن. چیای شنگالیش لە دەست خەڵکی شنگال و پێشمەرگەدایە.

**ڕووداو: ئەگەر ئەوان لە چیای شنگال دەرنەچوون، هەڵوێستی ئێوە چی دەبێت؟**

**قاسم شەشۆ:** باوەڕناکەم دەرنەچن، خۆ ئەوان خاوەنی ئەم خاکە نین، با بچن کوردستانی تورکیا رزگاربکەن، ئەوە بەشی ئێمەیە. سوپاسی ئەوان دەکەین و پێموایە کاتی ئەو لێدوانانە نییە و هەموو کوردێکی بەشەرەف ئێستا پێویستە هەموو توانای خۆی بخاتەگەڕ بۆئەوەی شنگال رزگاربکەین و گرنگ ئەوەیە. بۆ زانیاریتان ئێستاش زیاتر لە 300 خێزان لە چیای شنگالن و سوێندیان خواردووە تاوەکو مردن چۆڵی نەکەن.

**ڕووداو: پێتوایە شنگال زوو کۆنترۆڵ دەکرێتەوە؟**

**قاسم شەشۆ:** بەڵێ، پێویستی بە تەنیا 500 کەسی چەکدارە، ئێستاش دەڵێم 500 کەسی چەکدارت هەبێت بە چەکی باشەوە ،دوای 48 سەعات یەک بستی شنگال نامێنێت کۆنترۆڵی نەکەینەوە.

**ڕووداو: هەندێک ئێزدی ئێستا بۆچوونێکیان هەیە و داوادەکەن ڕێگەی چوونە ئەوروپایان بۆ بکرێتەوە، بۆچوونی ئێوە لەوبارەوە چییە؟**

**قاسم شەشۆ:** ئەوانەی داوای چوونی بەکۆمەڵی ئێزدیان دەکەن بۆ ئەورووپا ، کارێکی ئەخلاقی ناکەن و هیچ مەبدەئێکیان نییە. ئەوانە تەنیا بۆچوونی شەخسین و تەعبیر لە رای هیچ کەسێک ناکەن و داوایان لێدەکەین بێن بەرەڤانی بکەن و بگەڕێنەوە شنگال. دونیا خراب نەبووە و جارێکیتر ژیان لە شنگال ئاسایی دەبێتەوە. من خاوەن ڕەگەزنامەی ئەڵمانیم و بمەوێت ئێستا دەچم، بەڵام شەرمەزارییە خاکی خۆمان بەجێبێڵین.

> ئەوانەی داوای چوونی بەکۆمەڵی ئێزدیان دەکەن بۆ ئەورۆپا هیچ مەبدەئێکیان نییە

> پێشمەرگە دووجار چەکی بۆ ناردووین

> بە PKK م گوت ئێمە لەژێر فەرمانی ئێوە کارناکەین

> ئێستا کاتی گۆڕینی بەرپرسی لقی پارتی لە شنگال نەبوو

> کاک مەسعود و نێچیرڤان تەلەفۆنیان بۆ نەکردووم

### دوای بەرپرسی لقی شنگال نۆرەی فەرماندە سەربازییەکانە

# بەرپرسە سەربازییە "کەمتەرخەمەکان"ی شنگال دەدرێنە دادگا

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

دوای لادانی بەرپرسی لقی 17ی پارتی لەسەر ڕووداوەکانی شنگال، باس لە گۆڕینی چەند بەرپرسێکی سەربازی دەکرێت. بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگەش دەڵێت ئەو بەرپرسە سەربازیانەی "کەمتەرخەم" بوون لە میحوەری شنگال، دەدرێنە دادگا.

ڕووداوەکانی شنگال، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بە جۆرێک نیگەران کرد کە تاوەکو ئێستا دوو بەیاننامەی دەرکردووە، لە هەردووکیاندا باسی سزادانی ئەو کەسانە دەکات کە "کەمتەرخەم"بوون.

ڕۆژی 12ی ئەم مانگە، سەربەست بابیری بەرپرسی لقی 17ی پارتی لە شنگال بە بڕیاری بارزانی لە پۆستەکەی لادرا و سەعید شنگالی، بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی دهۆک لە جێگای دانرا. سەعید شنگالی دوای وەرگرتنی ئەو پۆستە رایگەیاند کە ئەوەی لە دەستی بێت دەیکات بۆ رزگارکردنی شنگال.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی 3ی ئەم مانگە چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر سەنتەری قەزای شنگال و دەوروبەری، بەو هۆیەش 100 هەزار هاووڵاتی ئەو قەزایە ئاوارەی چیای شنگال بوون، تاوەکو رزگاریش کران لەو چیایە نزیکەی 100 کەسیان گیانیان لەدەستدا. جگە لەوەش نزیکەی 2000 کەس لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیرکراون و ژمارەیەکی زۆریش گوللەباران کراون.

لەکاتی هێرشەکەی داعشدا هەریەک لە بەرپرسی لق و بەرپرسە سەربازییەکانی شنگال بەبێ هیچ بەرگرییەک ناوچەکەیان جێهێشت.

سەربەست بابیری، نیگەرانە لە لادانەکەی و دەڵێت "ئەگەر بە لادانی من برینی ئێزدییەکان سارێژ بکرێت، ئەوە زۆرباشە، بەڵام لادانی من هەموو ئێزدییەکانی پارتی ناڕەحەت کردووە، چونکە هەموو دونیا دەزانێت من لە شنگال تەنیا بەرپرسی لق بووم، نەک بەرپرسی میحوەر، تەنانەت جگە لە 15 پاسەوانی خۆم، نزیکەی 500 پێشمەرگەی هەموو لقم خستبووە بن راسپاردەکانی بەرپرسە سەربازییەکان لە شنگال".

بابیری بڕیاری لادانەکەی بەشێوەی زارەکی لەلایەن جەعفەر ئیبراهیم، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی پێڕاگەیەنراوە. ئەو گوتی "وەکو بڕیار هیچم بەدەستنەگەیشتووە، بەڵام کاک جەعفەر ئیبراهیم گوتەبێژی پارتییە، ئەگەر ئەو بڕیارە لەلایەن هەر کەسێکی دیکە دەرچووبایە هەموو نهێنییەکانم لەسەر شاشەکان باس دەکرد، بەڵام مادام لەلایەن سەرۆک بارزانی دەرچووە، قبوڵمە. من پێشمەرگە و خزمەتکاری ئەوم".

> **سەربەست بابیری:**
> حەوت جار پەیوەندیم بە فازڵ میرانی کرد وەڵامی نەدامەوە



سەربەست بابیری پێیوایە خەڵکی دیکەش لە نێو پارتی کەمتەرخەم بوون و دەڵێت "ئایا لەناو هەموو پارتی تەنیا من کەمتەرخەمم؟ حەوت جار تەلەفۆنم بۆ فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی کردووە، 59 ڕۆژ وەڵامی منی نەدایەوە، کاک نێچیرڤان بارزانی تەلەفۆنی شەخسی خۆی پێدام، گوتی هەرچی هەبوو تەلەفۆن بکە، بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کاک مەسرور کرد، ئەوان هەموویان دەزانن چۆن شنگالم جێهێشت".

بڕیاری لادانی بابیری دوای ئەوە هات کە شاندێکی ئێزدیان بە سەرۆکایەتی بابەشێخ، سەرۆکی جڤاتی ڕوحانی ئێزدییان چاوی بە بارزانی کەوت. بابیری دەڵێت "ئەوانەی چووبوونە لای سەرۆک بارزانی، هەموویان یەکێتی بوون، بە بابەشێخیشەوە، هەتا دوێنێ بابەشێخ یەکێتی بوو، ئێستا فرمێسک بۆ پارتی دەبارێنێ".

جەعفەر ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دەڵێت دەبێ هەموو ئەو کەسانەی کەمتەرخەمییان کردووە سزابدرێن، چونکە پارتی لە هەموو کەس زیاتر بەهۆی شنگالەوە ئازاری چەشتووە.

دەربارەی ئەو دەنگۆیانە کە دەڵێن هەریەک لە شێخ عەلۆ، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی دهۆک، سەعید کێستەیی فەرماندەی سەربازی لە شنگال و عەزیز وەیسی فەرماندەی لەشکری زێرەڤانی و چەند پلەدارێکی دیکە، کە هەموویان بەرپرس بوون لە میحوەری شنگال سزادراون، جەعفەر ئیبراهیم بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوە کاری ئەو لێژنەیە دەبێت کە بەدواداچوون دەکەن، نەک کاری پارتی، بەڵام دڵنیام هەر کەسێک کەمتەرخەمی کردبێت سزا دەدرێت.

> **هەڵگورد حیکمەت:**
> لێژنەی بەدواداچوون ئەم هەفتەیە دەچێتە دهۆک

هەڵگورد حیکمەت، بەڕێوەبەری راگەیاندن و هۆشیاری نەتەوەیی لە وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت "لێژنەکە بەفەرمانی سەرۆک بارزانی پێکهێنراوە و پێکدێت لە دادوەرێک و نوێنەری جەنابی سەرۆک و نوێنەرێکی وەزارەتی پێشمەرگە، لێژنەکەش لەم هەفتەیەدا سەردانی شاری دهۆک دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە".

هەڵگورد حیکمەت گوتیشی "باسی زۆر ناو دەکرێن، بەڵام لێژنەکە بڕیار دەدات کە کێ کەمتەرخە، هەر کەسێکیش کەمتەرخەم بێت دەدرێتە دادگا".

قاسم شەشۆ، کارگێڕی لقی 17ی پارتی کە لە چیای شنگال بەرگری لە ئاوارەکان کرد، پێیوایە "بڕیاری لادانی سەربەست بابیری زۆر بە پەلە بوو، لە جێگای خۆیدا نەبوو".

سەبارەت بە گۆڕینی بەرپرسە ئیدارییەکانی قەزای شنگال، لەوانەش سەرۆکی ئەنجوومەن و قایمقامی شنگال کە بەهەڵبژاردن لەلایەن بەغداوە دانراون. فەرهاد ئەترۆشی، پارێزگاری دهۆک دەڵێت هەتا ئێستا هیچ بڕیارێک نییە بۆ گۆڕینیان.

بەڵام مەیسەر حەجی، قایمقامی قەزای شنگال بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی یاسا پارێزگای دهۆک ناتوانێت ئێمە بگۆڕێت، چونکە ئێمە بە هەڵبژاردن ئەو پۆستەمان وەرگرتووە و سەر بە عێراقین".



رووداو
ژمارە (322) دووشەممە 2014/8/18

# لەناو تەرمەکاندا خۆی شاردەوە تا نەکوژرێت

**ساله کوردە**
**رووداو- سوێد**

فەواز، 22 ساڵ، لە کۆمەڵکوژیەکەی دەوڵەتی ئیسلامی داعش رزگاری بووە و دەڵێت: لاشەکان بەسەرمدا دەکەوتن.

پیاوەکانی داعش، پیاوە ئێزیدیەکانیان جیادەکردەوە و ریزیان دەکردن و دەیانکوشتن. من بەهۆی لاشە بێگیانەکانەوە رزگارم بوو، ئەوە قسەی فەوازی 22 ساڵانە.

فەواز سەفوان، کرێکاری بیناسازییە و تازە ژنی هێناوە، خەونی بەوەوە دەبینی کە خێزان پێکەوە بنێت. کاتێک تیرۆریستەکانی داعش لە گوندەکەیان نزیکدەبنەوە کە دەکەوێتە رۆخی شاری شەنگالەوە، ئیدی گوندییەکان بەرەو چیاکە هەڵدێن، نزیکەی 200 منداڵ و پیاو و ژن.

دوای دوو کاژێرێک پیاوە ریشدرێژە جل رەشەکان دەگەنە سەریان.

"ئێمە دەتانگوازینەوە بۆ شوێنێکی دیکە، سوێند بە خوا هیچتان لێناکەین"، ئەوە قسەی یەکێک لە پیاوە ریشنەکان بوو.

فەواز بڕوای پێدەکات، "ئاخر چۆن دەبێت یەکێک خۆی بە موسڵمان بزانێت و بەڵێنەکەی بشکێنێ؟".

پیاوە چەکدارەکان دەستیان بە جیاکردنەوەی ژن و منداڵەکان کرد. لەبەردەم براکەی فەواز رادەوەستن کە تەمەنی تەنیا 16 ساڵان بوو.

"ئەوە منداڵە"، یەکێک لە پیاوەکان دەڵێت. بەڵام یەکێکی دیکەیان لێی دەچێتە پێشەوە و دەستی دەگرێت و دەڵێت: "نەخێر، ئەمە پیاوێکی تەواوە".



فەواز بەچاوی خۆی دەبینێ کە چۆن ژنە 18 ساڵییەکەی و دایک و سێ خوشکەکەی لەلایەن چەکدارەکانەوە دوورخرانەوە.

دوای ئەوە پیاو و مێرمنداڵەکانیان بە ئاراستەیەکی دیکەدا برد. دوای چەند کیلۆمەترێک رۆیشتن، فەرمانیان پێدەکەن کە لە بەردەم لێڕەوارێکدا بوەستن و ئەمریان پێدەکەن کە ریزبن و بچەمێنەوە! فەواز هەتا ئەو کاتەش نەیدەزانی چی روودەدات، گوێی لە پیاوەکان بوو کە دەیانژماردن: دوو، سێ، چوار ...

فەواز ژمارە 68 بوو. پیاوە چەکدارەکان مۆبایلەکانیان دەردەهێنن و دەست بە وێنەگرتن دەکەن.

"بینیم هەموویان یەک مۆدێلیان پێبوو، سامسۆنگ گالاکسی". فەواز وا دەڵێت. هەتا ئەو کاتەش ئەو هەر لەوە حاڵی نەدەبوو کە مەبەستیان چییە. تا ئەوکاتەی پیاوەکان چەکە ئۆتۆماتیکییەکانیان سوار کرد و دەستیان بە تەقەکردن کرد.

"یەک بە دوای یەکدا لاشەکان دەکەوتن"، فەواز فرسەتێک دەهێنێ و خۆی هەڵدەدات.

"بەسەر بەردەکاندا کەوتم و لاشەکان بەسەرمدا کەڵەکە دەبوون. هیچ خۆم نەجوڵاندەوە.. خەیاڵم لای برا بچکۆلەکەم و باوکم بوو.. دەبێت خۆیان رزگار کردبێت؟".

پیاوەکانی داعش بەسەر سەریانەوە بوون و هاواریان دەکرد، زیاتر لە یارییەکی پلەیستەیشن دەچوو، فەواز وا دەڵێت.

لە کۆتاییدا دوای نیو کاژێر، هەموو شتێک خامۆش بوو. فەواز باوک و برا بچکۆلەکەی بە مردوویی دەبینێتەوە. تەنیا گوندییەکی دیکە رزگاری ببوو. ئەوان بەیەکەوە لەو شوێنە دووردەکەونەوە و دەچنە سەر کانییەک، تێر ئاو دەخۆنەوە و دەموچاویان دەشۆن و دەڕۆن.

لەسەر چیاکە فەواز خزمێکی دبینێتەوە، مۆبایلێکی رەنگ شینی دەداتێ، کورتە نامەیەک بۆ ژنەکەی دەنێرێت.

دوو رۆژ دوای ئەوە، ژنەکەی تەلەفۆنی بۆ دەکات.

"ئێمە ماوین.. بەڵام لەلایەن داعشەوە گیراوین".

فەواز ئەو کورتەنامانەمان نیشان دەدات کە لەلایەن ژنەکەیەوە بۆی نێردراوە. مەسجەکان کورتن، ناوی ئەو شوێنانەی تێدایە کە ژنەکەی و دایکی و خوشکەکانی پێدا دەڕۆن. ئەو شارانەی کە دەیانگوازنەوە بۆیان.

ئیدی ئەو وەکو جاران تەلەفۆن ناکات، دەیەوێت شەحنی باتریەکەی تەواو نەبێت. پەیوەندییەکەی دوێنێ شەوی زۆر کورت بوو.

"دوو دوو و سێ سێ کچەکان دەبەن و پاش چەند کاژێرێک دەیانهێننەوە، بەڵام هەتا ئێستا هیچیان لە ئێمە نەکردووە" ژنەکەی بە چرپە ئەوە بە فەواز دەڵێت.

کەس نازانێت لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا، چەند کەسی مەدەنی بەدەستی داعشییەکان کوژراون. یان چەند ژن و منداڵ لەلایەن داعشەوە رفێندراون. وەحشیگەری داعش بەرامبەر کەمینەکان هەموو سنوورێکی بەزاندووە.

پێنجشەمەی رابردوو، نەتەوە یەکگرتووەکان، دەستدرێژییەکانی داعشی بە "کارێکی وەحشیانە" ناوبرد.

فەواز بە نینۆکەکانی تۆزێک شاشەی تەلەفۆنەکەی دەکرێنێت.

شتێکی سەیر بە روخساریەوە دیارە.

ئەو لە خێوەتگەیەک لە نزیک شاری زاخۆ بە نائارامی لە ژێر خێمەیەکدا دانیشتووە.

توانای ئەوەی نییە هەموو ئەو شتانەی بە چاوی خۆی بینیویەتی لە نوکەوە بگێڕێتەوە.

لەو ماوەیەدا بە بێدەنگی دانیشتووە و بیر لەو رووداوانە دەکاتەوە کە زیاتر لە خەیاڵ دەچن.

بە پەنجەکانی مۆبایلە نۆکیا شینەکەی ناودەستی دەگوشێت، لە چاوەڕوانیی ئەوەی کە جارێکی دیکە زەنگێکی بۆ لێبدەنەوە.

***سەرچاوە: ئافتونبلادتی سوێدی**

# "دایە، پیاوە ریشدرێژەکان ئێمەیان بردووە"



**ساله کوردە**
**رووداو- سوێد**

دوانزدە رۆژ بەسەر گرتنی شاری شنگال لەلایەن داعشەوە تێپەڕیوە. هێشتا پەنابەرانی کوردی ئێزیدی بەدوای پەناگەیەکدا دەگەڕێن خۆیانی تێدا بپارێزن.

لە هەموو شارێک، لە هەموو دۆڵ و نەواڵێک، تەپۆڵکەیەک، قوتابخانە چۆڵەکان و کەمپ و کارگەکان، رووبەڕووی چاوە پڕ لە فرمێسک و تۆقیوەکان دەبینەوە. چیرۆکەکان هێندە کارەساتبارن کە توانای گێڕانەوەیان نییە.

نۆفە عیدۆی تەمەن 36 ساڵ لەگەڵ مێردەکەی و نۆ منداڵ لە گوندێکی نزیک شەنگالەوە دێن، ئەوان خەریکی بەخێوکردنی مەڕ و بزنەکانیان بوون و ژیانێکی سادە دەژیان، بەڵام ژیانێکی باش.

کاتێک تیرۆریستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە 3ی ئابدا پەیدا بوون، ئەوان ئاگایان لە هیچ نەبوو. ئەو جێبانەیان دەبینی کە ئاڵای رەشیان هەڵکردبوو و بەرەو رووی کێڵگەکەی ئەوان دەهاتن. پیاوە رێشدرێژە چەک بەدەستەکان خۆیان کرد بەژووردا، مێردەکەی نۆفە هاواری کرد: ئێمە تەسلیم دەبین.

هەردوو جمکی تەمەن دوو ساڵە، دڵشاد و هەرمان، لە باوەشی دایکیاندا خۆیان دەشاردەوە.

یەکێک لە پیاوەکان هاواری کرد: "ئێمە ئاگامان لە منداڵەکانتان دەبێت"، پاش کەمێک لە باوەشی دایکیان دەردەهێنن.

"من بەتەواوەتی تۆقیبووم، نەمدەزانی چی بکەم. بیرمکردەوە ئەگەر رابکەم، تەقەمان لێدەکەن و دەمانکوژن، ئەگەر بیشمێنینەوە هەر دەمانکوژن" ئەوە قسەی نۆفەیە.

منداڵە سێ مانگیەکەی هەڵدەگرێت، کچەکانی هەیمان و سێڤەی 7 ساڵان، دڵگەشی 5 ساڵان دوای دەکەون و رادەکات، هەتا دەگەنە ئەو دۆڵەی کە ئیدی گوللەی پێ ناگات.

"ئیدی مێردەکەم و جمکەکە و چوار کچمان، بێ سەروشوێن بوون، تەنیا ئێمە ماینەوە".

دوای دوو رۆژ کچە 10 ساڵییەکەی تەلەفۆنی بۆ دەکات کاتێک ئەوان لەسەر چیای شنگال دەبن و پێیدەڵێ: "دایە، پیاوە ریشدرێژەکان ئێمەیان بردووە".

دوای ئەوە دەنگیان نەماوە. نۆفە و منداڵەکانی بە تینوێتی و برسێتی ماوەی 8 رۆژ بەربەرەکانێی مەرگیان کردووە. هەیمانی تەمەن 3 مانگ هەتا دەهات لاوازتر دەبوو، چونکە شیری دایکی چۆڕایی لێبڕابوو. ئیدی ئەوان گەیشتبوونە شارێکی دیکەی کوردستان، بەڵام تازە درەنگ بوو.

هەیمان ئیدی نەیتوانی چیدی هەناسە بدات. ئەو دایکە هەتا بەرەبەیان بەدیار لاشەی منداڵە مردووەکەیەوە دادەنیشێت، بۆ بەیانی رۆژی دواتر بەخاکی دەسپێرن.

فرمێسکەکان بەسەر لەچکە نەشۆردراوەکەیدا دەهاتنەوە خوارەوە. هەر کە نۆفە دەستدەکات بەگریان، سێڤە و دڵگەش خۆیان لە دایکیان هەڵدەسوون، هەروەکو چۆن خوشک و براکانیان لە کاتی هاتنی تیرۆریستەکاندا دەیانکرد.

نۆفە دەڵێت: "ئیدی فرمێسکەکانم وشکایان هاتووە".

چیدی بێ مانایە پرسیاری منداڵ و پیاوەکەی لێبکەین، هەواڵەکانی وەحشیگەری کە لە ناوچەکانی بندەستی تیرۆریستانەوە دێن، خۆیان قسەی خۆیان دەکەن.

تەماشایەکی ئەو حەشاماتە دەکەم کە بەو ناوەدا بڵاوبوونەتەوە.. بیردەکەمەوە دەبێت چەند پەنابەری دیکە هەمان چارەنووسیان هەبێت؟

دەبێت نۆفە چەند چیرۆکی دیکەی لە هەگبەدا بێت و بیەوێت باسیان بکات؟

نۆفە لەناو خەڵکەکەی دیکەدا پاڵی بە دیوارێکەوە داوە و دەلەرزێت، بەڵام ئیدی فرمێسکەکانی وشکاییان هاتووە.

***سەرچاوە: ئافتونبلادتی سوێدی**

# فەرمانا 73

**کاوە ئەمین**
**رووداو- سلێمانی**

قڕکردن و تواندنەوە، ئەوەی پێیدەگوترێ ئاسیمیلە و جینۆساید، لای کوردی ئێزیدی پێیدەگوترێ "فەرمان". وەکو ئێزیدییەکان خۆیان دەڵێن، ئەوەی ئێستا لە شەنگاڵ روودەدات "فەرمانی 73"هەمینە. ئاخر ئەوە یەکەمجار نییە کوردی ئێزیدی رووبەڕووی جینۆساید دەبنەوە. لەسەردەمی عوسمانییەکاندا چەندین جار کۆکوژ کراون، رەنگە دیارترینیان کە کورد خۆی بەشداری تێدا کردبوو، لەلایەن محەممەد پاشای رواندزەوە لە ساڵی 1831 و 1833 بووبێ، ئەو رووداوە پەڵەیەکی رەشە بە تەوێڵی مێژوومانەوە. ئەوەی ئێستا لەدژی ئێزیدییەکان دەکرێت، دووبارەکردنەوەی فەرمانەکانی پێشووە، بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ دەکرێت جیاوازە لەوانەی پێشوو، ئێستا بەدیار چاوی هەموو جیهانەوە جینۆسایدێک بەڕێوەدەچێت کە دەکرێت بە هۆلۆکۆستی ئێزیدییەکان ناوزەد بکرێت.

کاتێک بۆ ئامادەکردنی فیچەرێک سەردانی خانەوادەیەکی ئێزیدیم کرد کە ئاوارەی دەڤەری شاربازێڕ بوون و گوێم لە چیرۆکەکانیان بوو، ئیدی بەتەواوەتی بۆم دەرکەوت کە کوردبوون چ ئازارێکە.

ئاپێ سالم حەجی، پیاوێک بەخۆی و سمێڵە گەورەکەیەوە لە ژێر عەگالێکی عەرەبیدا، بە چاوە سەوزە زیتەڵەکانی تەماشای بەشێک لە نەوەکانی دەکرد کە لە ژێر دەستی داعش رزگاریان بووە. بە قورگێکی پڕ لە گریانەوە دەڵێت: "ئەمە فەرمانە فەرمان، بەڵام ئەمەیان زۆر جیاوازترە لەوانی دیکە، پێشتر هێرشێکیان دەهێنا و 20 تا 100 کەسیان دەکوشت، بەڵام ئەمڕۆ تەنانەت ژنەکانیشمان دەبەن و تەجاوەزیان پێدەکەن، داوامان لێدەکەن دینەکەی خۆمان بگۆڕین. داوامان لێدەکەن سووک و ریسوا و زەلیلی دەستی داعشییەکان بین".

شەنگال یەکێکە لە شوێنەکانی چڕبوونەوەی ئێزیدییەکان و چیای شەنگالیش وەکو پاڵپشتێکی هەمیشەییان وابووە، ئیدی ئەو پەندە کوردییەی کە دەڵێت "چیاکان تەنیا هاوڕێمانن" چەند جارێکە بەهانامانەوە نایەن، جارێک دڕندەیی بەعسییەکان و چەکی کیمیاوی و ئێستاش لە دڕندەیی دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریستی داعش کە باشترین چەکیان لەبەردەستە، ئەوەش دوای ئەوەی سوپای عێراق بەبێ تەقە هەموو چەکە ئەمریکییەکانیان بۆ بەجێهێشتن. تراژیدیای چیای شەنگال نە بەوێنە و نە بە وشە ناگێڕدرێتەوە. ئەگەرچی ئێزیدییەکان خۆیان بە برای موسڵمانەکان دەزانن و پێیانوایە کە ئەوەی بەسەر ئەوانیدا دەهێنن، رەوشتێکی ئیسلامیانە نییە و دوورە لە ئاینی ئیسلام، بەڵام هەموو جارێک لە ژێر ناوی ئیسلامدا لەخاچ دەدرێن، رەنگە ئەمە دوا لەخاچدانی ئێزیدییەکان نەبێت، بەڵام گەڕانەوەی هەندێک لە ئێزیدییەکان کە ئەوان بە گەڕانەوە لە دۆزەخ دەیگێڕنەوە، نەوە دوای نەوە دەگێڕدرێتەوە، ئیدی داعشییەکان دەبن بە گورگانەشەوێی گوێ ئاگردان و تاشە بەردەکانی شەنگال.

چیرۆکی ئێزیدییەکان ئێستا بووەتە بابەتی گەرمی میدیا جیهانیەکانیش. رۆژنامەیەکی سوێدی چیرۆکی منداڵێکی تەمەن 10 ساڵان دەگێڕێتەوە کە لە کاتی هاتنی چەکدارانی داعشدا لە دایک و باوکی بزر دەبێت، چیرۆکێکە ویژدانی هەموو مرۆڤێک دەهەژێنێت "سەیارە بە دوای سەیارەدا دێت، بەڵام وێدەچێت چیاکە خاڵی نەبێتەوە لە خەڵک".

منداڵێک کە سەر بە هیچ یەکێک لە خانەوادەکان نەبوو، نەوافی تەمەن 10 ساڵان، کاتێک تیرۆریستەکان روودەکەنە شەنگال ئەو لە دەرەوە دەبێت و لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا یاری دەکات.

نەواف بە حەپەساوییەوە شتەکان دەگێڕێتەوە، هەموو کەس رایدەکرد، پیاوێک هاواری کرد و پێیگوتم راکە بەرەو شاخەکە! نەواف هەر رادەکات و رادەکات، ئیدی تێدەگات کە لە خێزانەکەی دابڕاوە. دوای دوو رۆژ، ماڵێک دەبینێتەوە کە خەڵکی هەمان گوند بوون، ئیدی نەواف تا ئێستاش باوک و دایکی و چوار خوشک و برای نەدیوەتەوە. ئەو تەنیا یەک شت دەپرسێت: کوا دایکم؟ کوا باوکم؟ کوا خوشک و براکانم؟

کاتێکیش بە تەلەفۆن دەیەوێت پەیوەندییان پێوە بکات، ژمارەکان بەردەست نین و لە دەرەوەی بازنەن، ئێستا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ رۆژێک دێت ئەوان بێنەوە ناو بازنە، بازنەی لەئامێزگرتن و ژیان؟

نەواف بە دڵێکی پڕەوە لە لۆرییەکان دەڕوانێت و چاو دەگێڕێت بەڵکو سۆراخێکی خێزانەکەی بکات، بەڵام تەنیا فرمێسکەکانی زیاد دەکات.

بە قوڵپی گریانەوە روودەکاتەوە چیای شەنگال و دەڵێت: لە هیچ شوێنێک ناتانبینم، لەهیچ شوێنێک ناتاندۆزمەوە، ئێوە لە کوێن؟"

بەڵێ دەبێت چەند منداڵی وەکو نەواف لە چاوەڕوانی دایک و باوکیاندا تەماشای چیای شەنگال بکەن و هەمان شت دووبارە بکەنەوە! ئێزیدییەکان شەنگال بە دڵی کوردستان ناودەبەن، ئێستا ئەو دڵە خەریکە لە لێدان دەکەوێت، دەبێت رۆژێک بێت باجی دۆڕاندنی شەنگال بدرێت، چونکە شەنگال بەرگەی فەرمانی 74هەمین ناگرێت.



ڕووداو
ژمارە (322) دووشەممە 2014/8/18

لە مەملەکەتی داعش

# "کچە جوانەکان هەڵدەبژێرن و بۆ ئەمیرەکانیان دەبەن"

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

کچێکی کوردی ئێزدی کە ئێستا لە دەست چەکدارانی داعشدایە، دەڵێت چەکدارەکان ڕۆژانە چەند جارێک دێن بە ناویاندا دەگەڕێن و کام کچ جوانە هەڵیدەبژێرن و بۆ ئەمیرەکانیان دەبەن.

"ڕۆژانە سێ چوار جار چەکدارەکان دێنە هۆڵەکە، هەموو کچ و ژنەکان هاوار دەکەن بمانکوژن با ڕزگارمان بێت لە دەستتان، بەڵام ئەوان بەناوماندا دەسووڕێنەوە، چەند کچێکی جوان هەڵدەبژێرن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن". ئەمە دیمەنی نێو یەکێک لە زیندانەکانی ژێر دەستی داعشە لە پارێزگای نەینەوا کە ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە.

زیندانەکە بریتییە لە هۆڵێکی گەورە لە نزیک قەزای بەعاجی سەر بە پارێزگای موسڵ کە نزیکەی 200 کچ و ژنی ئێزدی تێدایە.

ئەو کچ و ژنانە کە زۆربەیان دانیشتووی کۆمەڵگەکانی گرعوزێر و سیبا شێخ خدری سەر بە قەزای شنگالن، ڕۆژی 3/8/2014 کەوتنە دەست چەکدارانی داعش، دوای ئەوەی لە ناکاو هێرشیان کردە سەر قەزای شنگال و گوند و کۆمەڵگەکانی دەوروبەری.

(ڕووداو) توانی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە قسە لەگەڵ یەکێک لەو کچانە بکات کە ئێستا لەژێر دەستی چەکدارانی داعشدایە. ئەو کچە سەرەتا باسی ئەوەی کرد کە چۆن کەوتوونەتە دەستی چەکدارەکان "ئێمە لە کۆمەڵگەی گرعوزێر بووین کە چەکدارەکان هاتن و نەمانتوانی ڕابکەین، ئەوان دەستیان کرد بە ڕەشبگیری، ژن، پیاو، منداڵ، گەورە و گچکە هەموویان دەستگیر دەکرد، دواتر ئێمەیان بردە نێو سەنتەری قەزای شنگال، لەوێ کچەکان و ژنەکانیان لە پیاوەکان جیاکردنەوە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە چالاکڤانان و پیاوانی ئاینی ئێزدی دەست (ڕووداو) کەوتوون، تاوەکو ئێستا چارەنووسی نزیکەی 2000 کەسی ئێزدی نادیارە کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیرکراون.

ئەو کچە ئێزدییە گوتی "ئێمە نزیکەی 200 کچ بووین کە جیایان کردینەوە، دواتر بە پیکاب ئێمەیان گواستەوە جێگایەک لە نزیک قەزای بەعاج".

ئەو کچە بە گریانەوە چەند جارێک ناونیشانی تەواوی شوێنەکەی خۆیانی دایە (ڕووداو) و هاواری کرد "توخوا ناونیشانەکەمان بدەنە فڕۆکەوانەکان با بۆردومانمان بکەن و ڕزگارمان بێت لەو دۆزەخە". ئەو کچە کە گوتی تەمەنی 24 ساڵە و ناوەکەی لەلای (ڕووداو) پارێزراوە، قسەی زۆری هەبوو بیکات، بەڵام زوو زوو گریان قسەی پێدەبڕی. ئەو کچە شاهیدی تراژیدیایەکی گەورەیە کە لەلایەن چەکدارانی خەلافەتەوە بەرەوڕووی کەمینەی ئێزدی بووەتەوە.

ئەو دەڵێت "ڕۆژانە چەکدارەکان دێن بە ناوماندا دەگەڕێن، دوو تا سێ کچی جوان لەگەڵ خۆیان دەبەن، کچەکان کە دەگەڕێنەوە فرمێسک بە چاوەکانیاندا دێتە خوارەوە، کە دێنەوە دەست لە ئەژنۆیان وەردێنن و سەریان شۆڕ دەکەنەوە". گوتیشی "چەکداران ئەو کچانە بۆ ئەمیرەکانیان دەبەن و ئەوانیش دەستدرێژییان دەکەنە سەر".

کاتێک (ڕووداو) بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ ئەو کچە دەکرد، بە دەنگێکی نزم گوتی "بڕۆ بڕۆ ئەوا هاتن"، یەکسەر پەیوەندییەکەی پچڕاند، دواتر دووبارە (ڕووداو) پەیوەندی پێوە کردەوە.

کچەکە گوتی "ئێمە لە هۆڵێکی گەورەداین، خواردنمان باش نییە، هەرچەندە هیچیشمان پێناخورێت". هەروەها گوتی "تاوەکو ئێستا چەند کچێک خۆیان کوشتووە، تەنانەت ئەمڕۆ کچێک بە دەسماڵەکەی، خۆی خنکاند".

ئەو کە چەند خولەکێکی کەم قسەی کرد، بەردەوام هاواری دەکرد "فریامان بکەون". ئەو گوتی "داوا لە ئەمریکا و ئەورووپا و هەر کەسێک دەکەم کە دەنگی ئێمەیان دەگاتێ، بە هانای ئێمەوە بێن.. ئێمە لە دەستی ئەم زاڵمانە قورتار بکەن".





# بۆردومان دوو گوندی ئێزدی لە کۆمەڵکوژی ڕزگارکرد



نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف، هیوایەکی زۆری هەیە کە سەردانی نوێنەری پاپای ڤاتیکان کۆتایی بە مەینەتی مەسیحییەکان بهێنێ و ڕۆژئاوا بێنە سەر هێڵ بۆ دەستگیرۆیی و پشتیوانی جددی لە باشووری کوردستان، دەشڵێت " ئێستا هیچ خێزانێکی مەسیحی لە سنووری پارێزگای نەینەوا نەماون". بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئێزدییەکانیش 3 داواکارییان خستووەتە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە باشووری کوردستان باری نائاسایی ڕاگەیاند بەوپێیەی ئێستا یەکەمین ناوچەیە لەسەر ئاستی جیهان کە ژمارەی ئەو ئاوارانەی ڕوویان تێکردووە، نزیکەی نیو هێندەی ژمارەی دانیشتووانەکەی خۆیەتی. دەیان هەزار خێزانی ئاوارە بەهۆی ئاین و مەزهەب و نەتەوە چاویان لەوەیە حکومەتێک بیانژیێنێ کە بۆخۆی ماوەی نزیکەی هەشت مانگە لەلایەن بەغداوە بودجەی بڕاوە.

## "دەکراینە کەنیزەک"

لەنێو کڵێساکانی سلێمانی، ژمارەیەکی زۆر خێزانی مەسیحی بەتانییان کردووەتە دیواری جیاکردنەوەی خێزانەکان و سەریان بەیەکدا کردووە. یەکێک لە ژنەکان منداڵێکی بە باوەشەوەیە و دەگری، وەک بڵێی هێشتا دەترسێ لەدەستی دەربێنن، منداڵەکەی توند بە باوەشەوە گرتووە "ئێمە تەنیا لە ترسی کوشتن هەڵنەهاتین، دەترساین کچ و ژنەکانمان لەدەستبدەین".

جاندارک ئەلیاس،دەڵێ ئەو چەکدارانەی پێیاندەگوترێ داعش "نازانن ئابڕوو چییە"، ئینجا بە چاوە فرمێسکاویەکانییەوە دەپرسێ ، لە کەرامەت و ئابڕوو گرنگتر هەیە بۆ مرۆڤ؟ ئەوان چەندین ژن و کچی ئێزدییان دەستگیرکرد و بردنیان بۆ سووریا "قسەیان لەگەڵ ناکرێ، کچەکان دەبەن و بەزۆر لە خەڵکی دیکەیان مارە دەکەن".

یەکێکی دیکە لە کچەکان کە لەگەڵ خێزانەکەیدا لە ئەلقوشەوە ئاوارەبوون، گلەیی لەو عەرەبانە دەکات کە بە درێژایی چەندین ساڵ لە ناوچەکەیاندا ژیاون و دراوسێیان بوون، چونکە وەک ئەو دەڵێ ، بەگەیشتنی داعش بوونە هاوکار و ڕێنیشاندەریان و داعشیش هەموو ئەو شتانەی لەگەڵ بەشدەکردن کە دەستی بەسەردا دەگرتن "تەنانەت ئەگەر دەستیان بەسەر کچان و ژنانی مەسیحیشدا بگرتایە، ڕەنگە بیانکردینایە بە کەنیزەکی دراوسێکانمان".

## "داعش کڵێسا ناتەقێنێتەوە"

ئیرۆن موئەیەد، گەنجێکی ئاوارەی مەسیحی و خوێندکاری زانکۆی موسڵە، ئەو بەردەوام لە چارەنووسی تاقیکردنەوەکانی خۆی دەپرسی "ئایا چارەنووسی خوێندنی ئێمە بەکوێ دەگات"، ئەو باسی ناهەمواریيەکانی ژیانی خۆی دەکرد کە چۆن بە درێژایی ساڵان لەگەڵ هاوڕێکانیدا بە نێو تەقینەوە و مەترسیدا دەگەیشتنە زانکۆ، بەڵام هەر کۆڵی نەدا و خوێندی "ئێستا 2 تاقیکردنەوەم ماوە، من خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی بووم، ئایا ئیتر ساڵەکەم بەفیڕۆ چوو؟".

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرێتی کاروباری مەسیحیان لە وەزارەتی ئەوقاف، 14 هەزار خێزانی مەسیحی لە دەشتی نەینەواوە ئاوارەی هەرسێ پارێزگاکەی باشووری کوردستان بوون.

خالید جەمال ئەلبیر، بەڕێوەبەری کاروباری مەسیحیان لە وەزارەتی ئەوقاف دەڵێ، هەوڵدەدەین چارەسەر بۆ خوێندنی مەسیحییەکان بدۆزینەوە و لەشوێنی گونجاو نیشتەجێیان بکەین و دواتر باسی هاتنی نوێنەری پاپای ڤاتیکانی کرد "لەمێژووی خۆیدا ئەوە یەکەمین جارە پاپا پشتیوانی شەڕ بکات، ئەویش بۆ بەرگری لە کوردستانە، بۆیە ئێستا دەستی بەهەڵمەتێک کردووە لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاوا، تاوەکو هاوکاریی کوردستان بکرێت".

ئەو دەڵێ 6 کڵێسای مەسیحییەکان لە نەینەوا و دەشتی نەینەوا کەوتوونەتە دەست داعش بەڵام نەتەقێنراونەتەوە، لەکاتێکدا شوێنە ئاینییەکانی ئێزدیان دەتەقێنرێنەوە "ئەوان کڵێساکان وەک دەستکەوتی جەنگ سەیر دەکەن".

## "مەرجەکانی مانەوە لای داعش"

مەرجەکانی مانەوە لەو ناوچانەی ئێستا لەژێر قەڵەمڕەوی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش) دان، بۆ ئێزدییەکان قورسترە تاوەکو مەسیحی و نەتەوە و مەزهەبەکانی دیکە، چونکە وەک خەیری بوزانی باسیدەکات، داعش بێبەزەییانە مامەڵە لەگەڵ ئێزدییەکان دەکات و تەنیا 2 ڕێگای خستووەتە بەردەمیان، لە کاتێکدا 3 ڕێگایان بۆ مەسیحییەکان هێشتووەتەوە.

خەیری بوزانی، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەڵێ، بەئێزدییەکان گوتراوە "یان ببنە موسوڵمان یان دەکوژرێن". ئەو باسی دوایین کۆمەڵکوژیی دانیشتووانی گوندی کوجۆی کرد کە ڕۆژی 15ی ئاب سەرجەم پیاوەکانی ئەو ئاواییە کۆمەڵکوژ کران و ژن و منداڵەکانیشیان وەک دەستکەوتی جەنگ بردران "3 گوندی کوجۆ، نسێری، حاتمیە گەمارۆ درابوون و پێیانگوترابوو لەو ماوەیەی بۆیان دیاری کراوە ئەگەر موسوڵمان نەبن دەکوژرێن، چەند ڕۆژێکی تریان بۆ دانیشتووانی گوندی کوجۆ درێژکردبووەوە، دوای ئەوەی ڕازی نەبوون ئاینی خۆیان بگۆڕن، کوژران".

لەبارەی دوو گوندە گەمارۆدراوەکەی دیکەوە کە ئەوانیش چاوەڕوانی تەواو بوونی وادەکەیان بوون بۆئەوەی کۆمەڵکوژ بکرێن، بوزانی گوتی فڕۆکە ئەمریکییەکان بۆردومانی دەوروبەری گوندی نسێری و حاتمیەیان کرد و چەکدارەکان پەرش و بڵاو بوون، بۆیە خەڵکەکە دەرفەتیان وەرگرت و بەرەو چیا هەڵاتن، چونکە لە چیاوە نزیک بوون، بەڵام گوندی کوجۆ لە چیاوە دوور بوون و نەیانتوانی هەڵبێن".

بەڵام بۆچی مەسیحییەکان بەوشێوەیە کۆمەڵکوژ نەکران؟ هەرچەندە خالید جەمال ئەلبیر دەڵێ هۆیەکە ئەوەبووە کە مەسیحییەکان زووتر فریای خۆیان کەوتوون و هەڵاتوون، بەڵام یەکێک لەو ژنە مەسیحییە ئاوارانەی لەگەڵ هاوسەرەکەی کەوتبووە دەست چەکدارانی داعش و دواتر ئازاد کرابوو، دەڵێ "پێیانگوتین ئێوە نەسرانین و دەتوانن بڕۆن". خەیری بوزانی دەڵێ "ئەوان پێیانوایە ئێزدییەکان خاوەنی کتێبی ئاسمانی نین و هەرئەوەش وای لێکردوون وەک مەسیحییەکان ڕێگەی سێیەمیان لەبەردەم نەبێت کە جێهێشتنی شوێنەکانیانە".

## "ئێزدی 3 داواکارییان هەیە"

ئێزدییەکان دەڵێن لە مێژووی ئێزدایەتی خۆیاندا ڕووبەڕووی زۆر مەینەتی و پاکتاوی ئاینی بوونەتەوە، بەڵام کارەساتی شنگال لوتکەی مەینەتییەکانی ئەوانە و برینێکە ناتوانرێ لەبیربکرێ.

ئێستا هەموو ئەو ئێزدییانەی توانیویانە لەدەست داعش هەڵبێن، ئاوارەی باشووری کوردستان بوون و بەشێکیشیان لە ڕۆژئاوای کوردستان گیرساونەتەوە. ئایا چارەنووسی ئەوان بەکوێ دەگات. لە کوردستان دەمێننەوە یان بەرەو ئەورووپا کۆچ دەکەن؟

خەیری بوزانی دەڵێ "هەرێمی کوردستان تاکە وڵاتی دنیایە کە پشتیوانی لە ئێزدییان بکات"، لەبەر ئەوەی هیچ وڵاتێکی دونیا نییە پێڕەوی ئاینی ئێزدی بکات. لەبارەی داواکارییەکانی ئێزدییانیش کە خراوەتە بەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەڵێ کە داوایانکردووە:

1 ـ ئەوانەی ماون بهێنرێنەوە و یارمەتی مرۆییان پێشکەش بکرێ و بەباشترین شێوە شوێنیان بکرێتەوە

2 ـ ڕێگەیان بدرێ بچنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و لە دەرەوە نیشتەجێ ببن

3 ـ یان هێزێکی نێودەوڵەتی پاراستنیان لە ئەستۆ بگرێ.

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (322)  دووشەممە  2014/8/18

## کچانی شیناوێ یەخەی ڕووحانیان گرتەوە



**ڕووداو- تاران**

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، 12 کچە قوتابیی گوندی شیناوێی سەر بە شاری پیرانشار، بۆ جارێکی دیکە لەبەر دەم دەفتەری سەرکۆماریدا مانیان گرت. باوکی یەکێک لەو کچە قوتابییانە ڕایگەیاند، هەتا ئێستا هیچ خەسارەتێکیان بۆ قەرەبوو نەکردووینەتەوە و هیچ کام لە بەڵێنییەکانیش نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. ڕۆژی 2014/12/5، 37 کچە قوتابیی گوندی شیناوێی سەر بە پیرانشار بەهۆی گڕ گرتنی سۆبەی نەوتیی قوتابخانەکەیانەوە، تووشی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەو سووتانی جەستەیی بوون و لە ئەنجامدا دوو کچە قوتابیی بەناوەکانی سەیران یەگانە و سارینا ڕەسووڵزادە، گیانیان لەدەست دا.

### بەپێی یاساکەی PYD بۆ پارتە سیاسییەکان

# هیچ حیزبێک لە ڕۆژئاوای کوردستان نامێنێت

## پارتەکانی ENKS مۆڵەتی کانتۆنەکانی PYD قبوڵ ناکەن




**عومەر کالۆ**
**ڕووداو- کۆبانێ**

پارتەکانی نێو ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا دان بەو یاسایەدا نانێن کە کانتۆنەکانی بن دەسەڵاتی PYD دەریانکردووە بۆ مۆڵەتدان بە کارکردنی حیزبەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام چەند پارتێکی نزیک لە PYD مۆڵەتی کارکردن لە کانتۆنەکان وەردەگرن.

ئەنجوومەنی یاسادانانی بەڕێوەبەرایەتی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، یاسای پارتە سیاسییەکانی پەسەند کرد کە ڕۆژی 2014/4/17 لەلایەن ئەنجوومەنی یاسادانانەوە دەرچووە. ئەو یاسایە لە ڕۆژی 2014/8/14 کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەمەودوا هەر پارتێک لە سنووری قەڵەمڕەوی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کار بکات، دەبێت مۆڵەت لە لایەنی پەیوەندیدار وەربگرێت. هەر حیزبێکیش بەبێ مۆڵەت کار بکات، ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوە و جگە لە داخستنی بارەگاکەی، سزای ماڵیش دەدرێت.

ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا ENKS کە لە 12 پارتی کوردی پێکهاتووە و لە دەرەوەی ئیدارەی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە، پێیانوایە ئەو یاسایەی کانتۆنەکان هیچ خزمەتێک بە کورد ناکات لە ڕۆژئاوای کوردستان و بگرە کێشەی نێوان ئەوان و PYD لە ڕۆژئاوای کوردستان قووڵتر دەکاتەوە.

ئەوان دەڵێن کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕێگە بەهیچ گردبوونەوە و خۆپیشاندان و ئاهەنگ و چالاکییەکی حیزبی نادەن، ئەگەر لەلایەن خۆیان یان لەژێر سەرپەرشتی ئەواندا نەبێت.

سەرەڕای ڕەخنە و تێبینییەکانی پارتەکانی نێو ئەنجوومەنی نیشتیمانی لەسەر یاساکە، بەڵام بەرپرسانی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان زۆر پەسنی یاساکە دەدەن.

نیهاد ئەحمەد، هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانان لە کانتۆنی کۆبانێ بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "پێشتر 70%ی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا لەسەر یاساکە کۆبوونەوە و پەسەندیان کرد، بەڵام ئەمڕۆ خۆیان ناکەنە خاوەنی".

نیهاد ئەحمەد باسی سزای ئەو کەسانەی کرد کە پابەند نابن بە یاساکە و گوتی "پابەند نەبوون بە یاساکە سزای خۆی هەیە، یەکێک لەوانە سزای ماڵییە، هەروەها داخستنی نووسینگەکانیانە، هیواداریـن نەگەینە ئەو قۆناغە".

ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد کە سەرەتا لە 16 حیزب پێکهاتبوو، ئێستا ماونەتەوە 12 حیزب و 2 لەو حیزبانەی دەرچوون پشتگیری لە یاساکانی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن. بەڵام ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد بە هەموو شێوەیەک یاسای مۆڵەتی کارکردنی حیزبەکان ڕەتدەکەنەوە، چونکە دەڵێن تاکلایەنە دەرچووە.

موسا کونۆ، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سووریا (یەکێتی) لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "یاسای مۆڵەتی کارکردنی حیزبەکان، لەلایەن یەک لایەنەوە دەرچووە، بۆیە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە و دەبێت کۆدەنگیی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانی لەسەربێت". گوتیشی "هەندێک لەو یاسایانەی کانتۆنەکان دەریدەکەن هیچ خزمەتێک بە دۆزی کورد ناکەن و ناکۆکیی نێوان حیزبەکان قووڵتر دەکاتەوە".

بەپێی مادە 7ی یاساکە، هەر کەسێک داوای دامەزراندنی حیزب بکات، دەبێ بە نووسراو داواکارییەک پێشکەش بە سەرۆکی لێژنەی کاروباری پارتە سیاسییەکان بکات، بە مەرجێک داواکارییەکە ناو و واژۆی 100 کەسی دامەزرێنەری لەسەر بێت. هەروەها سەرچاوەی دارایی حیزبەکە ئاشکرا بکرێت.

ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە کانتۆنی کۆبانێ دەڵێت هەرچەندە هێشتا لەبارەی ئەو یاسایە لەلایەن بەرپرسانی کانتۆنەکەوە ئاگادار نەکراونەتەوە، بەڵام پێیانوایە یاساکە لە بەرژەوەندی گشتیدا نییە.

عوسمان موسلیم، بەڕێوەبەری ENKS لە کۆبانێ بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاستە چەک لە دەست PYD دایە و ئێمە ڕێزیان دەگرین، بەڵام هەموو شتێک دەبێت بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن بێت نەک بە هەڕەشە، ئەوان ئەگەر بیانەوێت بەهێزخۆیان لەسەر ئێمە بسەپێنن، ئەنجامەکەی خراپ دەکەوێتەوە".

تاوەکو ئێستا تەنیا 8 حیزب کە نزیکن لە PYD و بەشدارن لە بەڕێوەبردنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، مۆڵەتی کارکردنیان لە کانتۆنەکان وەرگرتووە.

هەرچەندە مۆڵەتەکەی کانتۆنەکان بۆ پارتە سیاسییەکان کە 45 ڕۆژ بوو تەواو بووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کاردانەوەیەکیان نەبووە بەرامبەر پارتەکان و هیچ بارەگایەک دانەخراوە.

بەر لە دەرچوونی ئەو یاسایە، زۆربەی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان-سوریا لەلایەن ئاسایشی PYDەوە داخراون.

یاسای پارتە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە 22 مادده پێکهاتووە، زۆر لە چاودێرانی دەرەوەی PYD پێیانوایە یاساکە کۆپییەکی یاسای پارتە سیاسییەکانی ڕژێمی سووریایە، بە کەمێک دەستکارییەوە. ئەوان پێیانوایە ئەو یاسایە ئازادیی کارکردنی حیزبەکان بە تەواوی بەرتەسک دەکاتەوە.

چاودێران زۆر تێبینییان لەسەر یاساکە هەیە، لەوانەش لە یاساکەدا جیاوازی لە نێوان هاووڵاتی و ئەوانەی نیشتەجێی ئەوێن و ناسنامەی ئەو وڵاتەیان نییە، نەکراوە.

هەروەها لە یاساکەدا هاتووە کە مەرجە حیزبەکان لەسەر بنەمای "یەکێتی نیشتیمانی" بەشداری لە پێشکەوتنی سیاسی بکەن، بەڵام ڕوون نییە مەبەست لە یەکێتی نیشتیمانی چییە، ئایا یەکێتی نیشتیمانی سووریایە، یان یەکێتی نیشتیمانی سێ کانتۆکە.

هەر بەپێی یاساکە، ڕێگە بە هیچ حیزبێکی ڕۆژئاوای کوردستان نادرێت هێزی چەکداری هەبێت، بەڵام PYD خۆی سێ باڵی چەکداری هەیە: ئاسایش، یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG و یەکینەکانی پاراستنی ژنان YPJ.

تێبینییەکی دیکەی چاودێرانی سیاسی لەسەر یاساکە ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک وشەی کورد، کوردستان، ڕۆژئاوای کوردستان، هەرێمە کوردییەکان لە یاساکەدا نەهاتووە.

بە بڕوای چاودێران یاساکە کۆسپ و تەگەرەی وای تێدایە، ئەگەر کاری پێبکرێت، ئەستەمە هیچ حیزبێک بتوانێت لە ڕۆژئاوای کوردستان کار بکات.

# سەرکەوتنی ئەردۆغان پرۆسەی ئاشتی خێراتر دەکات

**دەنیز سەرینجی**
**ڕووداو- کۆپنهاگن**

شارەزایانی سیاسی پێیانوایە سەرکەوتنی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمساڵدا، دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنی هەبێت لەسەر پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئەنقەرە و پارتی کرێکارانی کوردستان.

ئەردۆغان کە سەرۆکی پارتی دادوگەشەپێدانە، لە هەڵبژاردنی هەفتەی ڕابردوودا سەرووی 51%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

محەممەد نەجەفی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی دانیمارکی باشوور دەڵێت "بەدەستهێنانی دەنگەکان بەو ڕێژە زۆرە پەیامێکە بۆ ئەردۆغان کە بەڵێ دەتوانی لە پرۆسەی ئاشتی بەردەوام بیت".

لە هەنگاوێکی مێژووییدا کە پێگەی ئەردۆغانی لەناو کورددا بەهێزتر کرد، ئەردۆغان کە ئەوکات سەرۆک وەزیران بوو، مانگی ئاداری ساڵی ڕابردوو دەستپێشخەریی کرد و گفتوگۆی لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی بەندکراوی PKK دەستپێکرد.

گەورەترین ڕکابەری ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا ئەکمەلەددین ئیحسان ئۆغڵو بوو کە 38%ی دەنگەکانی برد. هەروەها سەلاحەددین دەمیرتاش کە نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی گەلانی دەکرد، 10%ی دەنگەکانی هێنا.

پرۆفیسۆر نەجەفی دەڵێت: "پرۆسەی ئاشتی دوو ئەکتەری هەیە، ئەکەپە و بزووتنەوەی کوردی. ئەم دووانە ئێستا بەهۆی هەڵبژاردنەوە پێگەیان بەهێزتر بووەو ئێستا دەتوانن لە دانوستاندنی ئاشتی بەردەوام بن".

حوسەین سەیهانلی ئۆغڵو، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی دیجلەی ئامەد، بە گەشبینییەوە دەڕوانێتە پرۆسەی ئاشتی و ئاماژە بۆ قسەیەکی سیاسەتمەداری کورد لەیلا زانا دەکات کە گوتبووی: "ئەردۆغان ئەو کەسەیە کە دەتوانێت ئەو گرێیە بکاتەوە". سەیهانلی ئۆغڵو دەڵێت: "ئەوانەی لایەنگری پرۆسەی ئاشتین لەو هەڵبژاردنەدا بەهێزتر بوون".

پەرلەمانی تورکیا مانگی ڕابردوو بڕیارێکی دەرکرد کە چوارچێوەیەکی یاسایی دەدات بە دانوستاندن لەگەڵ PKKدا، هاوکات حکومەتی پێشووی ئەردۆغان کۆمەڵێک مافی لەڕێگەی یاساوە بۆ کورد دابین کردووە، لەوانە گەڕاندنەوەی ناوە کوردییەکان بۆ گوندەکانی باکووری کوردستان، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵێک دەزگای میدیایی کوردی.

سەیهان ئۆغڵو دەڵێت: "ئەمانە بەس نین. پێویستە کۆمەڵێک مافی بنەڕەتی بۆ کورد مسۆگەر بکرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە پرۆسەکە ئێستا زۆر باشتر بەڕێوەدەچێت لەوەی کە ئەگەر ئیحسان ئۆغڵو هەڵبژێردرابا".

ئیحسان ئۆغڵو لەلایەن پارتی ناسیۆنالیستی MHP و پارتی چەپی CHP کاندید کرا کە ئەوەی یەکەمیان پارتێکی دژی مافی کەمینە نەتەوەکانە.

سەیهان ئۆغڵو کە لە سەرووبەندی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان چاوی بە ئیحسان ئۆغڵو کەوتبوو، دەڵێت ئیحسان ئۆغڵو بە چاویلکەی ناسیۆنالیستی سەیری پرسی کورد دەکات.

جاکۆب لیندگارد کە شارەزای کاروباری تورکیایە، گەشبینە بە ئاسۆکانی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا. ئەو دەڵێت کێشەی لەمێژینەی ناسنامە لە تورکیا ئێستا بە دەوری کورد یان تورکبووندا ناخولێتەوە، بەڵکو ئێستا ناسنامە لەسەر بنەمای ئایین بینا کراوە. ئەکەپە پارتێکی ئیسلامیی تا ڕادەیەک نەریتپارێزە "ئەمەش دەرفەتێکی باش بۆ بەشداربوونی کوردی سوننە ساز دەکات".

ئەردۆغان دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی وەک سەرۆک کۆمار لە ڕێگەی دروستکردنی سیستەمێکی فیدراڵەوە فراوان بکات. ئەگەری ئەوە زۆرە کە کورد لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا بێت. بەڵام لیندگارد دەڵێت چاوەڕوانیی ئەردۆغان و کورد لە سیستەمی فیدراڵی بۆ دوو شتی جیاوازە.

ئەو دەڵێت "نا مەرکەزی دەسەڵات، ئۆتۆنۆمی هەرێمی و دابەشکردنی بەشێکی زۆر لە دەسەڵات، شتگەلێک نین کە ئەردۆغان بیری لێبکاتەوە".

پرۆفیسۆر عەباس وەلی لە زانکۆی بۆگازیچی ئیستانبوڵ دیدێکی دیکەی هەیە بەهۆی ئەوەی کە ناوەڕۆکی دانوستاندنەکان تا ئێستا ئاشکرا نەکراون. ئەو دەڵێت کورد سەرمایەیەکی سنوورداری سیاسیی هەیە، چونکە لە هەڵبژاردندا ئەردۆغان زۆرینەی دەنگەکانی لە گەڕی یەکەمدا بردەوە.

وەلی دەڵێت: "ئەگەر ئەردۆغان ناچار بووایە بچێتە گەڕی دووەمی هەڵبژاردنەوە، ئەوکات دەبووایە ڕوو لە کورد بکات بۆ دەنگ، لە بەرامبەریشدا دواتر دەبووایە شتێکی بۆ کورد کردبا. ئەمە پێگەی کوردی بەهێز دەکرد".

یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی کورد خوێندنە بە زمانی دایک. ئەم مەرجە ئەگەر بەدی بێت، پێویستی بە هەموارکردنی دەستوور دەبێت.


خوێندن بە زمانی کوردی لەلایەن مەهەپە و جەهەپە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند دەبێتەوە. حیزبەکەی ئەردۆغانیش لە پەرلەماندا ناچارە لەگەڵ ئەو دوو پارتە کاربکات.

بە گشتی ئەردۆغان بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوە پێگەی بەهێزتر بووە و ئەوە بۆ دانوستاندنی ئاشتی لەگەڵ PKK پێدەچێت باش بێت.

پرۆفیسۆر وەلی دەڵێت "ئەردۆغان ئەو پرۆسەیە بە گوێرەی جیهانبینیی خۆی دەگەیەنێتە ئەنجام".

مارتین سێلسۆ سۆرێنسێن کە ڕۆژنامەوانێکی دانیمارکییە و لە دیاربەکر دەژیت، دەڵێت ئێستا زووە بڵێین ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە چ شێوەیەک کاریگەری لەسەر پرۆسەی ئاشتی دەبێت.

ئەو دەڵێت "ئەردۆغان ڕێگەی بۆ چوونە پێش خۆش کردووە. ئەو چەند جارێک سۆزی داوە کە کێشەکە چارە بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا ئاکامی بەرچاوی لێنەکەوتووەتەوە".





سووریا
کۆمەڵکوژی لەدژی
گەلەکەمان لە
کوردستان پرۆتستۆ
دەکات

عومران زوعبی، وەزیری راگەیاندنی سووریا، بەبێ هیچ دوودڵییەک ناوی "کوردستان" دەهێنێت و دەڵێ ئەوان ئامادەی هاوکاریکردنن لەگەڵ هەرێمی کوردستان دژی دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام (داعش)، ئەگەر ئەو دەوڵەتانەی تێدا نەبن کە هاوکاریی تیرۆر دەکەن، وەک ئەو دەڵێت. بەڵام بە تەماشاکردنی ئەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییەی بۆ هەرێمی کوردستان هاتووەتە کایەوە لەبەرەنگاربوونەوەی داعش دا، دەڵێ ئەوانیش پێویستیان بە هاوکارییەکی لەوجۆرە هەیە.

هەڤپەیڤین : دڵخواز بەهلەوی و بەهزاد میران

## عومران زوعبی، وەزیری راگەیاندنی سووریا:

# پێویستە پشتیوانی ئێمەش بکرێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا

**ڕووداو: بۆچی تائێستا هەڵوێستێکی ڕوونتان نییە بەرامبەر هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان؟**

**عومران زوعبی:** سووریا لە شەڕێکی گەورەدایە لەگەڵ تیرۆر، ئەو شەڕە لەگەڵ ژمارەیەک گرووپی تیرۆریستییە، لەپێش هەموویانەوە داعش، جەبهەتولنوسرە و جەبهەی ئیسلامی، لەگەڵ هەندێ گرووپی دیکە. سووریا پرۆتستۆی هێرشەکانی داعشی کردووە و بەردەوامیش دەبێت لەسەر پرۆتستۆکردنیان، ئەوە سیاسەتێکی رەسەنی سووریایە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا. سووریا هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر عێراق و بۆ سەر هەرێمی کوردستان پرۆتستۆ دەکات، هەروەها هەموو رەفتارەکانی ئەو گرووپانە پرۆتستۆ دەکات، لە بەکارهێنانی توندوتیژیی هۆڤانە و کۆمەڵکوژی لەدژی گەلەکەمان لە عێراق و دژی گەلەکەمان لە کوردستان.

**ڕووداو: ئێستا یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG لە ڕۆژئاوای حەسەکە شەڕ لەگەڵ داعش دەکات، هیچ هاریکارییەک لەنێوانتان هەیە؟**

**عومران زوعبی:** من لەوبڕوایەدام کە لەمێژ بوو کاتی ئەوە هاتبوو، بەڵام بەداخەوە هەندێ کەس گومانی لە سروشتی ڕووبەڕووبوونەوەکانی سووریا هەبوو، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هاوکارییەکی ناوچەیی و تەنانەت نێودەوڵەتیش دروستببێ لە دژی تیرۆر، چونکە تیرۆر هیچ سنوورێکی جوگرافی نییە، بێگومان هیچ چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و ئاینیشی نییە، بەڵگەش لەسەر ئەوە رەفتاری ئەو گرووپانەیە بەرامبەر خودی موسڵمانان. هەروەها رەفتارەکانیان دژی هەموو گەلانی ناوچەکە. ئەو تیرۆرە ژێرخان تێکدەدات و سامانی گەلان دەدزێت، هەروەها خۆراک و نانی خەڵک دەدزێت، سەرئەنجامیش وابزانم ئەرکێکی هاوبەش هەیە لەسەر سەرجەم هێزەکانی ناوچەکە و حکومەتەکانی ناوچەکە کە لەبنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەو گرووپانە نییە و هاوکارییان ناکەن، پێویستە گەلانی ناوچەکە و هێزە چالاکەکانیان بەرگری لە مێژوو، بوون، شارستانیەت و ئازادی ڕۆڵەکانیان بکەن، لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرووپانە و هاوئاهەنگیکردن بۆ ئەو بەرەنگاربوونەوەیە.

**ڕووداو: سووریا لە چ دۆخێکدایە لە شەڕی دژی داعش و پێتانوابوو ئەو شەڕە فراوان دەبێت؟**

**عومران زوعبی:** سووریا پێش سێ ساڵ و نیو، داوای لە هەموو دراوسێیەکانی کرد، هەروەها داوای لە هەموو دەوڵەتانی جیهان کرد هاوکاری بن. داوای لە هەمووان کرد کە جەنگێکی تیرۆریستی لەدژی ئێمە دەستپێکراوە و هیچ نموونەی نییە لە جیهاندا، ئەو شەڕە فراوان دەبێت، ئەو تیرۆرە بڵاودەبێتەوە، دەگاتە هەموو پایتەختەکانی جیهان، بەڵام دەزانن سووریا چی بەسەرهات لەژێر ناونیشانی جیاوازی وەک "بەهاری عەرەبی" و شتی لەوشێوەیە، هەروەهاش بەداخەوە ئەو هاوکارییەتان بینی لەلایەن وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و هەڵوێستی تورکیا بۆ تیرۆر، هەروەها هاتنی تیرۆریستان لە هەموو رەگەزەکانی جیهانەوە بۆ سووریا. ئێستا ئەوە ڕوویدا کە سووریا زۆر دەمێک بوو هۆشداریی لەبارەیەوە دابوو، ئەمڕۆش سووریا بەردەوامە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان، بەهەموو شێوەیەک، بە ڕێگەی سەربازی، ئەمنی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و رۆشنبیری و لە ڕێگەی یەکخستنی خەڵک. هەروەها لە ڕێگەی میدیاییەوە، چونکە جەنگێکی میدیاییش هەیە، هەندێ دەزگای میدیایی هەن، هەروەها هەندێ



YPG شانبەشانی
سوپای عەرەبی
سووری بەشدارە لە
ڕووبەڕووبوونەوەی
داعش

پێگەی سۆشیال میدیاش هەن باسی هێرش دەکەن بۆ سەر شارە عێراقییەکان و بۆ سەر کوردستان، هەروەها باسی هێرش بۆ سەر هەولێر، وەک شۆڕش و کارێکی خەباتگێڕانە نیشانی دەدەن. ئەو ئاڵۆزکردنە میدیایی، ئاینی و سیاسییە، پێویستە حەدێکی بۆ دابنرێت. سووریا بە تەنیا، هەروەها برایانمان لە هەولێر، برایانمان لە بەغدا، لە بەیروت و عەممان و لە هەموو جیهان، پێیان ناکرێت سنوورێک بۆ تیرۆر دابنێن، ئەگەر کارەکە بە تەنیا بکرێت، بەهەڵەدا چووە ئەوەی پێیوابێت دەتوانێ بەتەنیا ڕووبەڕووی ئەو تیرۆرە ببێتەوە.

پێویستە کارێکی هاوبەش هەبێت، ئەوە تەنیا بە هاوئاهەنگی ناکرێت، دەبێ کارێکی هاوبەش هەبێت و پێویستە هاوکاری هەبێت، پێویستە زانیاری هەبێت، پێویستە کارێکی ئەمنی و هەواڵگری و سەربازی هەبێت، هەروەها پێویستە کارێکی ئابووریش هەبێت. هەزاران خێزانی سووری ناچارکران شوێنەکانیان بەجێبێڵن، هەروەها خێزانی کوردی دەربەدەرکران. سەدان خێزان لە شارە عێراقییەکان دەربەدەرکران، لەبەرئەوەش ئەوەی ئێستا ڕوودەدات، ناکرێ هیچ چارەسەرێکی هەبێت، بەبێ هاوکاریکردنی یەکتر.

**ڕووداو: شەڕی قورس لە ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر شانی YPGیەو هێزی ئێوەش لە ڕۆژئاوای کوردستان نەماوە، ئێوە هاوئاهەنگیتان هەیە؟**

**عومران زوعبی:** برایانی سووریی کورد لە جەزیرە، برای ئێمەن و بەشێکن لە گەلی ئێمە، هەروەک ئەرکی هەموو عەرەب و کوردێک، ئەرک لەسەرشانی ئەوانیشە کە ڕووبەڕووی تیرۆر ببنەوە، هەروەها ئەرکی پاراستنی گەل، پاراستنی شەرەف، ئەرکی پاراستنی کەلوپەل و موڵک وماڵیان لەسەر شانە. ئەوان شانبەشانی سوپای عەرەبی سووری ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکەن. ئەوان بەرگری لە وڵات و شەرەف و ئایینەکان و کولتووری شارستانی دەکەن. لەبەرئەوەش من دەڵێم ئەوە ناکەوێتە تەنیا سەر شانی لایەنێک، هەموو هێزە زیندووەکان، هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان، هەموو هێزە باوەڕمەندەکان، پێویستە هاوکاری بکەن و ڕووبەڕووی ئەو هێرشە ببنەوە. چونکە ئەو هێرشە هیچ جیاوازی ناکات، کاتێک دەچنە ناوچەیەک، جیاوازی لەنێوان هیچ لایەکدا ناکەن، ئەوان دوژمنایەتی هەموو ژیان دەکەن، دوژمنایەتی دەزگاکان و سەرچاوە سروشتییەکانیش دەکەن. لەبەرئەوە دەبێ هیچ کەس بەوشێوەیە تەماشای نەکات، کە تەنیا دژایەتی ئاینێک یان بەشێکی کۆمەڵگە دەکەن. ئەوە هێرشێکە بۆ سەر هەموو شارستانیەتی ئەو ناوچەیە.

**ڕووداو: چۆن دەڕواننە هێرشەکانی داعش لە عێراق، کە داعش سووریا و عێراقی کردووەتە بەشێک لە دەوڵەتەکەی خۆی؟**

**عومران زوعبی:** ئێمە هەموو رەفتارەکانی داعش پرۆتستۆ دەکەین، هەروەها هێرشەکەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان شەرمەزار دەکەین. هەموو ئەوە رەتدەکەینەوە کە دەیکات. سووریا ئێستا لەنێو ڕووبەڕووبوونەوەدایە لە دێر زوورەوە تاوەکو باکووری حەلەب و تاوەکو غوتەی دیمەشق و زۆر ناوچەی دیکە. ئێمە بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان و توند ڕووبەڕووی ئەو ڕێکخراوە بووینەتەوە.

بەڵێ، هەندێ ناوچەی جەزیرەی سووری تووشی هێرشی توند بوون، بەڵام فڕۆکە جەنگییەکانی سووریا و هێزە میللییە جۆراوجۆرەکان، هەروەها یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) شانبەشانی سوپای عەرەبی سووری بەشدارە لەو بەرەنگاربوونەوەیەدا، بێگومان لە هەندێ ناوچەدا بارەکە لەسەر هەندێ لایەن قورسترە، بەڵام تەنانەت لە ناوچەی دێر زوور کە بەشێکە لە ناوچەی جەزیرە، لەوێش ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت هەن. ئێمە ناتوانین لە میدیادا باسی ئەو پرسە سەربازیانە بکەین. بەڵام بە هەموو باوەڕبوونێکەوە دەڵێم داعش ناتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر هیچ ناوچە و بستێکی سووریادا بسەپێنێ، یان تێیدا بمێنێتەوە، چونکە هێزەکانی سوپای عەرەبی سووری راویدەنێن، هەروەها هەموو هێزە میللی و هەموو گرووپەکانی بەرگریی نیشتمانی،

بەهەڵەدا چووە
ئەوەی پێیوابێت
دەتوانێ بەتەنیا
ڕووبەڕووی ئەو تیرۆرە
ببێتەوە

لە هەر شوێنێک داعش سەردەربێنێت یان هێرشبکات راویدەنێن. ئەوە تەنیا پەیوەستە بە کاتەوە. بەڵام من ئێستا باسی وڵاتانی دراوسێ دەکەم، هەموو ئەو وڵاتانەی لە دەوروبەری سووریان، پێویستە لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا بەشداربن. هەموومان دەزانین داعش چی دەکات لەسەر سنووری تورکیا- سووریا، ئاڵای ئەو ڕێکخراوە و بنکەی ئۆپەراسیۆنیان لەنێو خاکی تورکیادان. داوا لە حکومەتی تورکیا دەکەین بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە کاربکات، دەبێ واز لەوە بێنێت کە هاوبەشی تیرۆر بێت لە سووریا. حکومەتی تورکیا لەنێو ئەو تیرۆرەدایە کە دژی دیمەشق و سووریا بەگشتی هەیە. لەسەر ئەوەش زۆر بەڵگەنامە، دانپێدانان و چیرۆکمان هەن. هەروەها پێویستە سعودیە و قەتەریش چیتر پارە نەدەن و چەکیان بۆ نەکڕن. تیرۆریستان لە ئوردن بە پارەی سعودیە و قەتەر مەشق دەکەن. یارمەتی سەربازی و لۆجستییان لە ڕێگەی تورکیاوە پێدەگات، لە ڕێگەی کۆمپانیای تورکییەوە. هەروەها لە ڕێگەی هەندێ بانک لە تورکیا. بەشی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ڕووسیا، زۆر بەڵگەی نیشانداوین سەبارەت بە یارمەتیدەرانی داعش، چۆن چەک پەیدا دەکات و لەکوێ مەشق دەکات. پێویستە سیاسەت و وتارەکان هەڵماننەخەڵەتێنن، پێویستە سەرنج بدەینە ڕووداوەکان لەسەر زەوی.

**ڕووداو: ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ڕەخنەی لە ئۆباما گرت، دەڵێ زوو چووە هاواری هەرێمی کوردستان، بەڵام نەهاتە هاواری ئێمە بۆ ڕێگرتن لەشەڕی ڕژێمی سووریا دژی ئێمە؟**

**عومران زوعبی:** ئێمە ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیمان بە راشکاوی و ئاشکراگۆییە. ئۆپۆزیسیۆنی سووری کە خۆی دەڵێ ئۆپۆزیسیۆنێکە لە دەرەوە، هەمووومان بارودۆخ و پەیوەندییەکانی دەزانین، کە ئۆپۆزیسیۆنێک لە قەتەر یان ئیستەنبوڵ بێت، کە ئەو ئۆپۆزیسیۆنە دەبێتە چارشێوی سیاسی بۆ بەرەی نوسرە، کە بەرەی نوسرە دەخرێتە لیستی تیرۆرەوە، کە یەکێک لە سەرکردەکانی ئیئتیلافی ئۆپۆزیسیۆن سەرکردەیەکی بەرەی نوسرە بێت، چۆن دەبێت یارمەتی ئەو ڕێکخراوە بدرێت. بەرەی نوسرە و داعش و ئەوانیدیکەش سەرئەنجام سەر بە یەک کولتوور و فیکرن، هەمووشیان سەر بە یەک مەرجەعیەتی هەواڵگرین. لەبەرئەوەش قسەکردن لەسەر گوتاری ئۆپۆزیسیۆن بەو ئاراستەیەدا، نیشانەی شکستێکی گەورەیە و ناسنامەی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە نانیشتمانییە بەدیاردەخات. پەیوەندییەکانی لەگەڵ پرسی تیرۆر بەدیاردەخات. لەبەرئەوەش کە کارەکە دێتە سەر دەزگاکان و ناوچەکە، کەس ناتوانێ دەموچاوی خۆی لەپشتی پەنجەکانیەوە بشارێتەوە، دەبێ خاڵ بخەینە سەر پیتەکان، دەبێ شتەکان پێناسە بکەین و بایەخیان پێبدەین. ئەمڕۆ داعش و ڕێکخراوەکانی دیکە

بەهیچ
شێوەیەک نابێ
کانتۆن و شتی
لەو بابەتە لە
سووریا هەبن

سوودیان لەو چارشێوە ڕۆژئاواییە وەرگرتووە، هەروەها سوودیان لە پشتگوێخستنی ڕۆژئاوایی وەرگرتووە، هەروەها لەو پارە عەرەبییەی پێیاندراوە. هەموو ئەو قسە و بەڵگانەی ئێمە وەک سووریا پێشکەشمان کردن، هەموویان پشتگوێخران، بەڵام دوای ئەوەی شتەکە ئاشکرابوو، ئێستا جیهان هاوار دەکات و دەڵێ داعش مەترسییە. بەلانیکەم پێش ساڵ و نیوێک دەمانتوانی ڕێگە لەوەی ئێستا بگرین، بەڵام ئەوەیە عەقڵی ئیستعماری ڕۆژئاوایی، خوێنی خەڵکی ناوچەکەی بەلاوە گرنگ نییە، ئینجا خوێنی کوردبێ، عەرەب بێت، مەسیحی بێت یان موسڵمان. بەلایەوە گرنگ نییە دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژنانی کێ، ژنی کێ دەفرۆشرێن. ئەوە بەلایەوە گرنگە چەند دۆلار دەچێتە خەزێنەکەیەوە، چەند خۆشی بۆ ئەمریکی و ئەوروپاییەکان بەدەستدێنێ.

**ڕووداو: ئەگەر هەرێمی کوردستان داوای هاوکاری لە ئێوە بکات دژی داعش، ئێوە ئامادەن هاوکاری بکەن؟**

**عومران زوعبی:** بەتەواوی و بە راستگۆیی پێتدەڵێم حکومەتی سووری ئامادەیە لەڕووی پرەنسیپەوە بۆ هەموو هاوکارییەکی ناوچەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، بەمەرجێک ئەو وڵاتانەی تێدا نەبێت کە هاوکاریی تیرۆریان کردووە. بەڵام پێویستە پشتیوانی ئێمەش بکرێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا. چونکە ئەوە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مەترسیدار و سەختە، پێویستە هەمووومان کاربکەین بۆ دابینکردنی نان بۆ خەڵک، سەدان هەزار کەس کە لەچیادان، بێ شوێنن، کە کەس ناتوانێ پێیانبگات و ئاویان پێبدات، ئەو مندالانەی کە هاوار دەکەن لەو ناوچانە، ئەوانەی لە خێوەتگەکانن، دەبێ وەک پرسێکی ناوچەیی و مرۆیی تەماشا بکرێت، دەبێ وەک پرسێکی شارستانی و کولتووری تەماشای پرسی داعش بکرێت، نەک تەنیا وەک پرسێکی سەربازی.

**ڕووداو: وەزیری کاری حکومەتی سووریا دەڵێت ئێمە کامپێکمان لە شاری دێرکی پارێزگای حەسەکە کردووەتەوە بۆ پەنابەرانی ئێزدی لە شنگال. بەڵام پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD کە هێزی دەسەڵاتداری ڕۆژئاوای کوردستانە، دەڵێ ئێمە ئەو کامپەمان کردووەتەوە، باشە کێ کردوویەتیەوە؟**

**عومران زوعبی:** بەڵێ زیاتر لە 1000 خێزان هاتوونەتە سووریا لەو ناوچەیە، وەک خێزانە سووریەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەوانەی لەبەر ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان ماڵەکانیان بەجێهێشتوون. ئێوە دەزانن لە مێژوودا سووریا چۆن تەماشای دراوسێیەکانی کردووە. چۆن تەماشای پرسی مرۆیی و گەلی عێراق دەکات. هەروەها چۆن سەیری گەلەکەمان دەکات لە کوردستان. بۆیەش ئێمە بەپێی باوەڕی خۆمان و رەفتارەکانمان دەجوڵێینەوە، سووریا هەردەم باوەشی کراوەبووە بۆ هەمووان، دڵی کراوەیە بۆ هەمووان، ئەرکەکانی باش دەزانێت بەرامبەر پرسی لەو شێوەیە. سووریا لەکاتی ڕووداوەکانی لوبناندا پێشوازی لە گەلی لوبنان کرد، هەروەها گەلی عێراق و گەلی کوێت لەکاتی داگیرکردنی کوێتدا، هەروەها گەلی فەلەستین کە لەساڵانی چلەکانەوە لە سووریان. سووریا ئەوەیە و رەفتاری گەلی سووریش ئەوەیە، هەرواش دەمێنینەوە، چونکە ئەوە بەشێکە لە کەسایەتی نیشتمانیی گەلی سووریا.

**ڕووداو : هەڵوێستی ئێوە چییە بەرامبەر ئەو کانتۆنانەی PYD لە ڕۆژئاوای کوردستان رایگەیاندوون؟**

**عومران زوعبی:** دەبێ لەو پرسەشدا ڕوونبین، کۆماری عەرەبیی سووریا، یەک خاکە و دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییە. بەهیچ شێوەیەک نابێ کانتۆن و شتی لەو بابەتە لە سووریا هەبن. هەر گۆڕانکاری و پێشکەوتنێکی سیاسی و دەستووری، هەر کارێکی سیاسی، دەبێ هەمیشە بە ئیرادەیەکی حکومی و فەرمی بێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو وردەکارییەکانی دیکە. بەڵام لایەنێک هەوڵبدات بە کانتۆنێک سەربەخۆ ببێت، یان یاسایەکی تایبەت بەخۆی بسەپێنێت، یان رەفتارێکی تایبەت بەخۆی بسەپێنێت بەبێ حکومەتی مەرکەزی لە دیمەشق، بێگومان قبوڵ نییە. بەڵام ئێستا قسەکردن لەسەر ئەو پرسە، وابزانم مەبەست لێی ئەوەیە، ڕووی قسەکردنمان بگۆڕێت. کاتیش لەڕووی نیشتمانی و ئەخلاقییەوە بۆ کەس گونجاو نییە کە بەوشێوەیە هەڵسوکەوت بکات. پرسی ئێمە ژیانی سەدان هەزار مرۆڤە، هەڵوێستی فەرمیی حکومەتی سووریا لەڕووی میللی و فەرمییەوە ئاشکرایە و هیچی نوێی تێدا نییە.

ڕووداو
ژمارە (322) دووشەممە 2014/8/18



## داعش گەنمی مەخمووری نەبردووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا- هەولێر**

برایم شێخەڵڵا، قایمقامی قەزای مەخموور ڕەتیکردەوە چەکدارانی داعش هیچ بڕە گەنمێکی سایلۆی مەخمووریان بردبێت لە ماوەی شەو چوار ڕۆژەی لە قەزاکەدا مانەوە. بەڵام گوتی سایلۆکە بەهۆی شەڕەوە زیانی پێگەیشتووە، گوتیشی "ڕۆژی 2014/8/14 لیژنەیەک لە وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی پیشەسازی بۆ دیاری کردنی ئەو زیانانەی بەر سایلۆکە کەوتوون پێکهێندراوە". سەبارەت بە زیانەکان، ناوبراو گوتی "زیانەکان زۆر گەورە نین، بریتین لە سوتانی کۆگایەکی بچووک و شکاندنی کەلوپەلەکان و دەرگاو پەنجەرە.". سایلۆکە ئێستا 200 هەزار تۆن گەنمی تێدایە.

# داعش دەڵێت "نەوتی حەرام" دەفرۆشین



**عومەر مەنسووری**
**ڕووداو- موسڵ**

لەو ڕۆژەوەی چەکدارانی سەر بە دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش دەستیان بەسەر پارێزگای نەینەوا و ڕووبەرێکی زۆری ناوچەکانی سەر بە پارێزگاکانی سەلاحەدین، دیالە و کەرکووکدا گرتووە، بەشێوەیەکی "نایاسایی" دەستیان بە فرۆشتنی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی موسڵ و عجێل و حەمرینی باکووری شاری تکریت کردووە، هەر تانکەرێک نەوتی خاویش بە 10 تاوەکو 12 هەزار دۆلار دەفرۆشن و ئەمەش زیانێکی زۆری بە ئابووریی عێراق گەیاندووە.

### قاچاخچییەکان نەوت لە داعش دەکڕن

حاجی باسم جبوری، کە کڕیارێکی بەردەوامی نەوتی خاوی دزراوە، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "داعش دەستی بەسەر زۆربەی بیرە نەوتییەکانی شاری موسڵ و تکریتدا گرتووە، ژمارەیەکی زۆری بەڵێندەرانی داعش بە هەماهەنگی لەگەڵ بازرگانانی عێراق لە ڕێگەی قاچاخەوە نەوت بۆ ئێران و تورکیا دەگوازنەوە".

حاجی باسم کە خۆی یەکێکە لە کڕیارانی نەوتەکەی داعش، دەڵێت "کێڵگەی نەوتی عجێلی ڕۆژهەڵاتی شاری تکریت کە زیاتر لە 90 بیرە نەوت لەخۆدەگرێت، ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی داعشدایە، زۆر بە ئاسانیش نەوت لەو بیرانە دەردەهێنن و لە نێو تانکەری 36 هەزار گاڵۆنی دەکەن و بە نرخی 10 هەزار دۆلار دەیفرۆشن".

### نەوتی داعش دەگاتە ئێران

جبووری دەڵێت "ئەو تانکەرانە لە ڕێگەی شارەدێی ڕیازەوە و دوور لە پێکدادانە سەربازییەکان بەرەو کەرکووک دەگوازرێنەوە و لەوێشەوە دەگاتە کوردستان و ئینجا بەرەو ئێران و تورکیا دەڕوات". گوتیشی "لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی خاوی عێراقەوە ڕێکخراوی داعش ڕۆژانە داهاتێکی زۆری دەستدەکەوێت".

کێڵگەکانی گەیارە و نەجمە لە باشووری شاری موسڵ بە گرنگترین سەرچاوەی داهاتی ڕێکخراوی داعش دەژمێردرێن بۆ دەرهێنانی نەوت و فرۆشتنی لە بازاڕە جیهانییەکان لە ڕێگەی قاچاخەوە.

ئەبو محەممەد لهێبی، کە بەڵێندەرێکی گواستنەوەی نەوتە لە عێراقەوە بەرەو تورکیا و ئوردن، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی گەیارە، بە کۆمەڵە چەکدارێکی 20 کەسی سپێردراوەو بەرپرسی دارایی داعش سەرپەرشتییان دەکات، تاوەکو ئێستا هەر تانکەرێک نەوت بە نزیکەی 10 هەزار تاوەکو 12 هەزار دۆلار فرۆشراوە".

### داعش "نەوتی حەرام" دەفرۆشێت

لهێبی ئاماژەی بەوەدا کە "بەپێی ئەو بڕە پارەیەی لەسەری ڕێککەوتوون، داعش بڕە نەوتە فرۆشراوەکە ڕادەستی کڕیارەکان دەکات و کڕیارەکانیش لەسەر بەرپرسیارێتی خۆیان و بەبێ پاسەوان نەوتەکە دەگوازنەوە".

محەممەد لهێبی، حەرام و حەڵاڵیی ئەو کارەی لە داعش پرسیوە و دەڵێت "سەرکردەیەکی داعش لە کێڵگەی گەیارە پەیوەندی پێوەکردم و داوای هاوکاریی لێکردم بۆ فرۆشتن و گواستنەوەی نەوت، دواتر من لێم پرسی ئاخۆ ئەم کارە حەرامە یان حەڵاڵ، ئەویش گوتی بەڕاستی پێتبڵێم حەرامە، بۆیە پێمگوت من کاری حەرام ناکەم".

ئەمریکییەکان پێشتر ئاماژەیان بە قازانجی داعش کردووە لە فرۆشتنەوەی نەوتی ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵیانەوە کە ڕۆژانە یەک ملیۆن دۆلار داهاتیانە لە فرۆشتنەوەی نەوت و دواتر بەقاچاخبردنی بۆ تورکیا و ئێران.

### داعش ڕۆژانە 2 ملیۆن دۆلاری دەستدەکەوێت

ئەندامێکی لیژنەی ئابووری خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق دەڵێت "دوای کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتییەکانی موسڵ و تکریت لەلایەن چەکدارانی داعش، ئابووریی عێراق ڕوو لە دارمانە".

مەحما خەلیل، ئەندامی لیژنەی دارایی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕێکخراوی داعش لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی عێراق ڕۆژانە دوو ملیۆن دۆلاری دەستدەکەوێت، داعش بەمجۆرە توانیویەتی خەرجییەکانی خۆی دابین بکات، هاوکات کاریگەری زۆریشی کردووەتە سەر ئابووریی عێراق، بۆیە دەبێت حکومەتی داهاتووی عێراق بە زووترین کات ئەم کێشەیە چارەسەربکات، بەتایبەتی دوای دەرکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەبارەت بە قەدەغەکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێکخراوی داعش".

گوتیشی "داعش نەوتی خاو بە نرخێکی هەرزان بەو بازرگانە عێراقیانە دەفرۆشێت کە لە ڕێگەی تانکەرەوە نەوت بەرەو وڵاتانی دراوسێی عێراق دەگوازنەوەو دواتریش لە بازاڕەکانی جیهان دەیفرۆشن، بۆیە بازرگانیکردن بە نەوتی عێراق وەکو شووشتنەوەی پارەی لێهاتووە".

## بەرهەمی ئەمساڵ 113 هەزار تۆن بووە



# کوردستان 48 هەزار تۆن پەتاتەی لێ زیادە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری باخداریی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند بەرهەمی پەتاتە لە 6 ساڵی ڕابردوودا گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و پێیوایە ئەگەر ڕێگایەک بۆ بەبازاڕکردنی بدۆزرێتەوە، لەئایندەیەکی نزیکدا دەتوانێت پەتاتە هەناردە بکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرهەمی پەتاتە لە 6 ساڵی ڕابردوودا لەهەرێمی کوردستان گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەجۆرێک لە 12 تۆنەوە گەیشتووەتە 113 هەزار تۆن.

سەمیر سەلیم، بەڕێوەبەری باخداریی هەرێمی کوردستان و سەرپەرشتیاری هێنانی تۆوی باوەڕپێکراوی پەتاتە، ئاماژەی بەوەدا کە لە ساڵی 2009دا تەنیا 12 هەزار تۆن پەتاتە بەرهەمهاتووە، بەڵام لە وەرزی بەهاری ئەمساڵدا بڕی پەتاتەی بەرهەمهاتوو گەیشتووەتە 113 هەزار تۆن. پێشبینیش دەکرێت بڕی بەرهەمی وەرزی پاییز بگاتە 15 هەزار تۆن. واتە بەرهەمی ئەمساڵ دەگاتە 128 هەزار تۆن.

بەپێی قسەی بەرپرسی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەو بڕە بەرهەمە لە پێداویستی ناوخۆ زیاترە، چونکە ئێستا هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 80 هەزار تۆن پەتاتەیە، کەواتە کوردستان 48 هەزار تۆن پەتاتەی لێ زیادە.

پەتاتە بەهۆی ئەو بەها بەرزە خۆراکییەی هەیەتی، بە یەکێک لە ناسراوترین و بەرفراوانترین ئەو بەرهەمە خۆراکیە کشتوکاڵیانە دادەنرێت کە لەزۆربەی وڵاتان گرنگیی تایبەت بە خواردن و چاندن و بەرهەمهێنانی دەدرێت ، بەم هۆیەشەوە پەتاتە لەڕووی گرنگیپێدانەوە لەجیهاندا ڕیزبەندی چوارەمی وەرگرتووە لەدوای گەنم، برنج و گەنمەشامی.

چاندن و بەرهەمهێنانی پەتاتە بەشێویەکی زانستیانە لەکوردستان تازەیە بۆ یەکەمجار وەزارەتی کشتوکاڵ وەک تاقیکردنەوە لەساڵی 2008 بەهێنانی 51 تەن تۆوی پەتاتە و دابەشکردنی بێبەرامبەر بەسەر جوتیاران دەستی پێکردو تێیدا سەرکەوتوو بوو، بۆیە لە ساڵی 2009 خرایە پلانی ستراتیژی 5 ساڵە و دەستکرا بە هاوردەی تۆی پەتاتە لە فەرەنسا هۆڵەندا و ئێرلەندا.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ تاوەکو ئێستا بە هەزاران تۆن بنەتۆی پەتاتە لە هاوردە کراوە و لە دوو ساڵی یەکەمدا بەبێ بەرامبەر دراوەتە جوتیاران بەڵام لە ساڵانی دواتر بە بڕە پارەیەکی کەم و تەنیا 20%ی نرخی بنەتۆیەکە لە جوتیاران وەرگیراوە.

سەمیر سەلیم ئامانجی وەزارەتی لە پرۆژەی پاڵپشتی و دابەشکردنی تۆوی پەتاتە خستەڕوو و گوتی بۆ خستنەسەرپێی جوتیاران و زیادکردنی بەرهەم بوو، گوتیشی "گەیشتینە ئامانج، چونکە ئێستا بەسەتان جوتیار پسپۆرییان لەچاندنی پەتاتە هەیە و 5 کۆمپانیای تایبەتمەندیش دامەزراوە بۆ هاوردەکردنی تۆوی پەتاتە و دابەشکردنی بەسەر جوتیاراندا".

### دەشتی شەمامک یەکەمە

پسپۆرانی کشتوکاڵ دەڵێن ئاو و هەوا و خاکی هەرێمی کوردستان زۆر لەبارە بۆ چاندنی پەتاتە، دەتوانرێت ساڵانە لە هەردوو وەرزی بەهار و پاییز بچێندرێت.

ئاشتی ئیسماعیل، ئەندازیاری کشتوکاڵی و ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیاری چاندنی پەتاتە لە هەولێر ڕایگەیاند پەتاتە پێویستی بە کەشوهەوایەکی نیمچە گەرم و خاکێکی سووک و تێکەڵی لماوی هەیە، کە پلەی گەرمی ژێرخاکەکە بگاتەی 18 تا 20 پلەی سەدی هەیە، گوتیشی "بەشێکی زۆری خاکی کوردستان گونجاوە بۆ چاندنی پەتاتە".

ئەم ئەندازیارە کشتوکاڵیە، ئاماژەی بەوەشدا بەگوێرەی توێژینەوەکانیان باشترین خاک بۆ بەرهەمهێنانی پەتاتە لە سنووری پارێزگای هەولێر دەشتی شەمامکە، بە تایبەتی خاکی هەردوو گوندی تەندوورە و ماستاوە. گوتیشی "ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیانە پەتاتە بچێندرێت بڕی بەرهەمی یەک تۆنی چێنراو دەگاتە 15 تاوەکو 20 تۆن".

### نازانن لە کوێی هەڵبگرن

مەروان عومەر، 33 ساڵ، خاوەنی کێڵگەی پەتاتەیە لە گوندی زیناوەی ناوچەی شێخان. ئەو جوتیارە ساڵانە جگە لە زەوییەکەی خۆی زەوی جوتیارانی دیکەش دەچێنێ. مەروان گوتی "بەر لەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ تۆوی پەتاتەی باوەڕپێکراو بهێنێ، ساڵانە 10 بۆ 15 تۆن پەتاتەمان دەچاند بەرهەمەکەشی زۆر باش نەبوو، بەڵام ماوەی سێ ساڵە 300 تا 350 تەن دەچێنم، بڕی بەرهەمی یەک تەنیشمان گەیشتووەتە 14 تەن".

تاکە گرفتی مەروان، بەبازاڕکردنی بەرهەم و کۆگاکردنییەتی، مەروان گوتی "بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەر عێراقدا هاتووە، ناتوانین بەرهەمەکانمان ڕەوانەی خواروو و ناوەڕاستی عێراق بکەین، لەناوخۆش بازاڕی نییە، کۆگاشمان دەستناکەوێت بۆ هەڵگرتن".

سەمیر سەلیم دەڵێت دوو ساڵە بەرهەمی پەتاتە لە ناوخۆدا گەیشتووەتە ئاستی خۆبژێوی، بەڵام گرفتی سەرەکییان لەکۆگاکردن دایە، چونکە سەرجەم کۆگاکانیان توانای کۆگاکردنی 20%ی بەرهەمی پەتاتەیان هەیە، بۆیە بەناچاری بەشێکی زۆری هەناردەی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەکرێت.

ناوبراو گوتیشی "ساڵ بەساڵ ڕووبەری چاندنی پەتاتە و بەرهەمی لەزیادبووندایە، بۆیە دڵنیام ئەگەر ڕێگایەک بۆ بەبازاڕکردنی بدۆزرێتەوە، لەئایندەیەکی نزیکدا هەرێمی کوردستان دەچێتە ڕیزی وڵاتانی هەناردەی پەتاتە، وەک دەستپێکیش 100 تۆنمان لەڕێگەی کۆمپانیایەکەوە ڕەوانەی سعودیە کردووە".

### ئێران و تورکیا پەتاتەی کوردیان ناوێت

نوری ئیسماعیل، بەڕێوەبەری پێشینەو بەبازاڕکردن، لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت

سەرجەم بەرهەمەکانی کوردستان کوالێتییەکی بەرزیان هەیە و لەوڵاتانی کەنداو خواستیان لەسەرە، بەڵام تائێستا نەیانتوانیوە میکانزمێک بدۆزنەوە بۆ هەناردەو بەبازارکردنیان، بۆیە بەناچاری هەناردەی خواروو و ناوەڕاستی عێراق دەکەن کە لەوێ نرخێکی باش ناکات، گوتیشی "هەریەک لە ئێران و تورکیا بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادەن بەرهەمی کوردستان هاوردەی وڵاتەکانیان بکرێت".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە چەند ساڵێکە پێشنیازی دامەزراندنی کۆمپانیای بەبازاڕکردن دەخەینە بەردەم سەرمایەداران، بەڵام وەک ئەو دەڵێت "کەس بەگرنگی نازانێ و گوێی پێنادات".



بڕی بەرهەمی پەتاتە بە تۆن لە پارێزگاکانی کوردستان:

| پارێزگا/ ساڵ | 2009 | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1170 | 5100 | 8146 | 14700 | 13547 | 26700 |
| سلێمانی | 960 | 1004 | 227 | 2215 | 2623 | 3600 |
| دهۆک | 8715 | 21087 | 47065 | 62000 | 70720 | 82150 |
| گەرمیان | 1020 | 1034 | 2021 | 2300 | 474 | 1006 |
| کۆی گشتی | 11865 | 28224 | 59660 | 81615 | 87264 | 113456 |



هوشیار زێباری:

# ئەگەر نەزانین ئەو حکومەتە داواکاریی ئێمە جێبەجێ دەکات بەشدار نابین

هوشیار زێباری، وەزیری دەرەوە لە حکومەتی کاربەڕێکەری عێراق و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پەراوێزی کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکاندا کە تایبەت بوو بە دیاریکردنی نوێنەرانی کورد بۆ دانوستاندنی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، باسی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی کرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کورد بۆ بەشداری لە حکومەتی داهاتوو گەرەنتی دەوێ و گوتیشی کە سەردەمی بەڵێندان بەسەرچووە.

هەڤپەیڤین: سەنگەر عەبدولڕەحمان

**ڕووداو: شەوی شەممەی ڕابردوو سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی پێنج حیزبە کوردستانییەکەت کرد، بۆ دروستکردنی لیژنەی دانوستاندنکار لەگەڵ بەغدا، گەیشتنە چ ئەنجامێک؟**

**هوشیار زێباری:** ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو کە دانوستاندن لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان بکەین، هەر پێنج حیزبەکە. داخوازییەک لە بەغدا هەیە، لەلایەن هەموو هێزە سیاسییەکان و سەرۆک کۆمار کە کاتی ئەوە هاتووە هەرسێ لایەن، هاوپەیمانی نیشتیمانی، هاوپەیمانی هێزە نیشتیمانییەکانی عێراق و هاوپەیمانی کوردستانی نوێنەرانی خۆیان دەستنیشان بکەن بۆ دانوستاندن لە بەغدا بۆ دروستکردنی حکومەتی داهاتوو. داوایان کردبوو هەر لایەنێک سێ نوێنەر دەستنیشان بکات. ئێمە ئەو بابەتەمان لەگەڵ لایەنە کوردییەکان باسکرد، کە میکانیزمەکە وایە، ئەوە مانای ئەوە نییە کە هەموو لایەک نەتوانێت بەشداری گفتوگۆ بێت. بەڵام دەبێت پابەندبین بە بڕیاری خەڵکی دیکەش. پێویستە بەزووترین کات ناوەکانی وەفدی دانوستاندن بە بەغدا بدرێت. ئێمە کە ئێستا دەچینە بەغدا زیاتر بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسییە بۆ سەرکردایەتی خۆمان کە ئاراستەی بارودۆخەکە بەرەو کوێ دەچێت و چۆنە.

**ڕووداو: ناوەکانی وەفدی دانوستاندنکار دیارن؟**

**هوشیار زێباری:** ناوەکان سەرکردایەتی کورد دەستنیشانیان دەکات.

**ڕووداو: ئێوە چیتان دەوێت لە بەغدا؟**

**هوشیار زێباری:** بڕیاری سەرکردایەتی کورد و هەموو هێزە کوردییەکان ئەوەیە کە دەبێت بەشداربین لە حکومەتی داهاتوو، بەڵام بەپێی مافەکانی خۆمان. بە هەڕەمەکی بەشدار نابین، ئەگەر بەرنامەیەک نەبێت، ئەگەر نەزانین ئەو حکومەتە داواکاریی ئێمە جێبەجێ دەکات یان نا. زۆر شتی تازە پەیدابووە، ئێستا هەڕەشەی داعش هەیە لەسەر عێراق و کوردستان. هەڵەی زۆر گەورە کران لە حکومەتی ڕابردوودا، ئایا ئیمکانییەتی ئەوە هەیە ئەو هەڵانە چارەسەر بکرێن. بۆیە دانوستاندنەکان سەخت دەبن. لەسەر ئەوە دەمێنێتەوە ئەوەی ئەگەر داواکاری کورد جێبەجێ کرا و گەرەنتیش هەبوو بۆ جێبەجێکردنی، ئەوکات بەشدار دەبین، ئەگەر نا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەشدار نابین. دەبێ بەشداریمان لەسەر بەرنامە بێت و بە هەندێک گەرەنتی بێت، بەو شێوەیە هەڵەکانی پێشوو دووبارە نابنەوە.

**ڕووداو: وەزارەتی دەرەوە وەردەگرنەوە؟**

**هوشیار زێباری:** هەموو پۆستێک لە حکومەتی تازە بەندە بە ئەنجامی دانوستاندن، هیچ شتێک مسۆگەر نییە.

**ڕووداو: کورد بڕیاری داوە بچێتەوە بەغدا، گۆڕینی مالیکی بەسە بۆ ئەوەی کورد بگەڕێتەوە بەغدا؟**

**هوشیار زێباری:** گۆڕینی مالیکی هەنگاوێکی گەورە و گرنگ بوو، بەدڵنیاییەوە کوردیش ڕۆڵی هەبوو لە گۆڕینی. هەموو دونیا چاوەڕێی ئەوەیە ئەم حکومەتە جیاواز بێت لە حکومەتی ڕابردوو، حکومەتێکی یەکێتیی نیشتیمانی بێت، بنکە فراوان بێت، نوێنەرایەتی شیعە و سوننە و کورد و مەسیحی و ئێزدی بکات، دەبێت ڕەنگدانەوەی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بێت. هەروەها بەرنامەیەکی کاری هەبێت. سەردەمی بەڵێندان بەسەرچووە.

> وەکو کورد داوای گەرەنتی لە حکومەتی داهاتوو دەکەین

> کوردیش ڕۆڵی هەبوو لە گۆڕینی مالیکی

> سەردەمی بەڵێندان بەسەرچووە

**ڕووداو: ئەگەر مالیکی ببێتە جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ئاسایش، کورد ڤیتۆی لەسەر دەبێت یان نا؟**

**هوشیار زێباری:** هەموو شتێک بەندە بە ئەنجامی دانوستاندن، هیچ گەرەنتییەک نییە، کورد هەڵوێستی زۆر بەهێزە. کورد پشتگیرییەکی نێودەوڵەتیی زۆری هەیە. ڕەنگە هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستانی لەم قۆناغەدا لە هەموو لایەنەکانی دیکە بەهێزتر بێت، بە دڵنیاییەوە هەموو شتێک قابیلی باسکردنە، بەڵام هیچ شتێکیش مسۆگەر نییە.

**ڕووداو: بەهێزیی پێگەی کورد لە چیدایە؟**

**هوشیار زێباری:** بەهێزییەکە ئەوەیە کە یەکین، هەموو دونیا هاتووە بۆ پشتگیری ئێمە. سەلماندوومانە کە کێشەکەمان کێشەیەکی عادلە. ئەمریکا، نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا و ئەنجوومەنی ئاسایش هەموویان بەهانای کوردەوە هاتوون. ئەمە نامەیەکی زۆر بەهێزە، بۆ هەر کەسێک بیەوێت تێبگات پێگەی کورد چییە و چۆنە.

**ڕووداو: حەیدەر عەبادی، کە ڕاسپێردراوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، لە ڕابردوودا هەڵوێستەکانی بەرامبەر کورد چۆن بووە؟**

**هوشیار زێباری:** هێشتا زووە هەڵیبسەنگێنین، ئێمە دەیناسین، بەڵام ئەو ڕۆڵەی ئێستا دەیبینێت جیاوازە لەوەی کە لە پەرلەمان بووە. ئێستا بەرپرسیارێتی هەیە، دەبێت ئەو حکومەتە پێکبهێنێت لە ماوەی مانگێکدا ئەگینا ڕەنگە یەکێکی دیکە دیاری بکرێت.

**ڕووداو: باس لەوە دەکرێت حکومەتی عێراق ڕێگەی نەداوە لە ڕێگەی فڕۆکەوە هاوکاریی سەربازی بگاتە کوردستان، ئێوە هەڵوێستتان چییە ئەگەر شتێکی وا ڕوویداوە، یان ئەگەر ڕوویدات؟**

**هوشیار زێباری:** ئەوە ڕاست نییە، ئێمە ڕەزامەندیمان بۆ هەموو ئەو فڕۆکانە وەرگرتووە.

**ڕووداو: هەڵوێستت چییە لەبارەی بێدەنگیی وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر بارودۆخی کوردستان؟**

**هوشیار زێباری:** هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی کۆمەکیان ناردووە، لە پەیوەندی بەردەوامین لەگەڵیان، وەنەبێت کە بێهەڵوێست بن. ڕەنگە وێنەکەیان لەلا ڕوون نەبێت، بەڵام هیچ وڵاتێکی عەرەبی لەگەڵ داعشدا نییە، چونکە داعش بە پلە یەک هەڕەشەیە لەسەر ئەوان.

## کابینەکەشی ڕەشیق دەکات

# حەیدەر عەبادی تەنیا یەک جێگر بۆ خۆی دادەنێ



**ئاسۆ فیشەگی**
**ڕووداو – هەولێر**

سەرکردەیەکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق ڕایگەیاند، مەرجیان بۆ ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتوو داناوە کە نابێت لە دوو خول زیاتر سەرۆک وەزیرانی عێراق بێت.

هەفتەی ڕابردوو د.فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق، حەیدەر عەبادی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو. عەبادی کە کاندیدی دەوڵەتی یاسایە لە هاوپەیمانی نیشتمانیی عێراقی، بەپێی بڕگەی دووەمی ماددەی 76ی دەستووری عێراق، 30 ڕۆژی لەبەردەمە و دەبێت تاوەکو 2014/9/9 ناوی وەزیرانی کابینەکەی ڕابگەیەنێ.

حەمدییە حوسەینی، لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پەیڕەوی ناوخۆی هاوپەیمانی نیشتمانی کاندیدی خۆی بۆ سەرۆکایەتی وەزیران بە دوو خولی سەرۆکایەتی پابەند دەکات، بۆیە دەبێ عەبادی پابەندی ئەو خاڵە بێت". بەڵام گوتی "هاوپەیمانی نیشتمانی هێشتا پرسی دابەشکردنی وەزارەت و پۆستەکانی لە کابینەکەی عەبادی تاوتوێ نەکردووە".

ئێستا پێکهاتەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی باس لە کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکانی کابینەکەی عەبادی دەکەن بۆ 21 وەزارەت، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیش ئەمجارەیان بە پێچەوانەی خولی پێشوو بە فراوانی بەشداری لە کابینەکەی عەبادی دەکات.

### خاڵبەندی سێ سەرۆکایەتییەکەش دەگرێتەوە

هاوپەیمانی نیشتمانی لیژنەیەکی 8 کەسی پێکهێناوە بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق. هەروەها چەند میکانیزمێک ئێستا لە ناو هاوپەیمانی نیشتمانی تاوتوێ دەکرێن بۆ چۆنێتی دابەشکردنی وەزارەت و پۆستەکان بەسەر لایەنە سیاسییەکاندا.

یەکێک لەو میکانیزمانەش دەکرێ ژمارەی کورسییەکانی لایەنەکان بێ لە پەرلەمانی عێراق.

ئیبراهیم بەحرولعلوم، سەرکردەی هاوپەیمانی نیشتیمانی لەوبارەیەوە گوتی "هەر وەزارەتێک و پۆستێک ژمارەیەک خاڵی بۆ دیاریدەکرێ بەپێی گرنگیی ئەو وەزارەتە، بەڵام ئەمجارەیان پێچەوانەی خولی پێشوو سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراقیش و جێگرانی ئەو سێ سەرۆکایەتییە لە خاڵبەندی وەزارەت و پۆستەکاندا حیساب دەکرێن".

گوتیشی "حەیدەر عەبادی بە نیازە ژمارەی جێگرانی سەرۆک وەزیر بۆ یەک جێگر کەمبکاتەوە و بۆچوونێکی هاوشێوەش بۆ ژمارەی جێگرانی سەرۆک کۆمار هەیە".

### مەرجی سوننەکان

محەممەد خالیدی، لە هاوپەیمانی موتەحیدون کە ئوسامە نوجەیفی، سەرۆکی پێشووی پەرلەمان سەرۆکایەتی دەکات، مەرجی سوننەکانی بۆ بەشداریکردن لە کابینەکەی عەبادی ئاشکرا کرد و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "یەکێتی هێزە نیشتمانییەکان کە هاوپەیمانی موتەحیدون و هاوپەیمانییەکەی ساڵح موتڵەگ و چەند لیستێکی دیکە لەخۆدەگرێ و نوێنەرایەتی پێکهاتەی سوننە دەکات، چەند داواکارییەکی بەپەلەی لە هاوپەیمانی نیشتمانی هەیە پێش دەستپێکردنی گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەتی نوێ، ئەو داواکاریانەش بریتین لە ڕاگرتنی بۆردومانکردنی ناوچە سوننەنشینەکان و ڕێگەدان بە بەهەرێمکردنی پارێزگاکانی عێراق و گەڕانەوەی ئاوارەکان و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان". گوتیشی "لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی ئەو داواکاریانە دەست بە گفتوگۆ دەکەین بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ، بەڵام هێشتاش بڕیارمان نەداوە بەشداری لە حکومەتی نوێ بکەین یان نا". ناوبراو ئاشکراشی کرد "لەگەڵ کورد لە هەماهەنگیداین لە بارەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق".

### شیعە وەزارەتی دەرەوە نادەنەوە کورد

یاسین حەسەن، ئەندامی لیژنەی پێشووی دانوستاندنی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ بەغدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا لیژنەیەکی نوێمان بۆ دانوستاندن پێکهێناوە کە ئەندامانی هێشتا دەستنیشان نەکراون، لەکاتێکدا لیژنەی پێشوو هیچ مەرجێکی پێشوەختی بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی بەغدا دیاری نەکردبوو، بەڵام کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان کە سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو باسی لێوە کرد، کێشە بۆ فراکسیۆنە کوردستانییەکان دروست دەکات". هەروەها دەڵێت "هاوپەیمانی نیشتمانی بەنیازە ئەمجارەیان وەزارەتی دەرەوە بۆ خۆی ببات".

یاسین حەسەن ئاماژەی بە گرفتێکی دیکە دا لە پێکهێنانی کابینەی نوێ و گوتی "لە کابینەکەی نووری مالیکی دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان بە خاڵبەندی نەبوو، بەڵکو بە ڕێکەوتن بوو، بەڵام پێشبینی دەکرێ ئەمجارەیان بە خاڵبەندی بێ".

یاسین حەسەن گوتیشی "کورد دوو ڕێککەوتنی لەپێشە، یەکەمیان ڕێککەوتنێکی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکانە و دووەمیان ڕێککەوتنی ئەو فراکسیۆنانەیە لەگەڵ بەغدا". پێشبینیشی کرد کە کۆمەڵ لە حکومەتی نوێی عێراقدا وەزارەتێک وەربگرێ.

لەلایەکی دیکەوە هاشم حەبوبی، لە هاوپەیمانی وەتەنییە کە ئەیاد عەللاوی سەرۆکایەتی دەکات، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هاوپەیمانی وەتەنییە نووسراوێکی لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ پێشکەش کردووە، کە باس لە بەرنامەی حکومەت دەکات نەک دابەشکردنی پۆستەکان، چونکە ئێمە باوەڕمان بە دابەشکردنی پۆستەکان لەسەر بنەمای تایفی نییە، بەڵام پێشبینی دەکەین ژمارەی وەزارەتەکانی حکومەتی نوێ 21 وەزارەت بێ و هەندێک وەزارەت هەڵبوەشێنرێتەوە و دەسەڵاتەکانی بەسەر پارێزگاکاندا دابەش بکرێ".

### هاوکێشەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق

**حکومەتی عێراق 2010 – 2014**

- نووری مالیکی، سەرۆکی حکومەت
- 43 وەزارەت، کە 15 یان وەزارەتی دەوڵەت بوون
- کورد 57 کورسی لە پەرلەمان هەبوو
- کورد 4 وەزارەتی لە حکومەت هەبوو
- کورد سەرۆک کۆمار و جێگرێکی سەرۆکوەزیران و پەرلەمانی هەبوو.
- بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری حکومەتی نەکرد

**حکومەتی داهاتووە عێراق 2014 – 2018**

- حەیدەر عەبادی، سەرۆکی حکومەت
- 21 وەزارەت (پێشبینیکراوە)
- ژمارەی کورسییەکانی کورد لە پەرلەمان 62 کورسی
- سەرۆککۆمار کوردە و پشکی یەکێتییە.
- جێگرێکی سەرۆکی پەرلەمان کوردە و پشکی بزووتنەوەی گۆڕانە
- جێگری سەرۆکی حکومەت (ئەگەر دابنرێت) پشکی پارتییە
- هیچ لایەنێکی کوردی بڕیاری نەداوە ببێتە ئۆپۆزیسیۆن

# چیای شنگال.. قەندیلی دووەم

## ئەوەی بەچاوی خۆم لە چیای شنگال بینیم

**میڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – چیای شنگال**

لەسەر چیای شنگال چیرۆکێکی دیکەی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK دەستپێدەکات ، ئەوان دەڵێن بەهیچ شێوەیەک چیای شنگال بەرنادەن ، تەنانەت پێشمەرگە لە چیا و شوێنەکانی دەوروبەری چیای شنگالیش دەردەکەن ، ئێستا بە ئاشکرا ئەوە دەرنابڕن. لەوانەیە ئەوە سەریشنەگرێت، ئەگەر پێشمەرگە بتوانێت ڕێگەیەکی هاتوچۆ بۆ پێشمەرگە و خەڵک بکاتەوە جگە لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەو پێشڕەویانەی ئەو دوو ڕۆژەی پێشمەرگە لە ڕەبیعە و بەنداوی موسڵ ، ئەو دەرفەتەی PKK کەمدەکاتەوە .

### هێزێکی بچووکی پێشمەرگە لەسەرچیا

لە دوای گرتنی دەڤەری شنگال لە 3ی ئەم مانگەدا ، دوای دوو ڕۆژ جگە لەو هێزە بچووکەی پێشمەرگە لەژێر فەرماندەیی سمێ بۆسەلی چووبووە چیای شنگال ، هێزێکی دیکەی پێشمەرگە ڕێگەی چیای شنگالی بە کۆمەڵگەی دووگرێدا بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان کردەوە ، بۆ دابینکردنی ڕێگەی دەرچوون بۆ ئەو دەیان هەزار کەسەی لە چیای شنگال ، بەبێ خۆراک و ئاو گیریان خواردبوو . دوای ئەوەش چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG کە باڵی سەربازیی PKK یە لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەرەو چیای شنگاڵ هاتن و جێگەی خۆیان لەنێو ئەو چیا فراوانەدا کردووە . بەپێی قسەی فەرماندەیەکی PKK ، ئەوان سەرەڕای ئەوەی پارتی ڕێگەی نەدان بە فەرمی بێنە نێو چیایەکە ، بەڵام ئەوان دوو مانگە هاتوونەتە چیای شنگال .

جگە لە دوو هێزی بچووکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ژێر فەرماندەیی ئاشتی کۆچەر و سمێ بۆسەلین لە چیای شنگال ، ئەویتری هەمووی لەدەست گەریلاکانی PKK دایە . ئەو هێزەی PKK لە سێ بەش پێکهاتووە .

بەشی یەکەم لە چیای قەندیلەوە هاتوون و خەڵکی باکووری کوردستانن. بەشی دووەم لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە هاتوون ، ئەوان پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێزدیەکانی شنگاڵ و دەوروبەری دەکەن ، ئەوان لە قسەکانیاندا بۆ کوردی ئێزدی، پارتی و بارزانی و پێشمەرگە لە پێش چاوی ئێزدیان ڕەش دەکەن و بە (خائین) ناویان دێنن.

بەشی سێیەم: ئەو کوردە ئێزدیانەن کە کراونەتە یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگال YBS . ئەو هێزە 14 ڕۆژە دامەزراوەو بووەتە هێزێکی تازەی PKK، کە تایبەتە بە ئێزدیەکان . بەگشتی ژمارەی گەریلاکانی PKK لە چیای شنگال بە 600 گەریلا مەزەندە دەکرێت . PKK ناوی لە هەرسێ هێزی PKK و YPG و YBS ناوە "هێزی هاوبەش" و دەڵێ نابێ هیچ جموجۆڵێک بەبێ ڕەزامەندی ئەو هێزە لەو ناوچەیەدا ، بەتایبەتیش لەچیای شنگال بکرێت .

### سەربازگەیەکی گەورەی PKK

PKK سەربازگەیەکی هەیە لەسەر چیای شنگال لە شوێنێک کە پێیدەڵێن (چل مێران) . کاتی خۆی سەدام حوسێن 39 مووشەکی لەو چیایەوە ئاراستەی ئیسرائیل کردن و دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، ئەمریکی تێدابوون . ئێستاش بووەتە سەربازگەیەکی PKK و لەوێ مەشق بە کوردی ئێزدی دەکەن. ئێستا لەنێو چیایەکە زۆر بازگەی سەربازی دانراون . ئەو شوێنانەی پێشمەرگە لێی نزیکن ئێزدییان لێ دانراون و لەنێو هەموو بازگەیەکیشدا دوو چەکداری YPGیان لەگەڵدان .

لەکاتی مەشقکردن بە کوردی ئێزدی لەلایەن PKKوە ، دوو خاڵی سەرەکی باسدەکەن . یەکەم: بە کوردە ئێزدییەکان دەڵێن "خائینی خۆتان لەبیر مەکەن. دووەم: کاری سەرەکیتان لێدانی داعشە و دواتر لێدانی خائینی ئێزدییەکانە کە پارتییە" .

PKK بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدات شکستی پێشمەرگە لە دەڤەری شنگال بۆ پەیداکردن و زۆرکردنی جەماوەری خۆی لەو ناوچەیە بەکاربێنێت ، ئەوەش لە ڕاماڵینی هێزی سەرەکی ئەو ناوچەیەدا دەبینێتەوە کە بەپێی هەموو هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو لەو دەڤەرەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بووە .

### گەریلای 12 ساڵی

بەشێکی ئەو کوردە ئێزدیانە کە بوونەتە چەکداری YBSە ، تەمەنیان لەنێوان 12 بۆ 14 ساڵیدایە . ئەو ڕۆژەی من چوومە چیای شنگال و دواتر بۆ ماوەی 8 کاژێر لەلایەن YPGوە دەستگیرکراین . 40 کوردی ئێزدی کە لەمەشقکردنەوە هاتبوون و ببوونە YBS ، چەند کەسێک لەنێویاندا هەبوون کە تەمەنیان بچووک بوو ، لێمپرسین ، دەیانگوت تەمەنمان 12 ساڵە، هەبوو 13 ساڵ و هەبووش 14 ساڵ و ژمارەیان زۆر بوو.

YPG یەکسەر چەکی دەدایە ئەو مێرمنداڵانە و فێری دەکردن کە چۆن چەک پاکبکەنەوەو بەکاریبێنن . ئەمەش بۆ ئەوەبوو حەزی ئەو مێرمنداڵانە بۆ شەڕکردن و چەکداری بەهێزتر بکەن .

هەر لەسەرەتای داخیلبوونی PKK و YPG بۆ چیای شنگال ، ئەوان ئارد و خواردنی زۆریان گواستبووەوە نێو چیایەکە . گەریلایەکی PKK گوتی ئەم خواردنە بۆ ئەوەیە حیسابی هەموو شتێک بکەین، ئەگەر شەڕی ئێمەش بکرێت ، بتوانین خۆمان ڕابگرین .

هێزەکانی پێشمەرگە کۆمەڵگەی دووگرێ دەپارێزن و شەڕ لەوێ دەکەن ، چونکە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام (داعش) لە ناحیەی سنونێن . YPG هیچ شەڕێک ناکات . ئەوان تەنیا لە پشتەوەی پێشمەرگە ئەو هێڵە بەکاردێنن کە پێشمەرگە بۆ دابەزینی ئاوارەکانی ئێزدی لە چیای شەنگاڵ کردوویەتییەوە و YPG ش ئەو ڕێگەیە بۆ گواستنەوەی چەک و چەکدارەکان و خواردن و خواردنەوە بەکاردێنێ بۆ هێزەکانی.

بە زۆرەملی و بەهەر شێوەیەک زۆر لە مەڕ و ماڵاتی ئێزدیەکانیان بردووەتە ڕۆژئاوای کوردستان . YPG بە خەڵکی دەگوت پەزی خۆتمان پێبدەن ، لەجیاتی ئەوە ئێوە بە لۆری و قەلابە دەگوازینەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان . ئەوانەی پەزی خۆیان دابووە YPG ، قەلابەیان دەهێنا نێو چیای شەنگاڵ و پێیاندەبردنە ڕۆژئاوا.

### تێکدانی ئاڵای کوردستان


ئەو پێشمەرگانەی لەبناری چیای شەنگاڵن و لە کۆمەڵگەی دووگرێن کە سەعید کێستەیی سەرپەرشتییان دەکات، ناتوانن بچنە نێو چیای شنگاڵ ، PKK ڕێگەیان پێنادات .

هەریەک لە ئاشتی کۆچەر و عەمید سمێ بوسەڵیش کە لەسەر چیای شەنگاڵن ، ناتوانن هیچ جموجۆڵێک بکەن بەبێ PKK ، بەجۆرێک لە جۆرەکان گەمارۆدراون .

هەموو چەکی هێزەکانی پێشمەرگە لە دۆشکە و بی کەی سی و چەکەکانی دیکە و ئۆتۆمبێڵە سەربازییەکان لەوانەش هەمەر ، کەوتوونەتە دەست PKK و دەیانگوت ئەمانە چەکی چەتەکانن ، کە ئەوان زۆرتر ئەو دەستەواژەیان بۆ داعش بەکاردەهێنا .

چیای شەنگال پڕکراوە لە وێنەکانی ئۆجەلان و ئاڵاکانی PKK و لە هەموو شوێنێک ئاڵای هەرە بەرز ئاڵای PKK یە و دواتر YPG . بەڵام ئاڵای کوردستان هەڵدەوەشێننەوە .

بەرامبەر ناحیەی سنونێ لەسەر چیای شنگاڵ ، ئاڵایەکی زۆر گەورەی کوردستان هەبوو کە بە بەرد دروستکرابوو ، لەلایەن PKKوە ئەو ئاڵایە تێکدراوە، بەچاوی خۆم بینیم کە تێکیاندەدا.



سەرچاوە: واشنتن پۆست

## سۆران سێوکانی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکگرتووی ئیسلامی:

# داعش برایەکی عەجولی حیزبە ئیسلامییەکانە





ئیدی ئیسلامی سیاسی کاتی بەسەرچووە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ئەو مۆدێلە نوێیەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە عێراق و سووریا پێشکەشیان کرد، نووسەرێکی ئیسلامی کە پێشتر ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکگرتووی ئیسلامی بووە، گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی کە بڵێ "مەفهومەکان لە هەناوی ئیسلامی سیاسییەوە هەڵە هاتن و هەڵەبووین کاتێک بەو شێوەیە خەڵک و نەتەوەی خۆمان لە ئیسلام تێگەیاند". هەروەها دەڵێت"ئیدی ئیسلامی سیاسی کاتی بەسەرچووە" .

سۆران سێوکانی، کە پێشتر ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکگرتووی ئیسلامی بووە، پێیوایە ساڵانی خەبات و تێکۆشانی ئەو لەنێو ئیسلامی سیاسیدا ئەزموونێک بوو، کاتێک لێی ورد دەبێتەوە دەڵێت "ئەوان وەک ئیسلامی سیاسی فاکتەرێکی نێگەتیف بوون لەنێو پرۆسەی سیاسی و نەتەوەییدا". هەروەها دەڵێت "سەردەمێک دەمانگوت نەتەوایەتی کوفرە یان هەڵەیە، دەبێت جارێکی دیکە خەڵک بە ئیسلام ئاشنا بکرێتەوە و پێیدا بچینەوە" .

ڕووداوەکان دوای دەستبەسەرداگرتنی پارێزگای نەینەوا و سەلاحەدین و هەندێک ناوچەی دیکە، زۆربەی مشتومڕە سیاسییەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی عێراقی لەبیری خەڵک بردەوە .

کاتێک چەکدارانی داعش لوولەی تفەنگەکانیان ڕوو لە کوردستان کرد، کارەساتێکی گەورەی مرۆیی ڕوویدا، سەدان ئێزدی کۆمەڵکوژ کران و ژن و کچانیان وەک دەستکەوتی جەنگ کەوتنە بەر تاڵانی، هەزارانی دیکەش دوای گەمارۆیەکی چەند ڕۆژی بەسەر چیای شنگالەوە، ئاوارەی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بوون. لەولاوە دیمەنەکانی سەربڕین و تەقاندنەوەی مەزار و مزگەوت و گۆڕی پێغەمبەر و کەسایەتییە ئاینییە ناسراوەکان لە موسڵ، لەلایەن داعشەوە بڵاوکرانەوە . هەموو ئەمانە ئەو مۆدێلە نوێیەی دەوڵەتی ئیسلامی بوو کە داعش ڕایگەیاند. دەوڵەتێک کە کاردانەوەیەکی گەورەی جیهانیشی بەدوای خۆیدا هێنا .

سۆران سێوکانی دەڵێ "ئیسلامی ڕاستەقینە و دروست ئەوەیە کە باب و باپیرانمان لێیتێگەیشتبوون، نەک ئەوەی وەک ئیسلامی سیاسی بڵاومانکردەوە، چونکە دەرکەوت ئیسلامی سیاسی مەرامەکانی خۆی بە ئیسلامەوە هەڵدەواسێ". بەڵام ئێستا کە لەنێو گەنجانی کوردیشەوە خەڵکانێک هەن پەیوەندی بە داعش و گرووپە ئیسلامییەکانی دیکەوە دەکەن، ئەو پرسیارە خەڵکی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە کە ئاخۆ شێوازی کاری ئیسلامی سیاسی لە کوردستان تاوەکو چەند زەمینەی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو گەنجانە ڕەخساندووە؟ سێوکانی دەڵێ "داعش هەڵنەقوڵاوە و لەپڕ پەیدا نەبووە، کوڕی مێژووە و کوڕی ئێستا نییە. کلتوورێکی ئیسلامی سیاسی هەیە و ئامادەی کردووە، بیرکردنەوەی ئیخوانیانە و سەلەفییە جیهادییەکان و بیروبۆچوونەکانی دیکەی نێو ئیسلامی سیاسی بەرهەمی هێناون" .

ئەو دەڵێ "پەشیمانم لەوەی لە ڕابردوودا بەوشێوەیە خەڵکمان لە ئیسلام تێگەیاند" .

بەبڕوای ناوبراو، مادام کورد خاوەنی قەوارە و کیانی سەربەخۆ نییە و فەلسەفەی نەتەوەییشی نییە، کلتوریشمان نییە و لەدەرەوەی مێژووە و تەنیا زمانێکی نەتەوەیی هەیە کە ئەوەش بەس نییە بۆ دروستکردنی دەوڵەت، ئێستاش بەشێکی دابڕاوین لە عێراق "بەڵام دەبێ بگەینە دەوڵەت، ئێستاش لە ئەوروپا بە کورد دەگوترێ کوردەکان و ناگوترێ نەتەوەی کورد" .

سۆران سێوکانی، لە ساڵانی هەشتاکاندا لە ڕێکخستنەکانی سەر بە ئیخوان موسلمین چالاک بووە، دواتریش لە ڕیزەکانی یەکگرتوودا درێژەی بەکارکردن داوە و تاوەکو ئاستی ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن ڕۆیشتووە، هەر لەڕیزەکانی یەکگرتوودا ماوەیەک چەند بەرپرسیارێتییەکی بەڕێوە بردووە، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا دانیشت و وەک خۆی باسیدەکات، بەهۆی کێشەی فیکری و بیرکردنەوەی جیاوازەوە بووە .

ناوبراو هێما بۆ بەردەوامیی پەیوەندیکردنی گەنجی کورد دەکات بە ڕیزەکانی داعش و گرووپە چەکدارییەکانی دیکەوە و دەڵێ، بیستوومە ئەمڕۆ کەسێک کە کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندە چووەتە موسڵ و دواتر بردوویانەتە سووریا بۆ ئەوەی ببێتە جیهادی، کاتێک باوکی چووە بەدوایدا بە باوکی گوتووە "ئێوەش پێویستە بێنە نێو دەوڵەتی ئیسلامییەوە بۆ ئەوەی بەکافری نەمرن". ئینجا دەپرسێ کێ ئەم گەنجەی دروستکردووە "ئەگەر بەهۆی فکری ئیخوانی و سەلەفییەکانەوە نەبێت کە هەمیشە جەخت لەسەر خەلافەت و دەوڵەتی ئوممە دەکەنەوە" .

بەبڕوای ئەو، لەم ڕووەوە بەشێک لە سەرکردەکانی یەکگرتوو باشتر بیردەکەنەوە، بەڵام کۆمەڵ و بزووتنەوە بۆچوونیان وایە "هەر دەبێت ئەو دەوڵەت و خەلافەتە دروستبکرێت، دەوڵەتی ئیسلامی داعش هەمان ئەو دەوڵەتەیە کە سەرکردەکانی کۆمەڵ و بزووتنەوە دەیانەوێ دروست ببێت"، گوتیشی "ئەگەر وەک داعشیش بیرنەکەنەوە، ئەوا داعش برایەکی عەجولیانە و نەخشەکەی لەوان تێکداوە و جیاوازیی لە میکانیزمدا هەیە" .

تاوەکو ئێستاش گوتاری ئیسلامییەکانی کوردستان بەرامبەر داعش و دەوڵەتەکەی، گوتارێکی ڕوون نییە، ئاخۆ کارەکانی ئیدانە دەکەن یان نا. وەک سۆران سێوکانی دەڵێت "گوتارێکی شەرمنانە و لاوازە". هێما بۆ گوتارەکەی ئەو دواییەی کۆمەڵی ئیسلامی دەکات لەبارەی تەقاندنەوەی گۆڕی یونس پێغەمبەر لە نەینەوا و دەڵێ "داعش خۆی دەڵێ من تەقاندوومەتەوە، کەچی بەیاننامەکەی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ گرووپێکی نەناسراو و چەکدار، هەر ڕوونکردنەوەیان نەدایە باشتر بوو" .

سۆران سێوکانی پێش ئەو قسانەی بۆ (رووداو)، لە ئەکاونتی خۆیەوە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، پەیامێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا پەشیمانی دەردەبڕێ لەوەی نەوەیەکیان لە کوردستان وا فێرکرد کە کۆمەڵگەی خۆیان بۆ موسڵمان و کافر دابەش بکەن.

موشیر گەلاڵی، بەرپرسی پێشووی مەکتەبی دەرەوەی کۆمەڵی ئیسلامی:

# هەڵوێستم کاتێک بەرامبەر داعش گۆڕا کە پەلاماری کوردستانیان دا



موشیر گەلاڵی، سەرکردەیەکی پێشووی کۆمەڵی ئیسلامییە و لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت بەهۆی ئەوەی گوتوویەتی ئامادەیە بەرگری لە ئێزدییەکانی شنگال بکات، لەلایەن زۆر کەسەوە دەستخۆشی لێکراوە و هەندێک کەسیش هەڕەشەیان لێکردووە.

هەروەها دەڵێت لەسەر ئەوەی ڕەخنەی لە داعش گرتووە مەلایەک لە هەولێر پێیگوتووە "کوفری کردووە".

گەلاڵی تاوەکو بەر لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی عێراق، بەرپرسی مەکتەبی دەرەوەی کۆمەڵی ئیسلامی بوو، بەڵام دوای ئەوەی ناوەکەی وەک کاندیدی کۆمەڵ بۆ پەرلەمان ڕەوانەی بەغدا کرا، لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دوورخرایەوە، چونکە ناوی لە لیستی ئەو کەسانەدا بوو کە پێشتر پەیوەندییان لەگەڵ حیزبی بەعس هەبووە، هەربۆیە لەلایەن کۆمەڵی ئیسلامیش دوورخرایەوە.

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود
ڕووداو - سلێمانی

## داعش ئاسانترین گرووپن بە دەست موخابەراتی وڵاتانەوە

**ڕووداو: ئێستا داعش بەمەترسی گەورە دەزانن لە ناوچەکەدا؟**

**موشیر گەلاڵی:** بێگومان مەترسییەکی گەورە و هەڕەشەیەکی مەزنە. هەڵسوکەوتیان لێبووردەیی تێدا نییە، داعش هەڕەشەیە لەسەر ئیسلام خۆی، پێش ئەوەی هەڕەشە بێت لەسەر ئاینەکانی دیکە. داعش لە سووریا لە جەبهەی ئیسلامی و بەرەی نووسرەوە دەستیپێکردووە و سەریان دەبڕێ، ئیدی تا دەگاتە کریستیان و ئێزدییەکان و ئەوانی دیکە. ئێستا خەڵکی موسڵ بێتاقەت بوون لە هەڵسوکەوتیان.

پێش هەموو شتێک من خۆم بە ئیسلامی دەزانم، بەڵام ئەوەندەی ئەوان ئیسلامیان ناشیرین کردووە لەبەرچاوی ناوچەکە و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئەمریکا بەهەموو پێوەرەکان نەیتوانی شتێکی وابکات. بەناوی جیهاد و تێکۆشان بۆ ئیسلام دریغی لە هیچ شتێک ناکەن، بۆیە ئەمانە هەڕەشەن لەسەر ئیسلام.

**ڕووداو: بەڵام دەنگۆی جیا جیا بڵاودەبنەوە، بۆچوونی وا هەیە داعش دروستکراوی دەستی ڕۆژئاوایە، هەریەکە و فرێیان دەداتە حەوشەی دەوڵەتێکەوە، ئایا دەکرێ ئیسرائیل ڕێکخراوێکی لەوشێوەیە دروستبکات؟**

**موشیر گەلاڵی:** دەکرێ ئیسرائیل و غەیری ئیسرائیلیش، ئەوان پێشتر پێیاندەگوترا قاعیدە یان ناوی دیکەیان هەبوو. بەبڕوای من قاعیدەی ئەمریکی، قاعیدەی ئیسرائیلی و قاعیدەی ئێرانیش هەیە، خۆ لەبنەڕەتەوە ئەوان دروستیان نەکردوون، بەڵام ئاسانترین گرووپن بۆ ئەوەی هەموو موخابەراتی وڵاتێک بتوانێ دەست بخاتە ناویانەوە. بەرژەوەندی هاوبەش وادەکات لەگەڵ هەندێک وڵات کاربکەن. جاران موخابەراتی ئەمریکا و وڵاتانی زلهێز بەهۆی دژایەتییان بۆ یەکێتی سۆڤێت هاوکارییان دەکردن، ئێستاش بەهەمانشێوە بەرژەوەندیی هاوبەش ئەم جۆرە دەستێوەردان و هاوکارییانە دروستدەکات.

**ڕووداو: ئێستا ئەوان هەڕەشەی جددین بۆ سەر کورد و کەمینەکانی کوردستان، بەرژەوەندی ئیسرائیل چییە لەوەی پەلاماری کورد بدەن، لە کاتێکدا وڵاتانی عەرەبی کورد بە دۆستی ئیسرائیل دەزانن؟**

**موشیر گەلاڵی:** وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات داعش بەکاردەهێنن، زۆر وڵات یارمەتی گرووپە تیرۆریستییەکان دەدات، بەڵام دواتر ئەم گرووپانە ئەوەندە گەورە دەبن کە لە کۆنترۆڵ دەردەچن، دوای گەورەبوون و فراوانبوون ئاراستەی خۆیان دەگۆڕن، هەندێ وڵات لە سەرەتاوە یارمەتی ئەم جۆرە گرووپانە دەدەن، بەڵام دواتر هەر خۆیان پێیانەوە گیرۆدە دەبن.

**ڕووداو: دەتوانیت لە پەیوەندی گەنجانی کورد تێبگەیت کە بۆچی لەناو داعشن؟ ئەمە ناودەنێن چی؟**

**موشیر گەلاڵی:** پەیوەندیکردنی گەنجی کورد یان گەنجی هەر وڵاتێکی دیکە بە گرووپی چەکداری داعش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دروشمانەی ئەو گرووپە بەرزی کردوونەتەوە. ئەم گرووپە کاتێک دێت باسی جیهاد دەکات، هەمووومان دەزانین جیهاد وشەیەکی چەند پیرۆزە لای گەنجی موسڵمان، تا ئەو ڕادەیەی لەپێناویدا سەری خۆی دادەنێ. جیهانی ئیسلامی یان بێدەنگ بووە یان وەک پەیژەیەک تەماشای کردووە. هەر بۆیە ئەمە وایکردووە گەنجان لەوسەری دنیاوە رابکێشێت. گەنجی خوێنگەرم نایانپەرژێتە سەر ئەوەی بچن دراسەیەکی ورد بکەن و بزانن ئایا دروشم و کردەوەکانیان تاوەکو چەند لەیەکەوە نزیکن. ئەم گرووپە ئاڵای "لا اله الا الله"ی بەرزکردووەتەوە و بانگەشەی جیهاد دەکات، ئەم دروشمانەش زۆر پیرۆزن لای گەنجی موسڵمان.

خەڵکی عاقڵ دێن قسەدەکەن لەبارەی ئەوەی ئەم گرووپە چەند نزیکە لە ئیسلامەوە یان دوورە. بەڵام گەنجێکی خوێنگەرم کە ئامادەیە لە پێناوی ئیسلام گیانی خۆی ببەخشێت، فریای ئەوە ناکەوێت تێفکرێت.

> کە ڕەخنەم لە داعش گرت مەلایەک لە هەولێر گوتی کوفری کردووە

> لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە قسە دەکەم بۆ دروستکردنی هێزێک

**ڕووداو: بەڵام ئێستا پرسیارێکی گرنگتر هەیە، ئەگەر ئەوان خەڵکانێکیان نەبێت لە باشووری کوردستان بۆ ئەوەی خەڵک هانبدات کە بڕواتە ناویان، فەیسبووک ئەوەندە کاریگەریی هەیە خەڵک بنێرێتە ناو داعش؟**

**موشیر گەلاڵی:** داعش هەر ئەوە نییە کە لە موسڵ بێت، هەڵگری ئەم فکرەیە کوچە و کۆڵانەکانی کوردستانیشی گرتووەتەوە. لەوانەیە مەلایەک خۆی بە بێلایەن ناوببات، یان یەکگرتووە یان کۆمەڵە، دوعایان بۆ دەکات و گەنجیان بۆ هاندەدات بە نهێنی و بە ئاشکرا. کاتێک چاوپێکەوتنێکی شەش خولەکیم کرد لە کەناڵی ڕووداو، مەلای وا هەبوو کە دەیناسم و خۆی بەبێلایەن لە قەڵەم دەدات و داموودەزگاشی هەیە، لەو ڕۆژانەی هەولێر چۆڵدەکرا بە ناڕاستەوخۆ خەڵکی هاندەدا و ڕەخنەی لە من گرتبوو. خەڵکێک هەیە ڕەواجیان پێدەدا. لەوڵاتانی ئەوروپاش خەڵک هەیە خۆی بەداعش نازانێت، بەڵام کاتێک دەچێتە مزگەوتەکان، هەواڵی داعش و تەقاندنەوەی مەزارەکان و شوێنەکان دەبیستێ دەستخۆشییان لێدەکات. هەموو ئەوانە دەچێتە خانەی پاڵپشتیکردنی داعش.

**ڕووداو: بۆچی لە باکووری کوردستان یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەنجی کورد بەو شێوەیە ناچنە ناو داعشەوە، هۆیەکە ئەوە نییە لەوێ حیزبی ئیسلامی نییە یان کەمترە؟**

**موشیر گەلاڵی:** لەوانەیە ئەوە یەکێک لە هۆکارەکان بێت، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەر ئەوەی ڕژێمێک هەیە و دەبێ بپرسین ئایا مافە کۆمەڵایەتی و مەزهەبییەکان لەو وڵاتە دابینکراوە؟

**ڕووداو: بەڵام ئەی باکووری کوردستان؟**

**موشیر گەلاڵی:** لە باکووری کوردستان بیری نەتەوایەتی وەک ساڵانی شەستەکانی باشووری کوردستان وایە. لەوێ خەڵک زیاتر سەرقاڵن بە مەسەلە نەتەوایەتییەکان، ئەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان.

**ڕووداو: ئێستا قسەی دیکەش هەن و دەگوترێ بەهۆی ئەوەی ساڵانێک جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلام و ئەوانە لە باشووری کوردستان هەبوون، خەڵک پێیانوایە ڕەنگە داعش لە باشووری کوردستان شانەی نووستووی هەبێت؟**

**موشیر گەلاڵی:** کەم کوچە و کۆڵانی کوردستان هەیە شانەی نووستووی داعشی تێدا نەبێت، چونکە کۆمەڵێک دروست بوون کە ناویان جیایە و جیاوازیی نێوانیشیان بە ملیم و عەیارە، واتە داعشی عەیار 12 هەیە و داعشی عەیار 24 هەیە. کەچی لەڕووی فکرەوە هەموویان یەکن.

**ڕووداو: مەبەستت حیزبە ئیسلامییەکانە؟**

**موشیر گەلاڵی:** نا، من ناتوانم یەکگرتوویەک بهێنمە ڕیزی داعشەوە، یان ئەندامێکی کۆمەڵی ئیسلامی، زیاتر مەبەستم سەلەفییە جیهادییەکانە، بەڵام ئیدی قاعیدە و جەبهەتولنوسرە و جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلام و ئەوانە لەگەڵ داعش لەتای تەرازوویەکن. یان کەسێک هانیان دەدات داعشە. کاتێک من لەتەلەفزیۆنی ڕووداو قسەم کرد، بیستمەوە مەلایەک لە هەولێر کە گوایە بێلایەنە، گوتبووی ئەو قسانەی موشیر گەلاڵی کردوویەتی کوفرە. من کە دەڵێم بەشێکی زۆر لە کوچە و کۆڵانەکانی کوردستان شانەی نووستووی داعشی تێدایە، ئەو جۆرانەن کە ئاوا بیردەکەنەوە.

**ڕووداو: بەڵام گوتاری ئیسلامییەکانیش لەبارەی داعشەوە تارادەیەک شەرمنانەیە و هەر ئەوەندە لەبارەی داعشەوە دەڵێن کە پێیانوایە زێدەڕۆییان کردووە، ئایا ئەوەی داعش دەیکات زێدەڕۆییە یان تاوانە؟**

**موشیر گەلاڵی:** جارێ دەبێ بزانین هۆی دروستبوونیان چییە، خۆی ئەمە ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە و بابەتێکی نوێ نییە. لە سەردەمی پێغەمبەریشدا خاوەنی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە هەبوون و پێغەمبەرێک کە ئێمە بەبێ هەڵەی دەزانین، خەواریجەکان بە پێغەمبەریش ڕازی نەبوون. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر سەیر بکەین سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا نادادپەروەریی زۆری تێدایە، چونکە کاتێک قسە دێتە سەر کێشەی فەلەستین هەڵوێستیان نییە، یان دروستکردنی بەهاری عەرەبی لەسەر خوێنی ئەو خەڵکە. ئەمانە و زۆر بابەتی دیکە هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی گرووپی وەک داعش. باشە 2 هەزار کەسی فەلەستینی کوژراون و بەشێکی زۆریان منداڵن، بۆ نابێت هەڵوێستیان هەبێت؟

من پێموایە هەڵوێستی ئیسلامییەکان و یەکێتی زانایانیش لاوازە، یانی چی لەکاتێکدا خوێن دەڕژێ تۆ بەیاننامەیەک دەربکەیت و هیچی دیکە. ئەمە خەڵکەکەشی چەواشە کردووە و نازانێ بە کامیان بڕوا بکات.

**ڕووداو: لەدوای چاوپێکەوتنەکەی ڕووداو گوتت هێزێکی 100 کەسیت لەگەڵ بێت ئامادەیت بچیتە پێشەوە بۆ بەرەکانی جەنگ؟**

**موشیر گەلاڵی:** من هێشتا لە ژووری ستۆدیۆی ڕووداو بووم، لەڕێگەی تەلەفۆنەوە دەیان گەنجی بەڕێز تەلەفۆنیان بۆ کردم، لە تەواوی چین و توێژەکانەوە دەستخۆشیم لێکرا و ئامادەیی خۆیان دەربڕی. دواتر بە نامە و کۆمێنت و لەگەڕمیانەوە تاوەکو هەولێر و سلێمانی و ڕانیە و دهۆک، لە خزم و کەسوکارەوە، لە چەندین شوێن و لە گەنجانی نێو کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامیشەوە پەیوەندییان کردووە و ئامادەیی خۆیان دەربڕی بەچەکی خۆیانەوە شەڕبکەن، من چاوەڕوانم لەگەڵ جەنابی وەزیری پێشمەرگە لەوبارەیەوە قسە بکەین.

بێگومان خەڵکێکی زۆر تەلەفۆن دەکەن، چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ تەلەڤزیۆنی ڕووداو کاتێک بوو کە خەڵک هەولێری چۆڵدەکرد، خەڵک گەڕانەوە نێو ماڵ و حاڵی خۆیان و لەو بڕوایەدام ئەگەر ئەو چاوپێکەوتنە ڕۆژی دواتربا ئەو کاریگەرییەی نەدەبوو.

**ڕووداو: گەنجێک گوتی دوای قسەکانی تۆ لە دەربەندیخان خەڵک دەستیان بەچەککڕین کردووە؟**

> داعشی عەیار 12 و عەیار 24 هەیە

**موشیر گەلاڵی:** ڕاستە، قسەکان لەوکاتانەدا زوو دەچێتە دڵی خەڵکەوە. خەڵکێکی زۆر دەستخۆشییان کرد، زیاتر لە 3 هەزار لایک کرابوو، زیاتر لە 90 کۆمێنتی دەستخۆشی نووسرابوو لە فەیسبووک، بەڵام خۆ کۆمێنتی خراپ و هەڕەشەش نووسرابوو.

**ڕووداو: هەڕەشەی چیت لێکرابوو؟**

**موشیر گەلاڵی:** ئەمانە وەک پێشتر گوتم هەر داعشن بە عەیارێکی دیکە، ئەوانەن کە لەناو کوچە و کۆڵانەکان و مزگەوتەکان و شەوانە ئاڵای داعش هەڵدەکەن لە جادەکانی هەولێر، بۆیە هەڕەشەمان لێدەکەن و تەکفیرمان دەکەن.

**ڕووداو: جیاوازییەک هەیە لەنێوان بۆچوونی ئەنسارولئیسلام و داعشدا؟**

**موشیر گەلاڵی:** پێموانییە جیاوازی لە نێوانیاندا هەبێت، ئەگەر هەشبێت ئەوەیە کە ئەوان عەیارێکن و ئەمانیش عەیارێکن، وەک گوتم داعشی عەیار 12 و 24 یش هەیە. لەڕووی فکرەوە یەکن، بەڵام ڕەنگە ئامانجی ناوچەییان هەیە.

ئەم داعشانە تاوەکو پەلاماری کوردستانیان نەدا، ئەم داعشانە کاتێک 5 فیرقەی مالیکییان ڕاماڵی، لەکاتێکدا سەنگەرەکانی ئێمە سەلامەت بوون، من گوتم تا مابین دەبێ سوپاسی داعش بکەین بەمەرجێک لوولەی تفەنگەکانیان ڕوونەکەنە ئێمە. هەڵوێستی من بەرامبەر داعش کاتێک گۆڕا کە پەلاماری کوردستانیان دا. لەو بڕوایەدام ئەگەر وایان نەکردایە ڕەنگە وڵاتانی ڕۆژئاواش پشتیوانییان لێبکەن.

**ڕووداو: ئەگەر داعش بگەیشتنایە کوردستان، حیزبە ئیسلامیەکانیان قبوڵ دەکرد؟**

**موشیر گەلاڵی:** بێ شک قبوڵیان نەدەکردن و یەکەمجار یەخەی ئەوانیان دەگرت، خۆ لە موسڵ نزیکەی 12 ڕێکخراو و گرووپی ئیسلامی هەبوون، پێش هەموو کەس ئەوانیان ئاگادار کردەوە و ماوەی 48 کاژێریان بۆ دانان تاوەکو بەیعەت بە خەلیفەکەی ئەوان بدەن، دواتر هەموویان سڕینەوە. جا ئەوان عەرەبێکی سوننەی وەک خۆیان قبوڵ نەکەن کێ قبوڵ دەکەن.



**موشیر گەلاڵی:**

- لەساڵی 1961 لە گەلاڵە لەدایکبووە
- دانیشتووی شاری لەندەنی بەریتانیایە
- بکالۆریۆس و ماستەری لەدراساتی ئیسلامیدا هەیە
- خاوەنی ژمارەیەک توێژینەوەیە بەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی
- بەشداری زۆربەی کۆبوونەوە و کۆنگرەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی کردووە لە دەرەوە.
- پێش کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵی ئیسلامی بەرپرسی مەکتەبی ئەوروپای کۆمەڵ بووە.



## کەمال عەلی دەگەڕێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی کورد کەمال عەلی دوای چەند ساڵ بێدەنگی و دوورکەوتنەوە لە گۆرانی ئێستا گەڕاوەتەوە کوردستان و چەند گۆرانییەک تۆمار دەکات. کەمال عەلی بە (ڕووداو)ی گوت "پاش ماوەیەک دوورکەوتنەوەم لە کاری هونەری، ئێستا گۆرانییەکی ئەڤینداریم بەناوی دووریت تۆمار کردووە کە بەم نزیکانە بڵاوی دەکەمەوە". جگە لەو گۆرانییە، کەمال عەلیش وەک زۆر لە هونەرمەندانی کورد سەرقاڵی تۆمارکردنی سروودێکە بۆ پێشمەرگە کە ژەنیاری گەنج محەممەد یاسین کاری دابەشکردن و دانانی ئاوازەکەی بۆ کردووە.



# کامگارانێکی دیکە لە تورکمانستان

**خۆشەوی محەممەد**

**ڕووداو- مۆسکۆ**

"باوکم پارێزەرە و دایکم لە باخچەی ساوایان کاردەکات، خۆم و هاوسەرەکەم و براکانیشم دەرچووی هیچ ئەکادیمیایەکی میوزیک نین، بەڵام گرووپەکەمان یەکێکە لە گرووپە بەناوبانگەکانی تورکمانستان". ئەمە قسەی ژنە گۆرانیبێژی کورد فرانگیز ئۆرازۆڤە لەبارەی گرووپێکی کوردی بەناوی (ئێف، ئای، ئەی) کە هاوشێوەی کامگارەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەندامانی خێزانێکی کورد بەڕێوەی دەبەن.

ئەندامانی ئەو گرووپە کە لە زۆر فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی لە تورکمانستان بەشدارن، پێکدێن لە باوک کە تەپڵ لێدەدات، دایک کە پیانۆ دەژەنێت، فرانگیز گۆرانی دەڵێت و سێ برای و هاوسەرەکەشی هەریەکەیان ئامێرێک دەژەنن. فرانگیز خێزانەکەی بە قوتابخانەیەکی هونەری وەسفدەکات "چونکە لەوێ فێری خۆشەویستی هونەر و موسیقا و شیعر نووسین و گۆرانیگوتن بووم".

### بە 8 زمان گۆرانی دەڵێت

فرانگیز بە چەندین زمانی زیندووی جیهان گۆرانی گوتووە، ئەو هەرچەندە زمانی کوردی بە باشی نازانێت، بەڵام چەند گۆرانیەکیشی بە زمانی کوردی گوتووە.

فرانگیز تاوەکو ئێستا بە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، تورکی، فارسی، ئازەری، ڕووسی، ئەرمەنی و ئۆزبەکی گۆرانی گوتووە. ئەو دەڵێت "وەکو ڕێزگرتنێک لە گوێگرانم، هەمیشە هەوڵی زۆرم داوە کە بەزۆرترین زمان گۆرانی بڵێم و هونەرەکەم بە جیهانی بکەم". هەروەها دەڵێت "هەرچەندە من زمانی کوردی بە باشی نازانم، بەڵام لە خۆشەویستیم بۆ نەتەوەکەم چەند گۆرانیەکم بە زمانی کوردی گوتووە".

فرانگیز خاوەنی پێنج ئەلبوومی گۆرانییە، دوایین ئەلبوومی لە 2014/1/1 بەناوی "من و تۆ" بڵاوبووەتەوە. هەروەها لە مانگی ئایاری ئەمساڵیش 4 گۆرانی کوردی تۆمار کردووە بە ناوەکانی (ئەز حەژ تە دکەم، دەۆکا ڕەنگین، کچکێ گوندێ مە، میرۆ). ئێستاش گۆرانییەکی کوردی لەبەردەستە و بەمزووانە کلیپی بۆ دەکات.

### "کورد"لەسەر پاسپۆرتەکەیەتی

زۆربەی ئەو کوردانەی لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست دەژین، بە تەواوی لەگەڵ نەتەوە باڵادەستەکانی ئەو وڵاتانە ئاوێتە بوون و زۆربەیان زمانی کوردی نازانن. کەچی هێشتا هەر شانازی بە کوردبوونیانەوە دەکەن. بۆ فرانگیز شانازییەکی گەورەیە کە لەسەر پاسپۆرتەکەی نووسراوە "کورد". ئەو دەڵێت "من کوردم و هاوسەرەکەشم کوردە، ئەوەشی زۆر جێگای خۆشحاڵی و شانازییەکی گەورەیە بۆ من، ئەوەیە کە لەسەر پاسپۆرتەکەم ناوی نەتەوەکەشم نووسراوە".

### بە شڤان پەروەر سەرسامە

سەبارەت بە پەیوەندیی لەگەڵ هونەرمەندانی کورد و شارەزایی و ئاگایی لە هونەری کوردی، فرانگیز دەڵێت "زۆر حەز لە گوێگرتن لە هونەر و گۆرانی کوردی دەکەم، زۆرکات گوێ لە دەنگی هونەرمەندان شڤان پەروەر و ڕۆژدا و ڕۆژین و کەمال ئامەد دەگرم، بەڵام زۆر سەرسامم بە دەنگ و سەدای شڤان پەروەر، بەڕاستی دەنگێکی پڕ جۆش و خرۆش و زیندووی هەیە، تائێستاش چەند گۆرانییەکی ئەوم گوتووەتەوە، بەڵام بەداخەوە هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ هونەرمەندە کوردەکان نییە".

ئەوەی فرانگیز خەونی پێوە دەبینێت، سەردانی بەشەکانی کوردستانە، بە تایبەتی باشووری کوردستان، ئەو دەڵێت "زۆر حەزدەکەین گرووپەکەمان بەشداری بکات لە فێستیڤاڵی نەورۆز کە ساڵانە لە هەولێری پایتەختی کوردستان سازدەکرێت".

### زمانی کوردی لەناودەچێت

بەپێی قسەی فرانگیز، نزیکەی 40 هەزار کورد لە تورکمانستان دەژین. خەمی گەورەی فرانگیز ئەوەیە کە لە داهاتوودا شتێک نامێنێت بەناوی زمانی کوردی لە تورکمانستان. ئەو دەڵێت "ڕاستە ئێمە کوردین، بەڵام بە داخەوە بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی کوردی، هەروەها لێرەش هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە قۆناغی زانکۆ، خوێندن هەمووی بەزمانەکانی دیکەیە، زمانی کوردی تەنیا لەناو خێزانەکاندا بەکاردێت، ئەویش بەشێوەیەکی کەم، ئێمەش زۆربەی کاتەکان لە خوێندن و ئیش و کاربووین و زیاتر بە زمانی تورکمانستانی و ڕووسی قسە و گفتوگۆمان کردووە، بۆیە زمانی کوردیمان لە ئاستی پێویستدا نییە، ئەگەر هەر بەمشێوەیە بڕوات و خەمێکی جددی لێ نەخورێت، زمانی کوردی بەرەو لاوازبوون و پاشانیش لەناو دەچێت".

بەڵام فرانگیز دەستەوەستان نەبووەو هەڵیداوە خۆی فێری زمانی کوردی بکات، ئەو دەڵێت "بەردەوام هەوڵمداوە بۆ فێربوونی زمانی کوردی، زۆرجار من لە بەشێک لە گۆرانییە کوردییەکان تێناگەم کە گوێیان لێدەگرم، لەڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەو وشانەی کە نایزانم پرسیار لە هاوڕێکانم دەکەم".

### شەیدای جلی کوردییە

فرانگیز جلوبەرگی کوردی لە هەموو جلەکانی دونیا بە جوانتر دەزانێ، بەڵام لەوێ دەستی ناکەوێت "کێشەیەکی دیکە لێرە نەبوونی جلوبەرگی کوردییە، ئەم نەوەیەی تازە پێگەیشتووە زیاتر جلوبەرگی بیانی لەبەر دەکات، بۆیەش لەو نێوەدا جلوبەرگی کوردی بەرەو لەناوچوون دەچێت، بەڵام من لە ڕێگای سەیرکردنی ماڵپەڕەکانەوە، کاتێک وێنەی کچان و کوڕانی کورد دەبینم بە جلوبەرگی کوردی، لای خۆم وێنەکان خەزن دەکەم، پاشان لای بەرگدروو بە هەمانشێوە جلوبەرگی کوردی دروست دەکەم، تاوەکو ئێستا چەند جارێک بەمشێوەیە جلوبەرگی کوردیم بۆ خۆم و ئەندامانی گرووپەکەم دروستکردووە، لە چەند بەرهەمێکی کوردیش جلی کوردیمان پۆشیوە و کلیپمان پێکردووە، تەنانەت لە بەشێک لە چالاکی و ئاهەنگەکانیش بەجلی کوردی بەشداریمان کردووە.

**فرانگیز ئۆرازۆڤە:**

- سالی 1985 لە گوندی فیرۆزی نزیک ئەشقابادی پایتەختی تورکمانستان لەدایکبووە.
- لە تەمەنی 5 ساڵی نێردراوەتە قوتابخانەی میوزیک.
- لە تەمەنی 9 ساڵییەوە شیعر دەنووسێت و گۆرانی دەڵێت.
- خاوەنی 5 ئەلبوومی گۆرانییە.
- بە 8 زمان گۆرانی دەڵێت.



### لەژێر خاچی مەسیحدا

# کورد و جولەکە گۆرانی بۆ ئاشتی دەڵێن

**جاشوا تایسن**

**ڕووداو — لۆس ئەنجلس**

چەند ئامێرژەنێک کە سەر بە نەتەوە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، بەپێچەوانەی ئەو توندوتیژییەی کە ئێستا وڵاتەکانی ئەوانی لەو ناوچەیە گرتووەتەوە، هەفتەی ڕابردوو لە لۆس ئەنجلس کۆنسێرتێکی گۆرانی و میوزیکیان سازکرد.

سەنتەری کەلتووریی شام کۆنسێرتەکەی لە کالیفۆرنیا ڕێکخستبوو. "ڕووحێکی قووڵ" ناونیشانی کۆنسێرتەکە بوو کە گۆرانی کوردی و عیبری و عەرەبی تێدا گوترا.



گرووپەکە پێکهاتبوون لە میوزیکژەنی ئیسرائیلی یوڤال ڕۆنگ، گۆرانیبێژی کورد دەلیل دیلانار کە خەڵکی باکووری کوردستانە، جەیمی پاپشی کە خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. بۆنەکە لە ژێر خاچێک و لەبەردەم خەڵکێکی دڵگەرمی فرەنەتەوە لە کڵێسایەک سازکرا.

هاودامەزرێنەری سەنتەرەکە جۆردن ئەلغەرابی کە فەرەنسییەکی بەرەگەز مەغریبییە، بە (ڕووداو)ی گوت "سەنتەری کەلتووریی شام لە ساڵی 2001 دامەزراوە لەپێناوی بڵاوکردنەوەی تێگەیشتنێکی زیاتر لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا".

ئەلغەرابی گوتی "پرۆگرامی پەروەردەیی و هونەری پێشکەش دەکەین کە یارمەتی دروستبوونی پردی پەیوەندی دەدات لە نێوان بیروڕا و ئاینە جیاوازەکان، هێزی مۆسیقا لە جوانییە گەردوونیەکەیدا دۆزراوەتەوە. سەرئەنجام مۆسیقا خەڵک پێکەوە کۆدەکاتەوە سەرەڕای جیاوازیەکانیان".

ئامادەبووانی کۆنسێرتەکە پێکهاتبوون لە کورد تورکمان، ئەرمەن، عەرەب و جولەکە و هەموویان لەژێر ئەو پەنجەرە شووشانەدا دانیشتبوون کە تەعبیریان لە مێژووی مەسیحییەت دەکرد.

مۆسیقاژەنی کورد دیلانار بە لێدانی ئامێری تەمبوور و شمشاڵەکەی ئامادەبووانی سەرسام کردبوو. دەنگە خۆشەکەی دیلانار ئامادەبووانی خستبووە کەشێکی ڕۆحی.

مۆسیقاژەنە ئیسرائیلیەکە لە نزیکەوە کاردانەوەی لەگەڵ ئامادەبووان هەبوو، هانی خەڵکی دەدا چەپڵە لێبدەن لەگەڵ ئەو گۆرانییانەی کە نمایش و یادی چیرۆکەکانی جوانی و خۆشەویستی خێڵە کۆنەکانی دەکردەوە. ڕۆن باسی لەو چیرۆکانە دەکرد کە زیاتر لە هەزار ساڵ کۆن بوون و پەیامی جوانی و گۆڕانکاری و لێخۆشبوونیان تێدابوو.

پەنابەرێکی کورد کە ئامادەی کۆنسێرتەکە بوو، گوتی "لەو بڕوایەدا نیم هیچ ناکۆکییەکی ئاینی هەبێت لەنێوان خەڵکەکەدا. هەموومان مرۆڤین، هەموومان باکگراوند و ئاینی جیاوازمان هەیە، بەڵام هەموومان لێرە کۆبووینەتەوە، لۆس ئەنجلس شوێنی هەموو نەتەوەکانە. هەموو کەسێک لێرە دەژی و بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر هەموو شتێک، بەڵام هەمووشمان بە دڵخۆشی پێکەوە دەژین".

سێ مۆسیقاژەنەکە چیرۆکەکانیان بە تام و چێژو دەنگی سەردەمیانە دەگوتەوە بەشێوازێک کە کەشێکی گونجاوی بۆ ئامادەبووان سازکردبوو. فرەنەتەوەیی کەشوهەوایەکی ئارامی بۆ خەڵکەکە دروستکردبوو کە بتوانن کەلتووره جیاوازەکانی خۆیانی تێدا بەرز ڕاگرن.

پاش کۆنسێرتەکە، ڕۆن قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "هەست دەکەم ئەو مۆسیقایەی دەیژەنم سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێ و دڵیان دەتوێنێتەوە. هەست دەکەم مۆسیقا وا لە خەڵکەکە دەکات خۆیان لەبیربچێتەوە و دەیانخاتە قووڵایی ناخی خۆیانەوە. ئەم مۆسیقایە سەر بە جیهانی کۆنە و سەر بە کەلتوورێکە کە هونەرەکەی لە دەوروبەری ئاگردان گەشەی کردووە".

ڕۆن کە شارەزاییەکی زۆری لە مۆسیقای خۆرهەڵاتدا هەیە، ئەندامێکی دیاری کۆمەڵگەی جولەکەیە لە لۆس ئەنجلس.

"دوو شتی سەرەکی هەیە کە هاندەرمە: یەکەمیان، پێویستیی خۆمە بۆ پەیوەستبوونم بە ڕەگ و ڕیشەمەوە. ئەویتریان کە ڕەنگە پاڵنەرێکی گەورەتر بێت، بەردەوامبوونە لە هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری. ئەوەی زۆر پاڵنەرمە پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە هێشتا پێویستە هیوامان هەبێت بە پێکەوەژیان و گۆڕانکاری لە مرۆڤایەتیدا." ڕۆن یۆڤال وایگوت.

یوڤال گوتی ئەو تەوژم و جۆش وخرۆشەی بەم دواییە بۆ مۆسیقا لە ناوچەکەدا پەیدا بووە، لە ئەنجامی هەوڵی نەوەیەک بووە لە خەڵک کە دووبارە ڕیشە و کەلتووریان لەڕێگەی مۆسیقاوە ئاشکرا کردووە.

سەنتەری کەلتووری شام چالاکە لە ئەنجامدانی بۆنەی هونەری و مۆسیقای خۆرهەڵاتی و باکووری ئەفریقا.

ڕووداو تاراوگە
ژمارە (322) دووشەممە 2014/8/18

## کورد چوونە بەردەم پەرلەمانی سوێد



**ڕووداو – سوێد**

ڕۆژی 2014/8/17 بە سەرپەرشتی فیدراسوێنی کۆمەڵە کوردستانیەکان و بە ئامادەیی نوێنەری زۆربەی لایەنە سیاسیەکان و بەشێکی بەرچاو لە ڕەوەندی دڵسۆزی کوردی دەڤەری ستۆکهۆڵم، خۆپیشاندانێکی فراوان لە بەردەم تەلاری پەرلەمانی سوید ئەنجام درا. خۆپیشاندانی کوردانی ئەو وڵاتە بە ئامانجی بە دەنگەوەهاتنی وڵاتی سوید بووە، لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی داعش لە بەرامبەر خاک و خەڵکی کوردستان ئەنجامی دەدات، کە دواهەمین تاوانیان بە کۆمەڵکوشتنی سەدانی پیاوی ئێزدی بوو لە شنگال.

### PKK نەیهێشت بەرزبکرێتەوە

# کورد لە مۆسکۆ لەسەر ئاڵای کوردستان بەشەڕدێن



**خۆشەوی محەممەد**
**ڕووداو- مۆسکۆ**

ژمارەیەکی زۆر لە کوردی نیشتەجێی ڕووسیا کە زۆربەیان ئێزدی بوون، ڕژانە سەر شەقامەکانی شاری مۆسکۆ بۆ پرۆتستۆکردنی هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردی ئێزدی لە باشووری کوردستان، بەڵام گردبوونەوەکەیان بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشت، چونکە لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان نەیانهێشت ئاڵای کوردستان بەرزبکرێتەوە.

ئەو کوردانە ڕۆژی 11/8/2014 لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە مۆسکۆ کۆبوونەوە، بۆ پرۆتستۆکردنی هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر قەزای شنگال و کۆمەڵگەکانی دەوروبەری.

بەشداربووانی گردبوونەوەکە چەند پلانکارتێکیان بەرز کردبووەوە کە گوزارشت بوون لە پرۆتستۆکردنی تاوانەکانی داعش دژی کوردی ئێزدی، هەروەها وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و ئاڵای کوردستانیش بەدەستی خۆپیشاندەرەکانەوە بوو.

بەڵام ناکۆکیی سیاسی هەرزوو لەسەر گردبوونەوەکە ڕەنگیدایەوە، کاتێک لایەنگرانی PKK داوایان کرد ئاڵای کوردستان بەرزنەکرێتەوە و دروشم و قسەی نەشیاویان دژی بەرپرسانی باشووری کوردستان گوتەوە.

لە گردبوونەوەکەدا، بەرپرسی ماڵی کورد لە مۆسکۆ هێرشی کردە سەر بەرپرسانی باشووری کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە و بە "خیانەتکار" ناوی بردن.

هەڤاڵ مەهدی، خەڵکی شاری دهۆک کە قوتابی ماستەرە لە زانستە سیاسییەکان، لەبەرئەوەی وەڵامی تۆمەت و قسەکانی ئەو بەرپرسەی دابووەوە، کەوتە بەر مەترسیی هێرش، پاشانیش بە ژمارە تەلەفۆنی نەناسراو هەڕەشەی لێکراوە.

هەڤاڵ کە بەشداری لە گردبوونەوەکەدا کردبوو بە (ڕووداو)ی گوت "لە کاتی بەشداریکردنم لە گردبوونەوەکە کە بۆ بە جینۆسایدناسینی دۆسیەی شنگال بوو، بینیم ئەوان هیچ ئاڵایەکی کوردستانیان هەڵنەگرتووە جگە لە وێنەی ئۆجەلان و ئاڵای PKK، ئەوان هیچ باسی داعشیان نەدەکرد".

وەک هەڤاڵ گوتی، سەرەتا بەرپرسی ماڵی کورد لە مۆسکۆ هێرشی کردە سەر پێشمەرگە و بە "خیانەتکار" ناوی بردن. ئەویش دوای ئەوەی وەڵامی دەداتەوە و لەگەڵی دەکەوێتە مشتومڕ، بەرپرسی ماڵی کورد دەستی لێ بەرزکردووەتەوە و چەند کەسێکی دیکەش هاواریان بەسەردا کردووە و پێیانگوتووە دەمت دابخە. هەڤاڵ دەڵێت "من ڕێزی ئەوانم گرت، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون لەسەر هاوارکردن". بۆیە هەڤاڵ ئاڵای کوردستان بەرز دەکاتەوە "بەڵام ئەوان پێیانگوتم ئەم ئاڵایە بەرزمەکەوە، پاشان هەوڵیاندا لێم بدەن و ئاڵاکەم لێ بستێنن. دواتر شەوی 12ی مانگ بە ژمارەیەکی تایبەت تەلەفۆنیان بۆ کردم و داوایان لێکردم کە بچم بۆ ناوچەی ئێمکاد لە مۆسکۆ و چاوم پێیان بکەوێت، بەڵام من نەچووم، هەر ئەو کاتیش پەیوەندیم بە بەڕێز نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ڕووسیا کرد و ئاگادارم کردەوە، ئەویش گوتی: لە ماڵەکەی خۆت دەرنەچیت، ئێمە لێرەین هیچ خەمت نەبێت".

(ڕووداو) پەیوەندی کرد بە د.ئاسۆ جەنگی تاڵەبانی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووسیا. د.ئاسۆ گوتی "ڕاستە هەڤاڵ پەیوەندی پێوەکردم لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام لەبەر ناسکیی بارودۆخەکە پێم باش نییە ئەم بابەتە زەقبکرێتەوە".






# ماڵەکەی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی سووتاند

**ڕووداو- Dailymail**

بەهۆی ئەو مۆمانەی بۆ خۆشەویستەکەی داگیرساندبوون، ماڵەکەی سەرتاپا بووە سوتوو.

گەنجێکی کوردی نیشتەجێی بەریتانیا کە ناوی ئامانج حوسێنە، بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی هاوڕێ کچەکەی دەکات کە ماوەی مانگێک بوو بە سەفەر چووبووە دەرەوەی بەریتانیا. ئامانج بڕیار دەدات بۆ پێشوازیکردن لە هاوڕێیەکەی سوپرایزێک بکات. لەسەر مێزێکی تەنیشت ئەو تەختەی لەسەری دەخەوێت گوڵێکی گەورە دادەنێت. هەروەها بوتڵێک شامپانیا و دوو پەرداخ دادەنێت. لەسەر فەرشی ژوورەکەش بە مۆمی داگیرساو دڵێک دروستدەکات کە تیرێکی لێدراوە و لەژێریشیدا بە مۆم ناوی خۆشەویستەکەی نووسیوە. پاشان بۆ پێشوازی لە هاوڕێیەکەی دەچێتە دەرەوەو چاوەڕوانی دەکات. بەڵام بەسەر ئاگرێکی گەورەدا دەگەڕێتەوە کە لە ماڵەکەی بەربووەو سەرلەبەری سووتاندووە.

ئامانج لە ناوچەی کێنت-ی بەریتانیا دەژیت و تەمەنی 29 ساڵە. کاری بیناسازی دەکات و خۆشەویستەکەشی کە ناوی جانایە، تەمەنی 24 ساڵە و خەڵکی لاتڤیایە. بەرلەوەی ماڵەکەی بسووتێ، ئامانج چەندین وێنەی ڕازاندنەوەی ژوورەکەی گرتووە. ئێستا کە جانا سەیری ئەو وێنانە دەکات، زۆر نیگەران دەبێت. ئامانجیش بەوە دڵخۆشیی دەداتەوە کە جارێکی دیکە هەمان ژووری بۆ دەڕازێنێتەوە، بەڵام ئەمجارە بەبێ مۆم.

ئامانج لەبارەی ئەو ڕۆژەی ڕووداوەکە دەڵێت: "ویستم سوپرایزێکی بۆ بکەم، چونکە دەمێک بوو نەمدیتبوو". هەروەها دەڵێت "چەند خولەکێک بەرلەوەی جانا بگاتە ماڵەوە تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: وەرە دەرەوە جانتا و شتم پێیە، منیش پێمگوت لە دەرەوەم و کێشەیەکی گەورەمان هەیە. کاتێک جانا زانیی مەسەلە چییە، گوتی کێشە نییە و خۆشحاڵە کە کەس هیچی لێ نەهاتووە".

ئامانج لەبارەی کاردانەوەی خۆشەویستەکەی لەو ڕووداوە، دەڵێ: "سوپاسگوزار بوو کە خۆم سەلامەت دەرچووم".

ئێستا ئامانج و خۆشەویستەکەی بەدوای خانوویەکی نوێدا دەگەڕێن. ئامانج کە 12 ساڵە لە بەریتانیا دەژیت، ئومێدەوارە ئەوەی بەسەر ئەو هاتووە وابکات خەڵکی دیکە ئەزموون وەربگرن و بزانن چۆن مۆم بەکاردەهێنن.

پاوڵ ناش، کە پیاوی ئاگرکوژێنەوەیە و گەیشتووەتە شوێنی ڕووداوەکە، دەڵێت: "ئەو شوێنانەی مۆمیان لێ دادەنرێت نابێ ژێرەوەیان پلاستیک بێت یان مادەیەکی وابێت کە زوو بتوێتەوە. چونکە ئەمە یەکجار زۆر مەترسیدارە". بەڵام وەک ئەو باسدەکات "خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر مۆم لە ماڵەکانیاندا بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی کەشێکی پڕ لە ئارامی یان ڕۆمانتیک بۆ خۆیان دروستبکەن". ئەو دەشڵێت "ئەو جۆرە مۆمانەی ژێرەکەیان ئاسنە، خەڵک وادەزانێت مەترسیدار نین، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە مەترسیدارن و دەبنە هۆی داغبوون و بەدوایدا قاڵبوونەوە و ئاگرگرتنی ئەو شوێنەی مۆمەکەی تێدا هەڵکراوە".



## کوردی ئەمریکا:

# سوپاس ئۆباما

**جێمس ڕاینەل**
**ڕووداو- نیویۆرک**

گرووپێکی کوردی لە ئەمریکا لە نامەیەکدا بۆ باراک ئۆباما سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سوپاسی دەکەن کە بە هێرشکردنە سەر چەکدارانی داعش، مەترسیی لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان ڕەواندەوە.

نامەکە کە لەلایەن کۆمەڵەی کوردی –ئەمریکییەوە نووسراوە، ستایشی هەوڵی "مرۆڤدۆستانە"ی ئۆبامای کردووە و داوا دەکات هاوکارییەکی زیاتر لە نێوان واشنتن و هەولێردا هەبێت. گرووپەکە 20 ئەندامی هەیە و داکۆکی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکات.

یوکسێل سێریندگ، ئەندامێکی گرووپەکە دەڵێت "هەموو کەسێک دەیزانی کە ئێمە پێویستمان بە هاریکاریی نێودەوڵەتی هەبوو، کاتێکیش ئۆباما بڕیاری دا لەڕووی سەربازی و مرۆییەوە پاڵپشتیمان بکات، بڕیارمان دا سوپاسنامەیەکی ئاراستە بکەین".

ئەو هەروەها گوتی "ئێمە داوامان لە ئیدارەی سەرۆک ئۆباما کرد کە یارمەتیمان بدات، بۆ ئەوەی کیانێکی جێگیرمان هەبێت. کوردستان پێویستی بە یارمەتییەکی زیاترە بۆ ئەوەی هەڕەشەکان لەسەری دووبارە نەبنەوە".

ئەمریکا لە هەفتەی ڕابردوودا هێرشەکانی بۆ سەر چەکدارانی داعش چڕکردەوە کە بەشێک لە سووریا و عێراقی کۆنترۆڵ کردووە. هێرشی ئەو دواییەیان بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان ئاوارەبوونی هەزاران کریستیان و ئێزدی و موسڵمانی لێکەوتەوە.

گرووپەکە لە نامەکەدا نووسیویانە "بڕیاری ئێوە بۆ یارمەتیدانی ئەو کوردانەی لە دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێیان قەومابوو، ڕیشەی لەناو فەرهەنگی مرۆڤدۆستانەی ئەمەریکادا هەیە کە چوار سەدە بەر لە ئێستا لە ناوچەی پلیمەت و جەژنی سوپاسگوزاریدا دەستیپێکرد".

ئەوان لە نامەکەدا هەروەها دەڵێن "هەروەک چۆن هەموو دنیا دەزانێت، ئەم فەرهەنگە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێ وێنەیە. جەنابی سەرۆک، بەڕێزتان لەڕێگەی یارمەتیدانی ئەو کەمینە دێرینە نەتەوەیی و ئاینییە، پەرەتان بەو فەرهەنگە داوە".

سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی هەفتەی ڕابردوو وتارێکی لە ڕۆژنامەی واشنتن پۆستدا بڵاوکردەوە کە تێیدا دەوڵەتی ئیسلامیی داعش بە "ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەحشی و توندڕەو" ناو بردبوو.

بارزانی لە وتارەکەیدا نووسیبووی: "پێشمەرگە لەم شەڕەدا بەرەورووی دوژمنێک دەبێتەوە کە چەکی قورسی ئەمریکای پێیە. زۆر گرنگە کە ئێمە لەلایەن ئەمریکا و دۆستانی دیکەوە هاوکاریی خێرای سەربازی بکرێین. لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێک کە تیرۆریستان بە ئازادی جوڵە دەکەن، خەڵکێکی زیاتر گیان لە دەستدەدەن".

دووشەممەی ڕابردوو، سەرۆک ئۆباما کاندیدکردنی حەیدەر عەبادی وەک سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق ستایش کرد و وەک "هەنگاوێکی کارا بەرەو پێشەوە" وەسفی کرد. چاودێران ئەو ستایشەی ئۆبامایان وەک پشتگوێخستنی سەرۆکوەزیرانی پێشوو نووری مالیکی لێکدایەوە.

ئۆباما گوتی "ئومێدەوارم ئێستا بتوانین لە عێراقدا حکومەتێکمان هەبێت کە بتوانێت هاوپەیمانمان بێت، بەڵام لەوە گرنگتر هیوادارم حکومەتێکی بنکەفراوان دروست بکات و ڕووبەڕووی بزووتنەوەی تیرۆریستی داعش ببێتەوە".

ئاژانسی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری دا سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکان بەهۆی هێرشەکانی داعش بۆ سەر ئێزدی و کەمینەکانی دیکە و ڕایگەیاند کە ئێستا نزیکەی ملیۆنێک و 200 هەزار ئاوارە لە هەرێمی کوردستانن.

نەتەوە یەکگرتووەکان باس لە "هاتنی بە کۆمەڵ"ی نزیکەی 35 هەزار ئاوارە دەکات بۆ دهۆک کە لە چیای شنگالەوە هاتوون. پارێزگای دهۆک ئێستا بووەتە شوێنی زیاتر لە 400 هەزار عێراقیی ئاوارە کە لەناویاندا ئێزدی، کریستیان، شەبەک، کاکەیی، ئەرمەن و تورکمان هەن.

لە زاخۆ و دهۆک 16 قوتابخانە ئامادەکراون بۆ نیشتەجێکردنی ئەو ئاوارانە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێستا نزیکەی 700 هەزار ئاوارەی عێراقی و 220 هەزار ئاوارەی خەڵکی سووریا لە هەرێمی کوردستانن.

## ئۆتۆمبێل ژنێک دەکوژێت

**رووداو — خەبات**

رۆژی 2014/4/3 بەهۆی رووداوێکی هاتوچۆ لە قەزای خەبات نزیک پردی نوێ. ژنێک گیانی لەدەستدا. رووداوەکە لە نێوان دوو ئۆتۆمبێل بووە یەکەمیان لە جۆری جۆری مان ترێلە دەبڵ قەمارە، دووەمیان هۆندای ئەلەنترا بوو، کە چەند سەرنشینێکی تێدابووە، یەکێک لە سەرنشینەکان بە ناوی (ماردین حبیب شەمعون ) تەمەن (32) ساڵ دانیشتووی حەمدانیە کە دووگیان بووە پاش گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوا، لەبەر سەختی برینەکەی گیانی لەدەستدا.



# بریندارکردنی خەدیجە

# خنکاندنی خەدیجەیەکی دیکە ئاشکرا دەکات

**رووداو- هیران**

هەوڵی کوشتنی ژنێک بەناوی خەدیجە لەلایەن مێردەکەی، خنکاندنی ژنێکی دیکە ئاشکرا دەکات کە ئەویش هەر ناوی خەدیجە بووە و ژنی دووەمی ئەو پیاوە بووە. بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەولێر دەڵێت "تاوانەکە زۆر گەورە"یە، بکوژ سزای لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت، چونکە منداڵێکی خۆیشی کوشتووە.

رۆژی 2014/5/28 لە گەڕەکی دۆڕێی ناحیەی هیرانی سەر بە قەزای شەقڵاوە، ژنێکی تەمەن 25 ساڵ بە ناوی خەدیجە یوسفی، لەگەڵ منداڵە تەمەن 11 مانگانەکەی بەناوی (کەیهان. ج) ونبوون.

دوای دوو مانگ و نیو هەر لە هەمان گەڕەک ژنێکی دیکە بەناوی خەدیجە عەبدوڵڵا لەلایەن مێردەکەیەوە کە ناوی (ج.ب) یە، بریندار دەکرێت. ئەو تاوانەش، پەردە لەسەر تاوانێکی گەورەتر ئاشکرا دەکات کە خنکاندنی خەدیجە یوسفی و منداڵەکەیەتی، هەر لەلایەن ئەو پیاوەی خەدیجە عەبدوڵڵای بریندار کردووە.

رائید کاروان عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر، لە پەیجی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک وردەکاری تاوانەکەی ئەو پیاوەی باسکردووە و نووسیویەتی "لە ناحیەی هیرانی سەر بە قەزای شەقڵاوە مامۆستایەک کە دوو ژنی هەیە، تەقە لە ژنی یەکەمی دەکات و برینداری دەکات، ژنی دووەمی و منداڵە 11 مانگەکەشی لە گۆماوێکدا دەخنکێنێ و تەرمەکەیان دەشارێتەوە، بەڵام هێزەکانی پۆلیس تاوانەکە ئاشکرا دەکەن".

بەپێی زانیارییەکانی رائید کاروان، دوای ماوەیەک لە دیارنەمانی ژنێک و منداڵەکەی کە دانیشتووی گەڕەکی دۆڕێی ناحیەی هیرانی سەر بە قەزای شەقڵاوەن، پۆلیسی ناوچەکە لێکۆڵینەوەیان بۆ دیارنەمانیان دەستپێکرد، بەهۆی ئەوەی ژنەکە (خەدیجە یوسفی) ئێرانییە، پۆلیسی ناوچەکە پەیوەندییان بە باوکی ژنەکەوە کردبوو لە ئێران، بەڵام باوکی ژنەکە پۆلیسی دڵنیاکردبووەوە کە کچەکەی نەگەڕاوەتەوە ئێران".

دوای ماوەیەکی زۆر لە گەڕان، پۆلیس نەیتوانی ژنەکە و منداڵەکەی بدۆزنەوە، تاوەکو رۆژی 2014/8/13 بکوژی راستەقینە کە دوو ژنی هەیە و ژنی دووەمی دیار نەمابوو، تەقە لە ژنی یەکەمی دەکات و قاچی بریندار دەکات. ئینجا رۆژی دواتر پۆلیسی هیران تۆمەتبارەکە دەستگیر دەکەن.

"دوای دەستگیرکردنی لەسەر تەقەکردن لە ژنی یەکەمی، تۆمەتبارەکە دانی بەوەشدا نا کە لە رۆژی 2014/5/28 لەناو رەزەکەی خۆی لە گەڕەکی دۆڕێ، بە حەفارە چاڵێکی گەورەی لێداوە و پڕی کردووە لە ئاو، پاشان ژنی دووەمی خۆی بەناوی خەدیجە یوسفی لەگەڵ کوڕێکی خۆی کە تەمەنی 11 مانگە بەناوی "کەیهان"، هەڵیداونەتە ناو چاڵە ئاوەکە و هەردووکیان خنکاون، دواتر هەردوو تەرمەکەی دەرهێناوەتەوە و لەناو چاڵێکدا شاردوونیەوە". ئەمە بەپێی قسەکانی رائید کاروان.

دوای دەستگیرکردنی پیاوەکە، پۆلیسی ناوچەکە تەرمی ژنەکە و منداڵەکەیان دەرهێنا و بە مەبەستی پشکنین رەوانەی دادپزیشکی هەولێری کردن. پۆلیس هێشتا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە رووداوەکە.

بەپێی زانیاریەکانی (تۆڕی میدیایی رووداو)، تۆمەتبار لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی پۆلیسدا هۆکاری کوشتنی ژنە بچووکەکەی و هەوڵی کوشتنی ژنە گەورەکەی باسکردووە و گوتوویەتی "ژنە بچووکەکەم پێیگوتم کە زانیاری هەیە ژنە گەورەکەم خیانەتی لێکردووم، منیش لێی تووڕە بووم کە بۆچی زووتر باسی نەکردووە". پاشان ژنەکەی و منداڵەکەی لە نێو باخچەیەک خستوونەتە چاڵاوێک و خنکاندوونی، دواتر لە ئاوەکەی دەرهێناون و لە شوێنێکی دیکەی باخچەکە خستوونیە نێو چاڵێک".

مانگی رابردوو مانگێکی خوێناوی بوو بۆ ژنان، بە تایبەتی ژنانی دەڤەری رانیە. کچێک لەلایەن باوکە بەساڵاچووەکەی درایە بەر چەقۆ و کوژرا، بە گومانی ئەوەی سکی بەرز بووەتەوە، بەڵام دواتر لە پکشنین دەرکەوت ئەو ژنە سکی نییە. هەروەها ژنێک لەلایەن مێردەکەی درایە بەر رێژنەی گوللە و کوژرا. هەر لە مانگی رابردوودا دوو کچ لە رانیە خۆیان کوشت.






هەڵدانەوەی ئەو چاڵەی خەدیجەو منداڵەکەی لەلایەن مێردەکەیەوە تێدا شاردرابووەوە

### سزای بکوژ لە سێدارەدانە

رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر، بە (رووداو) گوت "ئەو پیاوە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ژنی دووەمی خۆی و منداڵەکەی کوشتووە، دواتر خۆی ونکردووە، پاش ماوەیەک گەڕاوەتەوە ژنی یەکەمی خۆی بریندار کردووە. دواتر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا".

سەبارەت بە ئیفادەی پیاوەکە کە لەلای پۆلیس گوتوویەتی لەسەر خیانەتی هاوسەری تەقەی لە ژنەکەی کردووە، رائید ژیلەمۆ گوتی "ئەوە قسەی خۆیەتی، بەڵام ئەوە پاساو نییە بۆ کوشتنی ژن و منداڵەکەی و بریندارکردنی ژنەکەی دیکەی".

هەروەها گوتی "ئەو کەسانەی بەو بیانووە ژنەکانیان یان کچەکانیان دەکوژن، تاوەکو ئێستا لەو خەیاڵە دەژین کە یاسای (غسل العار) ماوە و چەند مانگێک دەگیرێن و ئازاد دەکرێن، بەڵام ئەو یاسایە لە کوردستان کاری پێناکرێ. ئەوانە وا دەزانن ئەگەر ئەو تۆمەتە بدەنە پاڵ قوربانییەکە لە نێو کۆمەڵگە رووی خۆیان سپی دەکەنەوە".

رائید ژیلەمۆ ئاماژەی بەوەدا کە ئەو تاوانە دەچێتە خانەی تاوانە گەورەکان، تۆمەتبار بەپێی مادده 406 لە یاسای سزادانی عێراقی سزا دەدرێ "ئەگەر تاوانەکەی بەسەردا ساخ ببێتەوە، ئەوا لە سێدارە دەدرێت، چونکە ئەو منداڵێکی خۆیشی کوشتووە".

نێو فایلەکانی دادگا پڕن لە دۆسیەی خیانەتی ژن و مێردایەتی. رائید ژیلەمۆ دەڵێت پیاوان ئەگەر گومانیان لە ژنەکانیان کرد خیانەتیان لێدەکەن، باشترە پەنا بۆ دادگا ببەن، نەوەک چەک "ئەگەر لە دادگا سەلمێنرا ژنەکەی خیانەتی لێکردووە، ئەوە دەتوانێت داوای تەڵاقدانی ژنەکەی بکات و ژنەکەش هیچ مافێکی ناکەوێت".

# 24 کاژێر لە زیندانی داعشدا

**شادیە رەسوڵ**
**رووداو — سلێمانی**

یەکێک لەو ژنە مەسیحیانەی کەوتە داوی چەکدارانی داعشەوە، هیوا دەخوازێ ئەوەی ئەو بەچاوانی خۆی بینیویەتی هیچ کەسێکی دیکە نەیبینێ. هەرگیز لەو بڕوایەشدا نەبووە ئاوا بەو شێوەیە رزگاری ببێ. وەک بڵێی هێشتا چەکدارە دەموچاو هەڵپێچراوەکان دەیپشکنن و لێی تووڕە دەبن، هەناسەی سوار دەبوو، دەگریا.

ئەو کڵێسایەی ماوەی 7 ساڵە کاری تێدا دەکرێت و هێشتا هەر هەیکەلێکی رەق و تەقە، ئێستا بووەتە پەناگەیەک بۆ چەندین ئاوارەی مەسیحی دەشتی نەینەوا کە لە ترسی هەڕەشەکانی چەکدارانی داعش هەڵاتوون و روویان لە سلێمانی کردووە.

زۆربەی ئەو ئاوارانەی لەو کڵێسایەن بە تایبەتی ژن و منداڵان، هێشتا ترس لەسەر روخساریان نەڕەویوەتەوە، هەرچەندە ئەوان لە شوێنێکی پارێزراون کە سەتان کیلۆمەتر لە چەکدارانی داعش دوورە. ئەوان زوو زوو دەستیان بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و پەنجەکانی دەستی راستیان گرمۆڵە دەکرد و لە سینگ و نێوچەوانیان دەکوتا، ئەمەش وەک سوپاسگوزارییەک بۆ خودا و عیسا و مریەم.

فلۆرە ئەنوەر، لەنێو ئەو ژن و کچە رزگاربووانەدا دانیشتووە کە واتێدەگەن خودا پاداشتێکی گەورەی کردوون بەوەی دوای دەستگیرکردنیان لەلایەن چەکدارەکان، کەچی رزگاریان بووە، چونکە پێشتر زۆریان لەبارەی ئەوانەوە بیستبوو کە وەک نێچیرێکی چەور سەیریان دەکەن.

فلۆرە ئەنوەر، ژنێکی مەسیحییە و لە قەرەقووش دەژیا کە یەکێکە لەو ناحیانەی دەکەوێتە دەشتی نەینەوا و هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووە بەو رۆژە بگەن. وەک هەزاران کەسی دیکە خێزانەکەی ئەوانیش بیر لە خۆقوتارکردن دەکەنەوە کاتێک شەڕ بەگەرمی دەستپێدەکات، بەڵام لەگەڵ مێردەکەی و دوو منداڵی کەوتنە دەستی چەکدارانی داعش.

### بڕۆن ئێوە نەسرانین

فلۆرە دەڵێ ئەو و منداڵەکەیان بردوونەتە ژوورێک کە دوو ئافرەتی تێدابووە "دوو ئافرەتی سەرتاپا داپۆشراو تەنانەت هەستم دەکرد یەکێکیان وەک سەرخۆش قسەی دەکرد، شێوەی زمانەکەی لە عەرەب نەدەچوو، ئەوانیش وەک پیاوەکان جلوبەرگی رەشیان لەبەر بوو، دەستیانکرد بە پشکنینمان و هەرچیمان پێبوو لێیان سەندین، تەنانەت لەناو دایبی کچە یەک ساڵەکەمدا 1000 دۆلارێکم شاردبووەوە دۆزیانەوەو ئەویشیان برد".

لەنێو ئەو زیندانەدا ماوەی 24 کاژێر ماوەتەوە "زیاتر لە 50 ئافرەتی تێدا بوو، هەموو سەرە سەعاتێک یەکێکیان دەبرد و نازانم بۆ کوێیان دەبرد، رۆژی دواتر من و منداڵەکانیان بەردا و گوتیان ئێوە بڕۆن، چونکە نەسرانین".

ئەو ژنە مەسیحییە دەڵێ کاتێک ئازادیان کردووە، زۆر پاڕاوەتەوە و گریاوە تاوەکو شتێک لەو پارەیەی لێیان سەندووە بیدەنەوە بۆ ئەوەی بتوانێ هەندێک شیر بکڕێ بۆ منداڵەکەی "بەڵام بێسوود بوو، چونکە ئەوانەی دەرەوە زنجیرێکی سێ سەرەیان پێبوو، هەر ئەوەندە لێیان بپاڕایتایەوە بەو زنجیرە لێیان دەدای، تەنانەت ئەو ژنانەی لەگەڵیان بوون، وەک پیاوەکانی ئەوێ توندڕەو و بێبەزەیی بوون و لە پیاوەکان بێبەزەییانەتر مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین".

### رازی نەبوون و کوشتیانن

زیکرا نیعمەت، ئەو دەمەی دەزانێت چەکدارانی داعش هێرشیان هێناوەتە سەر ناوچەکەیان، ترس دایدەگرێت. ئەو چیرۆکی هەڵاتنی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێ "هەر ئەو شەوەی دایان بەسەر شارەکەماندا، 3 کچی هاوڕێم دیار نەمان، ئەوەندەمان بیست کە ئەوانیشیان لەگەڵ کچە ئێزدییەکاندا بردووە بۆ سووریا، ئیدی من لە ترساندا بوورامەوە. مێردەکەم خێرا فریامکەوت و بردینی بەرەو هەولێر".

هەروەها دەڵێ، ئەوەی زۆر خەمی پێخوارد ژنێکی پیری تەنیا بوو کە هەر دەگریا "چونکە دوو کچەکەیان کوشتبوو، خۆی باسی کرد کە پەلاماری دوو کچەکەیان داوە بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەریان، ئەوانیش بەرپەرچیان داونەتەوە و چەکدارەکانیش لەبەر چاوی دایکیاندا یەکی فیشەکێکیان بەسەریانەوە نابوو". گوتیشی "ژیانی ئێمە تازە تەواوبوو چارەنووسمان دیار نییە".

گێڕانەوەی مەینەتیی ئاوارەکان وا بەزوویی کۆتایی نایەت، بەشێک لە رزگاربووان هێشتا بۆ ئەوانە دەگرین کە لەدەستیانداون، ئێستا ئەم ژنە وەک ئەوەیە بەسەر پشکۆی ئاگرەوە راوەستابێ، لەم ناوچەیەدا زۆر کەس دەپرسن چارەنووس بۆ کوێیان دەبات، بەڵام کەس وەڵامی لا نییە.

کەمینە ئایینییەکان دەماودەم لە باوباپیرانیانەوە ئەو چیرۆکانەیان بیستووە کە باسی قڕکردنی ئەوان دەکات، چیرۆکی سەردەمی عوسمانییەکان و بەعس و زۆربەی دەسەڵاتدارەکانی دیکەی ناوچەکە کە داوایان لێکردوون دەستبەرداری ئاینەکەیان بن. ئەوانەی لە باوباپیرانیانەوە بۆیان جێمابوون تاوەکو 2ی ئاب چیرۆک بوون، بەڵام ئێستا ئیدی بۆ ئەوان بوونە یادەوەرییەکی تاڵ.



ئاوارە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا لە کڵێسایەکی شاری سلێمانیدا

(فۆتۆ:سەرتیپ عوسمان)

## ئاگر خوشک و برایەک دەسووتێنێت



**رووداو – باسرمە**

کاژێر 12ی نیوەڕۆی 2014/8/15 ئاگرێک لە کەمپی پەنابەرانی کوردی ڕۆژئاوا لە باسرمە کەوتەوە و بەو هۆیەش خوشک و برایەک سووتان و گیانیان لەدەستدا. بەپێی زانیارییەکانی رائید کاروان عەبدولکەریم، کە لە پەیجی خۆی لە فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە، ئەو دوو منداڵە لە ئەنجامی گڕگرتنی یەکێک لە چادرەکانی کەمپەکە سووتان و گیانیان لەدەستداوە. کچەکە ناوی ئالآیە و تەمەنی 1 ساڵە، هەروەها براکەشی ناوی زێرەڤانە و تەمەنی 6 ساڵە. بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیس هۆکاری گڕگرتنی چادرەکە بوتڵی بچووکی غاز بووە.

# کۆنە کادیرێکی PKK و کچەکەی دەکوژرێن



**غەریب مەجید**
**رووداو- زاخۆ**

کادیرێکی پێشووی PKK لەگەڵ کچەکەی، لە نێو ماڵەکەیاندا لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە دەدرێنە بەر دەستڕێژی گوللە و دەکوژرێن، دەزگا ئەمنییەکانی ناوچەکە گومان دەکەن لەلایەن PKKەوە کوژرابن.

عوسمان بالیچ، کە کادیرێکی ناسراوی نێو پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بووە، ساڵی 2004 وازی لەو رێکخراوە هێنا و ژیانی تایبەتی خۆی لە گەڕەکی بێداریێ لە شاری زاخۆ لەگەڵ دوو کچ و هاوسەرەکەی بەسەردەبرد.

بالیچ کاژێر 12:10 خولەکی شەوی 8/8/2014 لە لایەن دوو چەکداری نەناسراو لە نێو ماڵەکەی خۆیدا درایە بەر دەستدڕێژی گوللە و کوژرا، هەر بە گوللەی ئەو کەسە نەناسراوانە کچە تەمەن سێ ساڵانەکەشی بە نێوی "رەوشەن" گیانی لەدەستدا.

بەپێی ئەو زانیاریانەی (تۆڕی میدیایی رووداو) لە پلەدارێکی ئاسایش لە زاخۆ دەستیکەوتوون، "کاژێر 12:10 خولەکی شەو دوو چەکداری نەناسراو بەسەر دیواری حەوشەی ماڵەکەیدا دەچنە ئەودیو و لە ژووری نوستنەکەیدا بە شەش گوللە دەستڕێژی لێدەکەن و دەستبەجێ گیان لەدەستدەدات، کاتێکیش خێزانی بالیچ دەیەوێ کچەکەی (رەوشەن) رزگار بکات، گوللەیەک بەر لای چەپی دەکەوێت و لەلای راستی دێتە دەرەوە، لە ئەنجامدا ئەویش گیان لەدەستدەدات".

ئەو سەرچاوەیە سەبارەت بە ئەگەری دەستگیرکردنی تاوانبارانی رووداوەکە بە (رووداو)ی گوت "تاوەکو ئێستا هیچ کەسێکمان لەسەر ئەو رووداوە دەستگیر نەکردووە. لەوکاتەی شەودا کەس لەدەرەوە نەبووە، دراوسێیەکانیشی نووستبوون، لەبەرئەوە هیچ کەسێک ئەو چەکدارانەی نەبینیون، بەڵام بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە بەراییانەی ئەنجامدراون، وا دیارە لایەنێکی سیاسی لەپشت کوشتنی عوسمان بالیچەوەیە، ئەو لایەنەش پارتی کرێکارانی کوردستانە".

سەرچاوەکەی ئاسایش گوتیشی "تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بەردەوامە و تەرمەکەی ئێستا لە پزیشکی دادوەرییە و لەم چەند رۆژەی داهاتوودا ئەنجامەکان روونەدەبنەوە".

پێشتر چەند کادیرێکی PKK کە لەو حیزبە جیابوونەتەوە و چوونەتە نێو حیزبەکانی باشووری کوردستان، کوژراون، یان هەوڵی کوشتنیان دراوە. ئەمەش وایکردووە کە گومان لە PKK بکرێت.

سەبارەت بە پەیوەندیکردنی عوسمان بالیچ بە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، کارگێڕێکی لقی 8 ی ئەو حیزبە بە (رووداو)ی راگەیاند "لەگەڵ هاتنی عوسمان بالیچ بۆ زاخۆ راستەوخۆ پەیوەندی بە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد، هەرچەندە هیچ پۆستێکی حیزبی نەبوو، بەڵام ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە زاخۆ".

ژمارەیەک کادیر و ئەندامانی پارتی لە زاخۆ دەڵێن، کوشتنی بالیچ، تیرۆرکردنی ئازاد دێرکی دەهێنێتەوە بیریان کە لە ساڵی 1992 لە PKK جیابووەوە و هاتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی بوو، ئەو کادیرانە گومان دەکەن، ئازاد دێرکی لەلایەن PKKەوە کوژرابێت.



**رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر** *

## نابێ دایکی ببینێ

گوڵەباخ، ناوی خوازراوی کچێکی سووتاوە کە بەدەم ئازاری برینەکانیەوە، باسی رابردووە تاڵەکەی خۆی دەگێڕایەوە. ئەو کچە دوای ئەوەی باوکی (کە دوو ژنی هێنابوو) کۆچی دوایی دەکات، دایکی شوو دەکاتەوە. ئەویش لەلای زڕ براکانی دەهێڵدرێتەوە بەو مەرجەی هاتوچۆی دایکی و تاقە برا راستەقینەکەی نەکات. گوڵەباخ دەڵێت هەر جارێک پرسیاری کردووە کە بۆچی نابێت دایکی ببینێت، ئەوان پێیانگوتووە "دایکت رەوشتی باش نییە".

کاتێکیش بە شوو دەدرێت، تاکە مەرجی زڕبراکانی ئەوەیە کە گوڵەباخ سەردانی دایکی نەکات. مێردەکەی رازی دەبێت کە دایک و براکەی سەردانی بکەن، بەڵام رێگەی پێنادات ئەو سەردانیان بکات.

ئەو کارەی براکانی رەنگدانەوەی خراپی لەسەر ژیانی ئەو کچە دەبێت، بەجۆرێک بە قسەی خۆی رۆژ بەڕۆژ زۆرتر دڵی توند بووە تاوەکو کار گەیشتووەتە ئەوەی ئاگر لە جەستەی خۆی بەربدات. ئەو ئێستا پەشیمانە لەو کارەی کردوویەتی، بەڵام دەڵێت چی بکەم، من بەبێ سۆزی دایک و باوک پەروەردە و گەورە بووم.

ئەو ژنە سکاڵای لەسەر زڕبراکانی تۆمار کرد، ئەوان هاتنە بەردەم دادگا و لەوێ گوتیان راستە ئەو کچە بچووک بوو، ئێمە بەخێومان کرد، چونکە دایکی پێی بەخێو نەدەکرا. دایکی دووجاری دیکە شووی کردەوە، بۆیە پێمان باش نەبوو ئەو کچە لەلای ئەو بێت. کە بە شووشمان دا، راستییەکەمان بۆ مێردەکەی باسکرد، بەڵام مێردەکەی رێگەی داوە دایکی سەردانی بکات و لەگەڵ براکەشی بە تەلەفۆن قسە بکەن.

دادوەر بڕیاری دا بە بەندکردنی زڕبراکانی گوڵەباخ، دایکی کچەکەش لە دادگا ئامادەبوو، دایکی گوتی سەردانیکردنی کچەکەی لێ قەدەغە کراوە، تاوەکو سێیەمجار شووی کردووەتەوە، مێردی ژنەکەش قسەکانی ژنەکەی و گوڵەباخی پشتڕاستکردەوە. دادوەر بڕیاری دا بە ئازادکردنی تۆمەتباران بە دەستەبەری تاوەکو رۆژی دادگایی.

بەداخەوە گوڵەباخ دوای سێ رۆژ گیانی لەدەستدا، لێرەدا پێویستە هەر ژنێک کێشەیەکی لەو شێوەیەی هەبوو، لە جیاتی ئەوەی پەنا بۆ خۆلەناوبردن ببات، با سوود لە بڕگەی (5) لە یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2011ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی وەربگرێت، کە تێیدا هاتووە "بڕینی پەیوەندی خێزانی، یاخود قەدەغەکردنی تاکەکانی خێزان لە یەکدی، جۆرێکە لە جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی، ئەنجامدانی بەپێی مادە (7) لە هەمان یاسا سزاکەی بۆ دانراوە، کە بکەر سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ، هەروەها بە سزای دارایی کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە".

هەروەها لە ماددە 408ی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە "هەرکەسێک یەکێکی هاندابێت بۆ خۆکوشتن یان بە هەر رێگایەک یارمەتی دابێت، یان هۆکار بێت بۆ خۆکوشتن، سزا دەدرێت بە بەندکردن، کە لە ماوەی حەوت ساڵ زیاتر نەبێت".

*** بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر**

### دوای 25 رۆژ لە دیارنەمانی

# تەرمی حەمەد لەژێر لمی رووبارێکدا دۆزرایەوە



**مەهدی محەممەد رواندزی**
**رووداو- سۆران**

کاژێر 10ی سەرلەبەیانی رۆژی 20/7/2014 لە ماڵ دەچێتە دەرەوە بەبێ ئەوەی بە کەس بڵێت بۆ کوێ دەچێت، ئێوارەی ئەو رۆژە پەیوەندی بە کوڕەکەیەوە دەکات و دەڵێت نانی خۆتان بخۆن و چاوەڕێی من مەکەن. ئەمە دوا قسەی حەمەد نەبی بوو لەگەڵ خێزانەکەی. دوای 25 رۆژ تەرمی نەبی هێنرایەوە ماڵەکەی.

حەمەد نەبی حەمەد، 45 ساڵ، دانیشتووی گوندی جۆنەرەی سەر بە ناحیەی خەلیفانە و باوکی 8 منداڵە. دوای 25 رۆژ لە دیارنەمانی، رۆژی 13/8/2014 تەرمەکەی لەژێر لمی قەراخی رووبارێک لە نزیک چۆمان دۆزرایەوە.

دڵدار کوڕە گەورەی مام حەمەد، وەسفی باوکی بە کەسێکی رێکپۆش، ئارام و لەسەرخۆ دەکات. حەمەد کاری بەڵێندەرایەتی بچووک، لەوانەش دروستکردنی دیواری ئاوەڕۆی دەکرد.

دڵدار گێڕایەوە ئەو رۆژە باوکی وەکو رۆژەکانی دیکە دەستە جلێکی جوانی لەبەرکردووە و چووەتە دەرەوە.

منداڵەکان چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکەن، بەڵام کاژێر 8ی ئێوارە ئامۆزایەکی حەمەد تەلەفۆنیان بۆ دەکات کە بۆچی حەمەد مۆبایلەکەی داخراوە، ئیدی دڵی خێزانەکەی و منداڵەکانی دادەخورپێ.

کەسوکاری حەمەد بەبێ ئاگادارکردنەوەی دەزگا ئەمنییەکان بۆ ماوەی سێ رۆژ سۆراخی دەکەن، دەچنە هەموو ئەو شوێنانەی کە پێشتر بۆی دەچوو، بەڵام هیچ سەرەداوێکیان دەستناکەوێت، بۆیە دەزگا ئەمنییەکان ئاگادار دەکەنەوە. بەڵام ئەوانیش هیچیان دەستناکەوێت.

دڵدار دەڵێت "14 رۆژ تەواوی ناوچەکانی حاجی ئۆمەران، سیدەکان، قەڵادزێ و سەر سنوور گەڕام، هیچ سۆراغێکی نەبوو، لە هەر کەسێک و بازگەیەکم دەپرسی، پێیاندەگوتم بەداخەوە نەمانبینیوە".

دوای ئەو چەند رۆژە، یەکێک لە برادەرەکانی بە دڵدار دەڵێ بۆ ناچیتە ئاسایشی گشتی سۆران، کێ دەڵێت دەستگیر نەکراوە؟ دڵدار دەڵێت "کاتێک چوومە ئاسایش بینیم ئۆتۆمبێلی باوکم لەبەردەم بینای ئاسایش راگیراوە، کاتێک پرسیارم کرد ئەو ئۆتۆمبێلە بۆ لێرەیە و کوا خاوەنەکەی؟ ئەوان گوتیان لای ئێمە نییە و هیچ زانیارییەکمان لەسەری نییە، منیش پێمگوتن کە ئەوە 14 رۆژە بەدوای ئەو ئۆتۆمبێلە و خاوەنەکەیدا دەگەڕێین، چۆن تاوەکو ئێستا ئێمەتان ئاگادار نەکردووەتەوە".

دواجار تەرمی حەمەد لە ژێر لمی قەراخ رووبارێک لە قوبەی گەڵاڵەی ناوچەی باڵەکایەتی لەلایەن مێردمنداڵێک دۆزرایەوە کە خەریکی راوەماسی بوو.

دڵدار دەڵێت "ئەو رۆژە تەلەفۆنێکم بۆ کرا کە لەچۆمان منداڵێک لە قەراخ رووبار تەرمێکی دۆزیوەتەوە، پاش ماوەیەک لەلایەن پۆلیسەوە ئاگادارکراینەوە کە ئەو تەرمە هی باوکمانە و بەهۆی مۆڵەتی شۆفێری ناسراوەتەوە".

دڵدار دەڵێت باوکیان کوژراوە، بەڵام کەی؟ لەلایەن کێ؟ بۆچی کوژراوە؟ ئەوە جارێ دیار نییە. دڵدار گوتیشی "باوکم ئەو رۆژە 20 هەزار دۆلاری پێبووە، تەرمەکەشی لە ژێر لمی رووبارەکە دۆزراوەتەوە، ئەوەش دەریدەخات کە پێدەچێ بۆ پارە کوژرابێت". بۆیە ئەو داواکارە لەلایەنی ئەمنیی دەڤەرەکە بکوژ بدۆزنەوە "داواکارم لەلایەنی ئەمنی کە بە زووترین کات بکوژانی باوکمان بدۆزنەوە".

گوتیشی "ئەگەر بزانم ئاسایش و پۆلیس هیچیان پێنەکرا، ئەوە خۆم بە دوای بکوژانی باوکمدا دەگەڕێم و تا نەیاندۆزمەوەو حەقی خۆیان وەرنەگرن راناوەستم".

### ئاسایش: بکوژ دۆزراوەتەوە

سەرچاوەیەک لە ئاسایشی سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند کە کەسێکیان بە تۆمەتی کوشتنی حەمەد دەستگیرکردووە و لە لێکۆڵینەوەشدا دانی بە تاوانەکەیدا ناوە.

سەرچاوەکەی ئاسایش گوتی "بکوژەکە خەڵکی گوندێکی دەوروبەری گوندەکەی ئەوانە و هەر لە ناوچەکەدا بە فرت و فێڵ و بە ناوی مامەڵە هێناویەتیە دەرەوە".

بەپێی قسەی سەرچاوەکەی ئاسایش، بکوژەکە 6 گوللەی دەمانچەی لە حەمەد نەبی داوە و دەمانچەکەی فڕێداوە، تەرمەکەشی هەر لە شوێنی کوشتنەکەی خستووەتە ژێر گڵ.

لەسەر ئەوەش کە بۆچی ئۆتۆمبێلی ناوبراو لەبەردەم ئاسایشی سۆران راگیرابوو، ئەو سەرچاوەیەی ئاسایش دەڵێ "ئۆتۆمبێلەکە لە جووتسایدی جوندیان راگیرابوو، هاووڵاتیان ئاگاداریان کردینەوە کە ئۆتۆمبێلێک ماوەیەکی زۆرە لەو شوێنە راوەستاوە، کارمەندانی ئێمەش چوونە شوێنەکە و ئۆتۆمبێلەکەیان هێنایە ئاسایش، بۆیە کەسوکارەکەی گومانیان دەکرد لەلای ئاسایش دەستگیر کرابێت".



لە بازاڕی چەکفرۆشاندا

# چەکی ئەمریکی جێ بەچەکی رووسی لێژ دەکات

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو- سلێمانی**

بە گەیشتنی چەکە ئەمریکییەکان بۆ کوردستان، چەکفرۆشانی شارەکانی باشووری کوردستان بازاڕە گەرم و پڕ کڕیارەکەیان لەدەستچوو، لەم بازاڕەدا هاوکێشەیەکی سەیر هەیە، تاوەکو فرۆشیارەکان دڵتەنگتر بن، پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕ گەشبینتر دەبن. چونکە خەونە لە مێژینەکەی پێشمەرگە وەدیهات و چەکی پێشکەوتوو گەیشتە کوردستان.

دواجار شەڕی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام رووی بەرەو کوردستان وەرگێڕا، ئیدی پێشمەرگە لە سەنگەرە ساردەکاندا نەمانەوە و ناچاربوون رووبەڕوویان ببنەوە، بەڵام خرۆشان و بەدەنگەوەهاتنی هەزاران هاووڵاتی وەک خۆبەخش، بازاڕەکانی جلوبەرگ و کەرەستەی سەربازی گەرمکرد و خەڵک خۆیان بۆ شەڕ پڕچەک کرد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چەکفرۆشان زیاتر لە هەموو کاتێک هەست بە بازاڕگەرمی بکەن.

هێشتا بازاڕەکە بە تەواوی لەدەستنەچووە "دەتوانم بڵێم تاکە کاسبکار ئێمەین کە بازاڕمان بەگەرمی ماوەتەوە". سەروەر ئەحمەد، یەکێک لە چەکفرۆشانی سلێمانی وا دەڵێت.

ناوبراو، لەگەڵ دەربڕینی دڵخۆشیدا بەو بازاڕەی هەیانە، دەڵێ ئێستا زۆربەی خەڵک پرسیاری چەکی ئەمریکی دەکەن و پشتیان کردووەتە چەکی رووسی "خەڵک و پێشمەرگەش هەر داوای چەکی ئەمریکی دەکەن". سەروەر دەڵێت کڕیارەکانیان زیاتر خەڵکی مەدەنین "کەم ماڵ هەیە باری دارایی باش بێت و چەکی ئەمریکی نەبێت".

بەپێی ئەو زانیاریانەی (تۆڕی میدیای رووداو) لە بازاڕی چەکفرۆشانەوە دەستیکەوتووە، بازاڕی هەموو جۆرە چەکێک گەرمە، بەتایبەتی چەکی ئەمریکی. ئەم چەکانەش، هەمان ئەو چەکانەن کە لەلای سەربازانی سوپای عێراق بوون و دوای گرتنی موسڵ بەشێکیان کەوتنە دەست چەکدارانی داعش. وەک چەکفرۆشان باسیدەکەن "زۆربەی ئەو چەکانە لای خەڵک بوون، ئێستا زۆربەیان دەیخەنە بازاڕەوە".

پاڵپشتییە نێودەوڵەتییەکانی پێشمەرگە رۆژ لە دوای رۆژ فراوانتر دەبن و ئێستا جگە لە ئەمریکا، فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی دیکەش ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ ئەوەی پشتیوانیی سەربازی هێزی پێشمەرگە بکەن. بەگەیشتنی ئەو چەکە پێشکەوتووانەی رۆژئاوا، ئیدی خەڵک دەستبەرداری چەکە رووسییەکان دەبن کە دەیان ساڵە چاومان بە بینینیان راهاتووە.

سۆران عەلی، یەکێکی دیکە لە چەکفرۆشانی سلێمانی باس لەوە دەکات کە پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە لەلایەن ئەمریکا و هەندێک وڵاتی ئەورووپاوە، هێشتا کاریگەریی دروستنەکردووە لەسەر بازاڕەکەیان، لەگەڵ ئەوەی ئەو پێیوایە پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە تاوەکو ئێستا هەر دەنگوباسە، بەڵام دەڵێت "ئەگەر چەکی ئەمریکی بگاتە دەست پێشمەرگە، بازاڕی چەکی ئەمریکی بەرز دەبێتەوە، چونکە پارچەی یەدەگ و فیشەکی زۆر دەبێت لەبازاڕدا، ئەمەش دەبێتە هۆکاری داواکاریی زیاتر لەسەری".

M16، جۆری ئەو چەکە ئەمریکییەیە کە زۆرترین داواکاری لەسەرە لەلایەن کڕیارانەوە، نرخەکەشی لە نێوان 2800 تاوەکو 3500 دۆلار دایە. بە گوتەی چەکفرۆشان، رۆژانە لەنێو بازاڕی سلێمانی 300 پارچە چەک دەفرۆشرێت.

محەممەد حەسەن، وەک پێشمەرگەیەکی دێرین لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی ناونووس کردووە بۆ شەڕ، چاوەڕوانە لەقۆناغی دووەمی پێشمەرگە خۆبەخشەکاندا بچێتە بەرەکانی شەڕ، وەک خۆی باسیکرد، ئەو خاوەنی چەکێکی جۆری کڵاشینکۆفە، بەڵام بڕیاریدا بەو کڵاشینکۆفە رووسیەوە نەڕوات و چەکێکی نوێی کڕیوە "زۆربەی هاوڕێکانم چەکی ئەمریکی و قەناسیان پێبوو، منیش حەزمکرد چەکێکی ئەمریکی بکڕم و بەو چەکەوە شەڕی دوژمن بکەم".

سۆران عەلی پێیوایە تاوەکو چەکی ئەمریکی زۆرتربێت داواکاری زیاتری لەسەر دەبێت، چونکە ئەو وای دەبینێت کە ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی خەڵک زیاتر ئاشنای بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکە ببن "لەبازاڕەکانی کوردستاندا ئەو جۆرە مامەڵەیە زۆربووە، هەرشتێک زۆربێت کڕین و فرۆشتنی خێرایە، هەر بۆیە خەڵکی کە چەک دەکڕن حسابی خێرا فرۆشتنەوەشی دەکەن". هەروەها لەبارەی مامەڵەی جۆرەکانی دیکەی چەکەوە گوتی "کلاشینکۆف زۆر بەکەمی دەفرۆشرێت، دەتوانم بڵێم چەکی ئەمریکی جێی بە چەکی رووسی لێژ کرد، یاخود بڵێم چەکی ئەمریکی وەک گورزێکی کوشندە وابوو بەر چەکی رووسی کەوت".

ئەو چەکەی بازاڕەکەی روو لە کزییە بە قسەی سۆران، دەمانچەیە "خەڵک بەهۆی شەڕەوە حەزیان لە دەمانچە نەماوە".

# رانیەیی بۆ پشکنینێکی چاو دەگەنە سلێمانی



**عومەر چاوشین**
**رووداو- رانیە**

بەهۆی سووتانی بازاڕێک لە رانیە، بەشی پشکنینی چاو لە نەخۆشخانەی گشتی رانیەش دەسووتێت، بۆیە ئەوانەی پێویستیان بە پشکنینی چاوە، بە ناچاری روو لە قەڵادزێ دەکەن.

رائیدی پۆلیس سامان ئیبراهیم عەبدولڕەحمان، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت دوای ئەوەی رۆژی 2014/7/27 بەهۆکارێکی نادیار بازاری رانیە سووتا، بەشی پشکنینی چاو کە لە نزیک بازاڕەکەیە ئاگری گرت، بۆیە ئێستا کاری پشکنینی چاو لە رانیە راوەستاوە و خەڵک بۆ پشکنینی چاو دەبێت بچنە قەڵادزێ و دوکان و سلێمانی.

یەکێک لە مەرجەکانی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری، ئەنجامدانی پشکنینی چاوە. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی راپەڕین لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 4251 کەس مۆڵەتی شۆفێرییان وەرگرتووە.

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی راپەڕین لە هەفتەیەکدا دوو رۆژی تەرخانکردووە بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری، لە ماوەی هەفتەیەکیشدا زیاتر لە 100 کەس پێویستیان بە پشکنینی چاوە بۆ دەرهێنان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی شوفێری.

سامان ئیبراهیم بە پێویستی دەزانێت ئەو بەشە بەزووترین کات چاک بکرێتەوە، چونکە پێویستی زۆریان پێیە. بەڵام کاروان محەممەد حەسەن، لێپرسراوی بەشی راوێژکاری لە نەخۆشخانەی گشتیی رانیە گوتی "لەبەر بێ پارەیی تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە ئەم بەشە چاک بکەینەوە، نووسراومان کردووە بۆ وەزارەتی تەندروستی و دارایی، چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین.

کاروان محەممەد حەسەن ئاماژەی بەوەدا کە مانگانە 850 کەس بە مەبەستی دەرهێنان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی شوفێری، دامەزراندن و نەخۆشی پشکنینی چاویان بۆ دەکرێت. بۆیە بەهۆی سووتانی ئەو بەشە، گرفت بۆ خەڵکی ناوچەکە دروستبووە و دەبێت بۆ پشکنینی چاو روو لە شار و شارۆچکەکانی دیکە بکەن.

جەمال دەروێش، خاوەنی نووسینگەی کێوەڕەش بۆ فێرکردنی شۆفێری گوتی "بەهۆی سووتانی بەشی پشکنینی چاو ئاستەنگێکی زۆر بۆ خەڵکی ناوچەکە دروستبووە، پێویست بوو زووتر ئەو بەشە چاک بکرێتەوە، چونکە خەڵک بۆ پشکنینی چاو دەڕۆن بۆ شارەکانی دیکە و کاری خەڵک راوەستاوە".

لە سنووری پارێزگای سلێمانی بەشێک لە مامەڵەکانی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری لە نووسینگەکانی فێرکردنی شوفێری رایی دەکرێن. جەمال پێیوایە چاککردنەوەی بەشەکە ئەوەندەی ناوێت، ئەو دەڵێت "بە میزاج کار بەڕێدەکرێت، بەڵگەش بۆ ئەوە بڕۆن سەیری شوێنەکە بکەن، تەنیا کەلوپەلێکی کەم سووتاون، دەتوانن بەشەکە بگوازنەوە بۆ ژوورێکی دیکە لە نەخۆشخانەکە تا ئیشی خەڵک رانەوەستێ".

بەقسەی ئەوان چاککردنەوەی ئەو بەشە تەنیا 2500 دۆلاری پێویستە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر:

# 222 ملیۆن دینارمان گەڕاندووەتەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت

هەفتەنامەی (رووداو) لە ژمارە 321 لە 2014/8/11 راپۆرتێکی بەناونیشانی "لێکۆڵینەوە لەخەرجکردنی 2 ملیار دیناری پەورەردەی گشتی هەولێر دەکرێ" بڵاوکردووەتەوە، راپۆرتەکە چەندین هەڵە و کەموکورتی رۆژنامەوانی تێدایە و تەشهیرکردنیشە بە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان کە لێکەوتەی یاسایی لێدەکەوێتەوە، دەبێ رۆژنامەکە و رۆژنامەنووسەکەشی بەرامبەری بەرپرسیاربن، لێرەدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر بەپێویستی زانی ئەم روونکردنەوە و راستکردنەوەیە لەسەر ئەو بابەتە بەم چەند خاڵە بڵاوبکاتەوە:

1 ـ لەکۆی 740 وشەی راپۆرتەکەدا، تەنیا 420یان باسی پەروەردەی گشتی هەولێر و پەروەردەی ناوەند دەکات، 320 وشەی دیکە پەیوەندیی بە کڕینی کەلوپەلی پەروەردەکانی سلێمانی و دهۆک و کڕینی کورسی قوتابیان کە راستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمەوە دەکڕدرێت دەکات. زەقکردنەوەی ناوی پەروەردەی گشتی لە وەها راپۆرتێکدا بۆ شێواندنی راستییەکان و چەواشەکاریی دەبێ، چونکە دەچێتە ئەو قاڵبەی مانشێتی راپۆرتەکە لەگەڵ ناوەڕۆکدا ناگونجێ.

2 ـ دروستکردنی لێژنە کارێکی ئاسایی و رێوشوێنێکی ئیدارییە، زۆرجار لێژنە بۆ بەدواداچوون پێکدێ، بەڵام ئەنجامەکانی ئەرێنی دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو (رووداو) وەکو ئیتیکی رۆژنامەوانی پەیوەندیی بەهەردوو لایەنی راپۆرتەکە کردبا، کە یەکێک لە لایەنەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێرە، بەڵام بەداخەوە بێ وەرگرتنی بۆچوونی ئێمە راپۆرتەکە دارێژراوە کە دیسانەوە گومان لەو راپۆرتە دەکرێ کە مەبەستێکی هەبێ.

بەپێی رێوشوێنی یاسایی بەر لە تەواوبوونی لێکۆڵینەوە ناکرێ هیچ زانیاری و ئەنجامێک رابگەیەنرێ، نابێ (رووداو) لەبری لێژنەی لێکۆڵینەوە بڕیار بدات و تۆمەتی گەندەڵی بداتە پاڵ فەرمانگەیەکی حکومی.

ئەو لێژنەیەی رۆژنامەکەش باسی لێوەدەکات هێشتا نەگەیشتووەتە لای ئێمە و لێی ئاگادارنین، کاتی خۆشی هات ئەوا سەرجەم کارەکانمان بەپێی یاسا دەخەینە بەردەستی و ئامادەی هەموو لێکۆڵینەوەیەکین.

3 ـ لە پەرەگرافێکی راپۆرتەکەی (رووداو)دا هاتووە لێژنەکە گومانی "گەندەڵی" لە خەرجکردنی بڕە پارەی ئاماژەپێکراو دەکات، بۆیە رەنگە داوا دەکات لێکۆڵینەوە لە خەرجی پەروەردەی پارێزگاکانی دهۆک، سلێمانی و ئیدارەی گەرمیانیش بکات، هەردوو دەستەواژەی "گومان" و "رەنگە" لاستیکین و نابێ رۆژنامەنووس خۆیان لەقەرە بدات بەتایبەت لە وەها بابەتێک، کە پەیوەندی بە ناوبانگی فەرمانگەیەکی حکومییەوە هەیە، بەتایبەت کە ئەو لێژنەیەی رۆژنامەکە باسی دەکات باسی لە گومانی گەندەڵی بۆ رۆژنامەکە کردووە، نەش دەبێ ریپۆرتەر و رۆژنامەکەش بەتەعبیری خۆیان ئەو تۆمەتە بدەنە پاڵ فەرمانگەکەمان، چونکە ئەوە دەچێتە بواری هەڵبەستنی تۆمەت و تەشهیرکردن، نابێ رووداو و ریپۆرتەرەکە لەبری لێژنەکە بڕیاری کۆتایی بدات بێ ئەوەی ئاماژە بە بڕی پارەی بەهەدەردراو یان گەندەڵی تێداکراو بکات.

هەروەها ئەو لێژنەیەی لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ لێکۆڵینەوە پێکهێنراوە هێشتا سەردانی ئێمەیان نەکردووە. ئێمە چاوەڕوانی ئەوانین و ئامادەی هەموو لێکۆڵینەوەیەکین و سەرجەم کارەکانمان بەپێی یاسا کراوە و ئەوپەڕی شەفافییەت پەیڕەوکراوە.

4 ـ لە راپۆرتەکەدا باس لەوە دەکرێ ژمارەیەک مامۆستا سکاڵایان کردووە ئیدی دیارنییە لەسەر چی پەروەردەیەکن لەو 11 پەروەردەیەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێرن، بۆچی سکاڵایان کردووە. بەڵام ئێمە دەڵێین بەپێی زانیارییەکانمان چەند مامۆستایەک لەناو هەولێر سکاڵایەکیان پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران کردووە، کە هیچ پەیوەندیی بە پەروەردەی گشتییەوە نییە و پەروەدەی ناوەندی هەولێر بەجیا کەلوپەلی بۆ قوتابخانەکان کڕیوە و بەپێی فەرمانی ژمارە (20795/7/2) لە 2013/7/28.

ئەوەشی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە ئەو کەلوپەلانەی تایبەتن بە پەروەردەی ناوەندیی هەولێر نەدراوەتە هیچ قوتابخانەیەکی ئەو پەروەردەیە رۆژنامەکە و رێپۆرتەرەکە چۆن دەزانن ئەو کەلوپەلانە باشن یان خراپ.

5 ـ پاش ئەوەی گلەیی چەند پەورەردەیەکی قەزاکانمان لەسەر خراپی جۆری تاخم قەنەفە دابەشکراوەکان پێگەیشت، دەستبەجێ لێژنەیەکی بەدواداچوونمان بەفەرمانی ژمارە 6404 لە 2014/3/19 دەرکرد. ئەنجامی بەدواداچوونییش دەرکەوت یەکێک لە کارگەکان 80 تاخم قەنەفەی دروستکردووە بەجیاواز لەو کوالێتییەی لە تەندەردا هاتبوو، بۆیە لێژنەکەمان بڕیاریدا بەگەڕانەوەی سەرجەم ئەو تاخم قەنەفانە و گۆڕینی.

ئەو کۆمپانیایەی کەلوپەلەکانی بۆ یەکەمجار بەپێی دەرخستە نەبوو بەپێی یاسا غەرامەکراوە. پاش ئەوەش لێژنەی بەدواداچوون گفتوگۆی لەگەڵ لێژنەی وەرگرتن "استلام" کردووە و بەهەماهەنگی کێشەکە چارەسەرکرا.

هەر لەسەر راسپاردەی بەڕێوەبەری گشتی پەروەدەی هەولێر و بۆ دڵنیابوونی زیاتر لە کەلوپەلەکان لێژنەیەکی سێ کەسی سەردانی سەرجەم پەروەردەکانی قەزاکان و کۆگاکانیان کردووە و تەنانەت خودی بەڕێوەبەری گشتیش لەچەند شوێنێک بەدواداچوونی بۆ کوالێتیی قەنەفەکان کردووە، دواجار پەروەردەی قەزاکانیش بەنووسراو وەڵامی پەورەردەی گشتی هەولێریان داوەتەوە کە سەرجەم کەلوپەلەکانییان بێ کەموکورتین و لەو شوێنانەی کەموکورتی هەبوون چاککراونەتەوە.

6 ـ یەکێک لە کەموکورتییەکانی راپۆرتەکەی رۆژنامەی (رووداو) ئەوەیە بەهیچ شێوەیەک بەلای ئەوەدا نەچووە کە بڕی 580 هەزار دیناری عێراقی واتە نزیکەی 450 دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر تاخم قەنەفەیەک تەرخانکراوە، کە پێشتر بڕی 700 هەزار دینار بوو، ئەوەش لەگەڵ بوونی کوالێتییەکی گونجاوە، پرسیار ئەوەیە ئایا بەو بڕە پارەیە دەتوانرێ تاخم قەنەفەیەکی کواڵێتی بەرزی پێ بکڕدرێ، کە بەشی ساڵانێکی زۆر بکات.

لە کڕینی کەلوپەلی 11 بابەت، تەنیا کەمێک کەموکورتی لە هەندێک لە تاخم قەنەفەکاندا هەبووە، دواتر ئەویش چارەسەرکراوە، بۆچی رۆژنامەکە تەنیا جەختی لەسەر بەشێک لەو تاخم قەنەفانەیە.

7 ـ دەبێ ئەو زانیارییانەش کە لە راپۆرتەکەی (رووداو)دا باسی نەکراوە روونی بکەینەوە، کە بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ کڕینی کەلوپەلی قوتابخانەکان بریتی بووە لە 2 ملیار و 233 و 750 هەزار دینار، بەڵام لێژنەی کڕین بڕی 222 ملیۆن و 150 هەزار دیناری گێڕاوەتەوە بۆ گەنجینەی دەوڵەت.

8 ـ بەمەبەستی بەدیهێنانی شەفافییەت، کاری کڕینی کەلوپەلەکان بە دوو لێژنەی جیاواز کراوە کە لە هەر لێژنەیەکیشدا نوێنەری وەزارەتی داراییان تێدابووە و لەسەرجەم وردەکارییەکانی کڕینی کەلوپەلەکان ئاگادارن، سەرباری ئەوەش سێ لێژنەی دیکەی جیاواز لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێرەوە پێکهێنراون، ئەوانیش لێژنەکانی:

ا ـ لێژنەیەکی پێنج کەسی بۆ وەرگرتنی کەلوپەلەکان بە فەرمانی ژمارە 40211 لە 2013/12/17.

ب ـ لێژنەیەکی پێنج کەسی بۆ دابەشکردنی کەلوپەلەکان بەفەرمانی ژمارە 1817 لە 1/27/ 2014.

ج ـ لێژنەی سێ کەسی بۆ بەدواداچوون لەسەر چۆنێتی کواڵێتی کەلوپەلەکان و هەڵسەنگاندنیان بەژمارە 6404 لە 2014/3/19.

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (322) دووشەممە 2014/8/18



## سیبەل جان ڕاودەنێن

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

هەفتەی ڕابردوو هونەرمەندی تورک سیبەل جان بۆ پشووی هاوین سەردانی فەرەنسای کرد، بەڵام لەبەر کێشی زۆری نەیویست بکەوێتە داوی کامێراکان، نیگەرانی خۆیشی دەبڕی کە نەیتوانیوە بەسەر قەڵەوییەکەیدا زاڵبێت.گۆرانیبێژ و ئەکتەری ناسراوی تورک سیبەل جان ئێستا لەگەڵ خێزانەکەی لە کەنارەکانی فەرەنسا پشووی هاوین بەسەردەبات، بەڵام ناهێڵێت زوومی هیچ کامێرایەک بگاتە شوێنەکەی، لەبەر ئەوەی نایەوێت قەڵەوییەکەی نیشانی خەڵکی بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەیان کامێرامان بەدوای گرتنی گرتەیەکی ئەوەوەن.

## هەرێم دێ ڤەگەڕێ



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند هەرێم محەممەد نوێترین گۆرانی خۆی بەشێوەزاری بادینی بڵاودەکاتەوە.

هەرێم بە (ڕووداو)ی گوت "گۆرانی ڤەگەڕە نوێترین کاری منە و لەم ڕۆژانەدا تۆمارم کرد و بەم نزیکانەش کلیپێکی بۆ دەکەین".

هەرێم دوای بڵاوکردنەوەی چەند گۆرانییەکی سینگل، هەواداری زۆری لە هەولێر و سلێمانی بۆ پەیدا بوو، ئێستا دەیەوێت بە گۆرانییەکی بادینی لە بادینانیش جەماوەر بۆ خۆی پەیدا بکات.

گۆرانی ڤەگەڕە لە تێکست و ئاوازی هونەرمەندی شاری دهۆک مێڤان ئیبراهیمە و لە ستۆدیۆکانی شاری هەولێر تۆمار کراوە.



## 4S گۆرانی بۆ پێشمەرگە دەڵێن

**ڕووداو- هەولێر**

چوار هونەرمەندی کورد سروودێک بۆ پێشمەرگە دەڵێن کە دووانیان کچن و هەرچواریشیان ناوەکانیان بە پیتی (س) دەستپێدەکات.

ساوێن و سابات کە دوو خوشکی میوزیکژەن و گۆرانیبێژن، لەگەڵ دوو گۆرانیبێژی دیکە بە ناوەکانی سەمیر عەبدوڵڵا و سروود عومەر، سروودێک بۆ پشتگیری لە پێشمەرگە دەڵێن.

ساوێن لەبارەی سروودەکەوە بە (ڕووداو)ی گوت "سروودەکە لە ئاواز و دابەشکردنی ڕۆزبێیە و تێکستەکەشی لەلایەن ڕەسوڵ سوڵتانی نووسراوە. من بە حەیرانێک بەشداری ئەم سروودە دەکەم کە تێکستەکەی حەیران حاجی عوسمان ئۆمەربلی دایناوە، تێکەڵکێش دەکرێت لەگەڵ سروودەکە، لەم ڕۆژانەش کلیپێکی بۆ دەکەین".



## ئاخی زێڕین بۆ ڕۆژئاوایە

**میوا سەلاح**

**ڕووداو- هەولێر**

زێڕین بەرزنجی کچە گۆرانیبێژی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان گۆرانییەکی نوێ تۆمار دەکات کە باس لە کێشەکانی کوردی ئەو بەشەی کوردستان دەکات.

زێڕین بە (ڕووداو)ی گوت "گۆرانییەکی تازەم ئامادە کردووە بەناوی ئاخ ڕۆژئاوا کە لە تێکست و میلۆدی شێرکۆ بەرزنجییە، لەم گۆرانییەدا هاوار وناڵەی خەڵکی کۆبانێ، قامشلۆ و عەفرین بە ڕێگای میوزیک دەگەیەنم".

گوتیشی لەگەڵ گرووپی میوزیکی برایەتی سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی گۆرانیە کە لە 8 تراک پێکهاتووە و بەشی زۆری گۆرانییەکان نیشتیمانین.

شڤان بەرزنجی، ئەندامی ئەو گرووپە گوتی "ئەلبوومەکە لەسەر ئەرکی خۆمان تۆمار دەکەین، بۆیە ڕۆژانە کاردەکەم بۆ ئەوەی پارەی ئەلبوومەکە دابین بکەین".



## ئەمریکی مزگین بە سوێدی دەزانن

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

مزگین، کچە گۆرانیبێژی کوردی دانیشتووی سوێد، ئامادەکاری دەکات بۆ سازدانی چەند کۆنسێرتێک لە شارەکانی ئەمریکا.

ڕۆژنامەکانی شاری لۆس ئەنجلس بڵاویانکردەوە کە مزگین چەند کۆنسێرتێک لە هەردوو ویلایەتی کالیفۆرنیا و لۆس ئەنجلس سازدەکات. لە کۆنسێرتەکاندا مزگین گۆرانییەکانی ئەلبوومە نوێیەکەی دەڵێت کە تاوەکو ئێستا بڵاوی نەکردووەتەوە.

ڕۆژنامەکان مزگینیان وەک هونەرمەندێکی سوێدی ناساندووە،، بەڵام ئەو لە سوێد وەکو هونەرمەندێکی کورد دەناسرێت.

بڕیارە یەکەمین ئەلبوومی گۆرانی مزگین لە کۆتایی ئەمساڵ لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەمریکی بەناوی HighJAC بڵاوبکرێتەوە.



## شوان عەتوف پێشمەرگە خەڵات دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند شوان عەتوف دوو خەڵات دەبەخشێتە پێشمەرگە کە لەفێستیڤاڵێک لە ئیسپانیا وەریگرتبوون.

شوان بە کورتە فیلمی "ماڵ و کلیل" بەشداری لە فێستیڤاڵی فۆئێنکالینتێ کردبوو کە 7ی ئەم مانگە لە ئیسپانیا بەڕێوەچوو. فیلمەکە لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکیی کورتە فیلمەکاندا نمایش کراو لەلایەن لیژنەی دادوەرانی فێستیڤاڵەکەوە خەڵاتی باشترین فیلم و هەروەها لەلایەن بینەرانەوە خەڵاتی باشترین فیلمی بینەرانی پێبەخشرا. شوانیش هەردوو خەڵاتەکەی پێشکەشی پێشمەرگە کرد.

هەر لەو فێستیڤاڵە بڕیاردرا کە سینەماکاری کورد شوان عەتوف بە فەرمی بۆ خولی داهاتووی فێستیڤاڵ وەکو ئەندامی لیژنەی دادوەران بەشداری بکات.

## نەوتی کوردی بە تامی ئێرانی

ڕووداو- هەولێر

دوو فیلمی کوردی کە لە ئێران بەرهەم هاتوون، بەناوی ئەو وڵاتەوە بەشداری لە فێستیڤاڵێکی فیلم لە سانفرانسیسکۆ دەکەن.

فیلمی "دوایین زستان" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد سالم سەڵەواتی و هەروەها فیلمی دۆکیومێنتاری "نەوتکێشی ریال مەدرید" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد سەتار چەمەنی گوڵ، لە حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمە ئێرانییەکان لە سانفرانسیسکۆ نمایش دەکرێن.

ئەم فێستیڤاڵە لە ڕۆژانی 27 و 28ی ئەیلولی داهاتوو لە بارەگای ڕێکخراوی هونەری سانفرانسیسکۆ بەڕێوەدەچێت.

فیلمی نەوتکێشی ریال مەدرید باسی شوفێرێکی کورد دەکات کە بارهەڵگرێکی نەوتی پێیە و دوای خاڵیکردنەوەی نەوتەکەی دەیەوێت بە پەلە بگەڕێتەوە باشووری کوردستان، چونکە ژنەکەی دووگیانە، بەڵام بەهۆی نۆرەی درێژی بارهەڵگرە نەوتەکان لە مەرزی باشماخ، ماوەی چەند ڕۆژێک لەو سەر سنوورە دەمێنێتەوە.



## مریەم وەڵامی ئەردۆغان دەداتەوە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

مریەم ئۆزیرلی ئەکتەری بەناوبانگی تورک کە بە سوڵتانە هەیام بەناوبانگە، وەڵامی ئەردۆغان دەداتەوە کە گوتبووی زنجیرەی حەریمی سوڵتان مێژووی شێواندووە.

دوای ئەوەی ئەردۆغان ڕەخنەیەکی زۆری ئاراستەی درامای تورکی حەریمی سوڵتان کرد کە گوایە سووکایەتی بە مێژووی سوڵتانەکان دەکات و داوای کرد پەرلەمان بێتە دەنگ، مەریەم بە توندی وەڵامی دایەوە و گوتی "ئەوان نازانن کاری هونەری چییە، لەبەر ئەوەی جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نووسینەوەی مێژوو و چیرۆکی مێژووییدا هەیە، چیرۆکی دراما لەگەڵ خەیاڵ و فانتازیا تێکەڵ دەبێت، هەندێجاریش نووسەری مێژووەکە چیرۆکی جیاجیا دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی کارە هونەرییەکە جوانتر دەربکەوێت".

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



## بەختی ڕووداو

**کاوڕ**

چەند بەقورسی بیر لەگرفتەکان بکەیتەوە ئەوەندە چارەسەرەکەی قورستر دەبێت، هەندێک جار دەبێت بەهیواوە لەدوای ئاسوودەیی بگەڕێی و بیدۆزیتەوە. کاتێکی گرنگە بۆ پەیوەندی ئەڤینداری.

**گا**

کارەکان بەشێوەیەکی باش بەڕێوە دەچن، ڕەنگە پەلەکردن ئاراستەکەت بگۆڕێت بەرەو ڕێگەیەکی نادیار. هەندێک کار زۆر ماندووت دەکەن هەتا دەگاتە ئەنجام، بەڵام لەزۆر کاتدا خۆڕاگری باشترە لەهەڵەمەت بردن.

**جمک**

پەیوەندییەکانت هەستێکی خۆشت دەدەنێ، چەندی گومانەکانت کەم بکەیتەوە ئەوەندە سەرنجڕاکێشتر دەبیت. ئەو فرسەتانە کۆنترۆڵ بکە کە بەئاسانی دێنە بەردەستت و خەڵک ئاواتی بۆ دەخوازن.

**قرژاڵ**

لەڕووی دەسکەوت و دەرامەتەوە دەرگایەکی بەختەوەریی نوێ بە ڕووتدا دەکرێتەوە، وا باشە هەوڵە داراییەکانت زیاتر بکەیت و بڕوات بەخۆت هەبێت. هەواڵەکان چەند ناخۆش بن ناتوانن گەشبینیت بڕەوێننەوە.

**شێر**

هەردوو ئەستێرەی ژوپیتەر و ڤینۆس لە بورجەکەتدایە، بەشێوەیەکی نوێ خۆشی و ئاسوودەییەکانی ڕۆژانی ڕابردووت بۆ دەهێنێتەوە، فرسەتی بەختەوەریی گەورە لەژیانت سەرهەڵدەدات و توانا گەورەکەت تاقیدەکەیتەوە.

**گوڵەگەنم**

ئەم خۆڕاگرییەت سەرنجی چواردەورەکەتی بەتەواوی ڕاکێشاوە، بەهێمنی پلانەکانت جێبەجێ بکە. دەتوانن کارە باشەکانتان بۆ چواردەورەکەتان باس بکەن کە پلەوپایەتان بەرز دەکاتەوە یان گۆڕان لەژیانتان دروست دەکات.

**تەرازوو**

هەنگاوێکی دیکە لەبەدیهێنانی ئاواتەکەت نزیک دەبیتەوە. سۆزداری ئاسوودەییەکی گەورەت پێدەبەخشێت. دەتوانن سەرچاوەی دەسکەوتەکانتان زیاد بکەن. کاتێکی باشە بۆ ڕێکخستنەوەی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بەکار و دەرامەتەوە هەیە.

**دووپشک**

لەگەڵ جدیبوونی کارەکانی ئەم ماوەیەدا کەمێک دەربڕینەکانت نەرمتر بکەرەوە، بەم دوو لایەنە کاریگەری بەهێز لەسەر چواردەورەکەت دروست دەکەیت. کاتێکی زێڕینە بۆ دەستپێکردنەوەی ئەو پڕۆژانەی دواکەوتوون.

**کەوان**

دڵتەنگیت کاریگەری دەخاتە سەر بەرامبەرەکەت و گومانی بۆ دروست دەکات، کاتێکیش بەخەندەوە مامەڵەی دەکەیت، هێندەی دیکە شیرینتر دەبیت، کە ڕێگایەکی هێندە ئاسان هەیە ئیتر بۆ خۆت خەمبار دەکەیت.

**کاژۆڵە**

بەدیهاتنی خەون و ئاواتەکانت لەدەستی خۆتدایە، لەم کاتە گرنگەدا دەتوانن کاریگەریتان بەسەر کەسایەتییەکانی چواردەورتانەوە هەبێت. پەیوەندیتان لەگەڵ بەرپرسەکانی کار بەهێز بکەن. چەند فرسەتێکی گرنگتان بۆ دێنە پێشەوە.

**سەتڵ**

لەگەڵ هاوڕێ و خۆشەویستەکانتان پەیوەندییەکی بەهێز دروستدەکەن. لەبەدیهێنانی ئاواتێک نزیک دەبنەوە. دڵسۆزەکانتان ئامادەن بەهەموو شێوەیەک هاوکاریتان بکەن. بەشێکی گەورەی کارەکانت تەواو کردووە و ئەمەش بەسەرکەوتن ئەژمار دەکرێت.

**نەهەنگ**

هەرچەندە کەمێک بێزاریت، بەڵام سەرکەوتنی گەورە چاوەڕوانت دەکات. بەهۆی گۆڕانێکەوە هیوا و گەشبینیتان بۆ دەگەڕێتەوە، هەموو هەوڵەکانتان بۆ زیادکردنی دەرامەت بەگەڕبخەن چونکە فرسەتێکی زۆر باشە و دەسکەوتتان زیاتر دەبێت.



دەستی بەسەر چەندین کێڵگەدا گرتووە

# یەدەگی نەوتی بندەستی داعش 7 ملیار بەرمیلە

**محەممەد هادی**
**رووداو- هەولێر**

چەکدارانی داعش لە هەردوو دیوی سووریا و عێراق دەستیان بەسەر چەندین کێڵگەی نەوتیدا گرتووە و ڕۆژانەش دەیان هەزار بەرمیل نەوت دەردێنن و بە قاچاخچیانی دەفرۆشن. بەم جۆرەش توانای ئابووریی خۆیان پتەوتر دەکەن.

داعش لە پارێزگای نەینەوا هەوڵی زۆری دا دەست بەسەر ئەو کێڵگە نەوتیانەدا بگرێت کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرێن.

ئەگەرچی زۆربەی ئەم هەوڵانە سەریان نەگرت، بەڵام بەپێی بەدواداچوونێکی (رووداو)، حەوت کێڵگەی نەوتیان لە زنجیرەچیای حەمرین و دوو پاڵاوگەیان لە ناوچەکانی باکوور و نێوەڕاستی عێراق و باشووری کوردستان لەژێر دەستدایە کە لە دوو مانگی رابردوودا کۆنترۆڵیان کردوون.

بڕی فرۆشتنی بەرهەمی ڕۆژانەی ئەو کێڵگانە لەلایەن داعشەوە بە نزیکەی 10 هەزار بەرمیل نەوت دەخەملێنرێ. تاکە کێڵگەی نەوتیش کە لە باشووری کوردستان کەوتووەتە دەست داعش کێڵگەی عەین زالەیە.

چەکدارانی داعش لەماوەی رابردوودا کێڵگە نەوتییەکانی گەیارەیان کۆنترۆڵ کرد کە لە بیرە نەوتەکانی (گەیارە، قەسەیە، چاوانە، ساسان و نەجمە) پێکدێن و ڕۆژانە 20 هەزار بەرمیل نەوتیان هەیە. هەروەها یەدەگی ئەو کێڵگانەش بە 2 ملیار بەرمیل نەوت دەخەملێنرێت.

د.بێوار خنسی، راوێژکاری ئاسایشی نەوت لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "چەکدارانی داعش لە پارێزگای نەینەوا، جگە لە کێڵگەکانی گەیارە، پاڵاوگەی گەیارەشیان گرتووە. ئەو کێڵگانە نزیکەی 50 بیری نەوتیان تێدایە. هەروەها جگە لە کێڵگەی گەیارە، کێڵگەی کەسکێش هەر لەدەستی داعشدایە".

بەگوتەی خنسی "ئێستا چەکدارانی داعش 260 کیلۆمەتر بۆڕیی نەوتی کەرکووک- جەیهانیان لەبندەستە کە ئەو بۆڕییە 46 ئینجە و پڕە لە نەوت. نەوتەکەی بەتاڵدەکەنەوە و دەیفرۆشن".

سەبارەت بە کێڵگەکانی عەین زالە لە باشووری کوردستان کە بریتین لە کێڵگەکانی (عەین زالە، سوفەییە، مشورە و بەتمە)، بێوار خنسی گوتی "تەنیا کێڵگەی عەین زالەیان کۆنترۆڵ کردووە و کێڵگەکانی دیکە لەدەستی هێزی پێشمەرگەدان".

کێڵگەکانی عەین زالە نزیکەی 70 تا 80 بیری نەوتیان تێدایە و ڕۆژانە 10 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێنن. یەدەگی نەوتی ئەو کێڵگانەش بە 4 ملیار بەرمیل دەخەملێنرێ.

سەبارەت بەو کێڵگە نەوتییانەی لە پارێزگای سەلاحەدین کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی داعش، خنسی گوتی "لەوێ کێڵگەی نەوتی حەجێلیان گرتووە کە دەکەوێتە داوێنی زنجیرە چیاکانی حەمرین. ئەو کێڵگەیە نزیکەی 5 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت و یەدەگی نەوتی ئەو کێڵگەیەش بە ملیارێک بەرمیل دەخەملێنرێت".

هەروەها توانیویانە دەست بەسەر زنجیرە بیرە نەوتەکانی چیای حەمرینیشدا بگرن کە ئەم کێڵگانە جگە لە نەوت، ڕۆژانە 100 ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی بەرهەمدەهێنن.

بێوار خنسی دەربارەی ئامانجی چەکدارانی داعش لە گرتنی ئەو ناوچەی نەوتیان تێدایە، گوتی "داعش دەیویست لەو هێرشانەی کە کردیە سەر باشووری کوردستان، ئابووریی کوردستان پەکبخات و بۆڕییە نەوتییەکانی کە لە نێوان مەخموور و گوێر درێژبووەتەوە کۆنترۆڵ بکات، هەروەها نزیکبوونەوە لە کێڵگە نەوتیەکانی کەرکووک ئامانجی سەرەکی داعش بوو". داعش دەیەوێ رووبەری هێرش و پەلامارە سەربازییەکانی فراوانتر بکات "بۆ ئەمەش سووتەمەنی سەرچاوەی سەرەکیی جووڵاندنی ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان و چەکە قورسەکانیەتی".

## کێ نەوت لە داعش دەکڕێت

بەپێی زانیارییەکانی د.بێوار، داعش ڕۆژانە چل تانکەر نەوت لە عێراق دەفرۆشێت کە بە 10 هەزار بەرمیل دەخەملێنرێت، هەر تانکەرێکیش بە 12 هەزار دۆلار دەفرۆشێت.

سەبارەت بە کڕیارانی نەوتەکەش دەڵێت "نەوتەکە بە قاچاخچیانی عەرەب و کورد دەفرۆشن، ئەوانیش لە ڕێگای بازرگانانەوە بە حکومەتەکانی سووریا و تورکیای دەفرۆشن، هەندێک لە بازرگانەکانیش خۆیان نەوتەکە دەکڕن و دەیپاڵێون و لە بازاڕەکان دەیفرۆشنەوە".

باشووری کوردستان خاوەن یەدەگێکی زۆری نەوتە کە بە 40 ملیار بەرمیل دەخەملێنرێت. ڕۆژئاوای کوردستانیش نەوتێکی زۆری هەیە، لە هەموو سوریا 1289 بیری نەوت هەن، نیوەی زیاتری ئەو بیرە نەوتانە لە ڕۆژئاوای کوردستانن.

ئێستا لە ڕۆژئاوای کوردستان کێڵگە نەوتییەکانی رمێلان و قەرەچوغ لەدەست شەڕڤانانی YPG دایە کە توانای بەرهەمهێنانی 150 هەزار بەرمیل نەوتیان لە ڕۆژێکدا هەیە.

هەروەها کێڵگەی نەوتی دیجلە کە زۆرترین ململانێی لەسەر بوو لە نێوان PYD و داعش، ئێستا ئەو کێڵگەیە لەدەست کوردە و ڕۆژانە 25 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دێنێت.

بەڵام کێڵگەی جبسە کە ڕۆژانە توانای بەرهەمهێنانی 150 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە، لەدەست چەکدارانی داعشدایە، ئێستا بەرهەمهێنانی نەوت لەو کێڵگەیە وەستاوە کە دەکەوێتە 50 کیلۆمەتر دووری ڕۆژئاوای پارێزگای حەسەکە.

هەروەها کێڵگەکانی فورات لەدەست داعشدان کە پێش ساڵی 2011 ئەو کێڵگانە ڕۆژانە 30 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمیان هەبوو. بەڵام ئێستا هیچ بەرهەمی نییە. دیسان کێڵگەی نەوتی دبیسان لەژێر کۆنترۆڵی داعشدایە کە ڕۆژانە 5 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت.


سەبارەت بە کێڵگەکانی گازی سروشتیش، بێوار خنسی گوتی کێڵگەی حودە لە رمێلان ڕۆژانە توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی یەک ملیۆن مەتر سێجا گازی سروشتیی هەیە.

کارگەیەکی پیشەسازی گازیش لەو ناوچەیە هەیە کە لە ژێر کۆنترۆڵی پەیەدەیە. چەکدارانی داعشیش کێڵگەی گازی دێرەزوریان کۆنترۆڵ کردووە کە ڕۆژانە توانای بەرهەمهێنانی 15 هەزار بوتڵی غازیان هەیە.

راوێژکارەکەی ئاژانسی پاراستن لەسەر چۆنیەتی فرۆشتن و نرخی نەوت لەلایەن داعش و پەیەدە گوتی "نرخی هەر بەرمیلێک لە نێوان 15 تا 20 دۆلارە کە بە قاچاخچیانی نەوتی دەفرۆشن، ئەوانیش بە سووریا و تورکیای دەفرۆشنەوە.

بەگشتی لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕۆژانە 175 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دێت کە 70%ی لەلایەن PYD دەفرۆشرێت و 30%یشی لەلایەن داعشەوە.

یەدەگی نەوتی سووریا لە نێوان 2 تا 3 ملیار بەرمیل نەوتە، یەدەگی گازی سروشتیش 241 ملیار مەتر سێجایە. هەروەها لە سووریا دوو پاڵاوگە هەیە: حومس، کە ڕۆژانە 107 هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێوێت. بانیاس کە ڕۆژانە توانای پاڵاوتنی 133 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە.



# پشکی کۆمپانیاکانی نەوت لە کوردستان بەرزدەبێتەوە

**رووداو- هەولێر**

پاش ئەوەی یارمەتییە سەربازییەکانی وڵاتانی ئەمریکا و فەرەنسا گەیشتنە باشووری کوردستان، بەهای پشکەکانی کۆمپانیاکانی نەوت بەرزبوونەوە، شارەزایانی ئابووریش ئامۆژگاری وەبەرهێنەکان دەکەن بۆئەوەی پشکی ئەو کۆمپانیا نەوتییانە بکڕنەوە کە لە کوردستان کاری بەرهەمهێنان و گەڕان بەدوای نەوتدا دەکەن.

هەریەک لە کۆمپانیاکانی دی ئێن ئۆ و گەنەل ئێنێرجی رایانگەیاندووە کە بەردەوامن لە کارەکانیان لە باشووری کوردستان. پاش ئەوەی بەهای پشکەکانی کۆمپانیاکانی نەوت لە باشووری کوردستان لەدوو هەفتەی رابردوودا بەهۆی هێرشی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە "داعش" بە ڕێژەی 25% دابەزی. ئێستا بەهای پشکەکانی ئەو کۆمپانیایانە بەرزبوونەوەیان بەخۆوە بینیوە، ئەمەش لەبەر یارمەتییە سەربازییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەرەنسایە بۆ پاراستنی باشووری کوردستان.

دوای ئەوەی چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر باشووری کوردستان و چەندین هاونیشتمانی ئێزدییان لە قەزای شنگال کوشت و ژنەکانیان رفاندن، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاتە دەنگ و چەندین وڵاتی زلهێز لەوانەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆئەوەی کۆمەکی سەربازی و مرۆیی بۆ باشووری کوردستان بنێرن.

پاش هێرشەکانی چەکدارانی داعش بۆ سەر باشووری کوردستان، هەندێ کۆمپانیای نەوت ژمارەی کارمەندانی خۆیان لە کێڵگەکانی نەوت کەمکردەوە. هەروەها بەهۆی هێرشەکانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی و نزیکبوونەوەیان لە پارێزگای هەولێر، بەهای پشکی کۆمپانیا نەوتییە کارکەرەکان لە باشووری کوردستان دابەزینیان بەخۆوە بینی.

بەڵام ئێستا بەپێی شارەزایانی ئابووری، بەهای پشکەکانی کۆمپانیاکانی نەوتی کارکەر لە کەرتی نەوت و گازی باشووری کوردستان ئاراستەی خۆی گۆڕیوە و لە بەرزبوونەوەدایە.

هاوکات راوێژکاران لە بازاڕەکانی بۆرسەدا ئامۆژگاری وەبەرهێنەران دەکەن بۆ کڕینی پشکەکانی ئەو کۆمپانیا نەوتیانەی کە لە باشووری کوردستان کاردەکەن.

بانکی "سوید بانک" ئەمڕۆ خەمڵاندنەکانی بۆ پشکی کۆمپانیاکانی کارکەر لە باشووری کوردستان بەرزکردەوە و ئامۆژگاری وەبەرهێنەرانی کردووە بۆ کڕینی ئەو پشکانە.

راوێژکارانی بانکی "سوید بانک" رایانگەیاندووە ئەگەرێکی زۆر کەم هەیە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بتوانن زاڵ بن بەسەر باشووری کوردستاندا، بەتایبەتی پاش ئەو یارمەتییە سەربازییانەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا پێشکەشی باشووری کوردستانیان کرد، لەلایەکی دیکەشەوە، کارەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان دوورە لەو ناوچانەی کە شەڕیان تێدایە.

ئاڵ ستانتۆن، شیکاری وزەی کۆمپانیای راوێژکاری کاپیتاڵ مارکێت رایگەیاند: بڕوایەک هەیە کە لە سەرتاسەری عێراقدا، باشووری کوردستان وەک سەلامەتترین شوێن بۆ پیشەسازی دەمێنێتەوە، هەر لەبەر ئەوەش پێشنیاز دەداتە وەبەرهێنەران بۆ کڕینی پشکی کۆمپانیاکانی نەوتی کارکەر لە باشووری کوردستان، بەتایبەت دوو کۆمپانیای بەرهەمهێنەری نەوت DNO ی نەرویژی و کۆمپانیای گەنەل ئێنێرجی تورکی. هەردوو کۆمپانیای ناوبراو پشتڕاستیان کردووەتەوە کە کارەکانی بەرهەمهێنان و دەرهێنانی نەوتی ئەو کۆمپانیایانە لە کێڵگەکانی باشووری کوردستان وەک خۆی بەردەوامە و بە تەواوەتی سەلامەتە.

هێنریک شواب گوتەبێژی کۆمپانیای DNO رایگەیاندووە، لە تەواوی ئەو کێڵگانەی کە تێیدا لە باشووری کوردستان کۆمپانیاکە کاردەکات، کارەکانیان بەردەوامە. کۆمپانیای گەنەل ئێنێرجی بە هەمانشێوە رایگەیاندووە کە کۆمپانیاکە درێژەدەدات بە بەرهەمهێنانی ئەو ڕێژەیە لە نەوتی خاو کە لەمساڵدا دیاری کردووە.

بەهای پشکەکانی کۆمپانیای DNO لە دوایین مامەڵەکاندا لە بازاڕی بۆرسەی ئۆسلۆ بە ڕێژەی 8.6% بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی. هەروەها بەهای پشکەکانی کۆمپانیای گەنەل ئێنێرجی لە بازاڕی لەندەندا بە ڕێژەی 7.9% بەرزبووەتەوە.

کۆمپانیای گەنەل ئێنێرجی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە سەرەڕای رەوشی ئەمنیی ئەم دواییە و بەردەوامیی شەڕ لە نێوان چەکدارانی داعش و هێزەکانی پێشمەرگە، هەردوو کێڵگەی تاوکێ و تەقتەق کە کۆمپانیاکە کاریان تێدا دەکات، سەلامەتن و بەرهەمهێنانی نەوت لەو دوو کێڵگەیەدا بەردەوامە.

ڕۆژانە نزیکەی 230 هەزار بەرمیل نەوت لە هەردوو کێڵگەی تەقتەق و تاوکێ لە باشووری کوردستان بەرهەمدەهێنرێن.

پێشتر وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندبوو کە هەناردەکردنی نەوتی خاو لە باشووری کوردستانەوە بۆ بەندەری جەیهانی تورکی وەک خۆی بەردەوامە.



رووداو
ژمارە (322) دووشەممە 2014/8/18

پزیشکانی بێسنوور:

# 90%ی ئاوارە سوورییەکان نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە



(فۆتۆ: AFP)

ئاوارەیەکی مەسیحی لە سلێمانی:

## پارەی کارتێکی مۆبایلم لە گیرفاندا نییە چۆن دەتوانم دەرمانی گران بکڕم

**سەرووەر سالار و تەرزە عەبدوڵڵا**
**رووداو- سلێمانی**

خەمی سەرەکی ئاوارەکان، رزگاربوونیان بووە لەدەستی مردن، بەڵام سەختە کەسێکی ئاوارە بیر لە دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی و ئاستی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکەی بکاتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا دوورنییە هۆکاری مردنی بەشێکی بەرچاوی ئاوارە بەتەمەنەکان، ئاڵۆزبوونی نەخۆشییەکانیان بوو بێت.

ماڵپەڕی پزیشکانی بێسنوور کە رێکخراوێکی جیهانییە، دەڵێت 90%ی کەسانی پێگەیشتوو لە کامپی ئاوارەکانی سووریا لە لوبنان لانیکەم نەخۆشییەکی درێژخایەنیان هەبووە.

ئێستا لە سنووری پارێزگای سلێمانی 370 خێزانی مەسیحی ئاوارە هەن کە بە هەموویانەوە 1400 کەسن، ژمارەیەکی بەرچاویان نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە و زۆربەیان لە کڵێساکاندا ژیان بەسەردەبەن. سەرپەرشتیاری ئاوارە مەسیحییەکان لە سلێمانی دەڵێت لەنێو ئەو ئاوارانەدا 4 تووشبووی شێرپەنجە هەن، بەڵام نەخۆشیی درێژخایەنی هەرەباو لەنێویاندا بەرزیی فشاری خوێن و نەخۆشیی شەکرەیە کە ئامارەکەیان بە وردی نەزانراوە.

پیاوێکی بەتەمەنی مەسیحی تەمەن 68 ساڵان، ماوەی 23 ساڵە دەرمانی چارەسەری بەرزیی فشاری خوێن و شەکرە بەکاردێنێت و تا ئێستا کۆنترۆڵ بووە، بەڵام دەڵێت "ئێستا بڕوا ناکەم بەهۆی باری خراپی دەروونیمەوە حاڵەتەکەم کۆنترۆڵ بێت". ئەو دەشڵێت کە ئەو دەرمانانەی لەکاتی هەڵاتنیدا لە گیرفانی کردبوون روو لە تەواوبوونن و دوای ئەوەش دڵنیا نییە بەردەوام دەبێت لە بەکارهێنانی دەرمانەکانی "من کە پارەی کڕینی کارتی مۆبایلەکەم پێ نییە، چۆن بتوانم ئەم دەرمانە گرانانە بکڕم؟".

لەنێو کڵێسای چوارچرا لە سلێمانی گەنجێکی مەسیحی کە وەک خۆی دەڵێت چەند ساڵێکە نەخۆشیی هەوکردنی دەماری پێنجەمی سەری هەیە، گوتی "هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان باروودۆخمان بۆ برەخسێنێ کە پزیشکی پسپۆڕ بمانبینێ و بەپێی حاڵەتەکەمان چارەسەری درێژخایەنمان پێبدەن". زۆربەی ئەو ئاوارانە بێ پارە هاتوون و توانایان نییە لەسەر گیرفانی خۆیان سەردانی کلینیکە پسپۆڕییەکان بکەن. بەرپرسانی تەندروستی سلێمانیش دەڵێن رێگەچارە بۆ ئەو بابەتە دەدۆزنەوە.

دکتۆر میران محەممەد عەباس، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ (تۆڕی میدیایی رووداو) گوتی "هەڵمەتی کوتانی منداڵانمان جێبەجێکردووە و ئێستا سەرگەرمی دانانی میکانیزمێکین تا لەڕێگایەوە چارەسەری پێویست دابین بکرێت بۆ ئەو ئاوارانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە".

### کەسی ئاوارە ناتوانێت خۆپارێزی بکات

لە راپۆرتێکی رێکخراوی پزیشکانی بێسنووری جیهانیدا هاتووە کە گرفتی گەورەی ئەو ئاوارانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە، ناتوانن بەپێی نەخۆشییەکەیان خۆراک بخۆن، بۆ نموونە دوورکەوتنەوە لە چەوری و سوێری و خواردنی سەوزە و میوە، چونکە ئەوان لەماڵی خۆیاندا نین تا بەپێی تایبەتمەندی تەمەن و نەخۆشییەکەیان خۆراکیان پێبدرێت.

هەروەها تووشبووانی رەبۆش پێویستیان بە ژینگەیەکی پاک و بێ دووکەڵ و تەپوتۆز و بۆنی توندە، بەڵام نەخۆشی ئاوارە ناتوانێت ژینگەکەی خۆی هەڵبژێرێت، چونکە وەک هەر کەسێکی ئاسایی شوێنێکی سنووورداری پێدەدرێت کە رەنگە بۆ ئەم مەترسیداربێت.

ئەوە جگە لە ئەگەری بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوەکانی وەک سیل لەنێو ئەو شوێنانەی تێیاندا ژمارەیەکی زۆری خێزان پێکەوە دەژین.

ژنێکی تەمەن 62 ساڵانی سووریا، کە تووشبووی شەکرەیە و ئێستا لە دۆڵی بیقاعی لوبنان ئاوارەیە بە پەیامنێری ماڵپەڕی پزیشکانی بێسنووری گوتووە "پزیشکەکان پێمدەڵێن سەوزە و میوە بخۆ، بەڵام من هەر ئەوە دەخۆم کە لە کامپەکە وەری دەگرم، بژاردەیەکی دیکەم لەبەردەست نییە".

دوور نییە هۆکارێکی سەرەکی گیانلەدەستدانی کەسانی بەتەمەن لە چیای شنگال نەخۆشییە درێژخایەنەکانیان بووبێت نەک تەنیا برسێتی، چونکە وەستاندنی دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک بەرزی فشاری خوێن و شەکرە، کاردانەوەی مەترسیداری دەبێت.

د.وائیل حەرب، سەرپەرشتیاری پزیشکانی بێسنوور لە لوبنان دەڵێت "ژمارەیەکی زۆری نەخۆشی بەرزی فشاری خوێن و شەکرە چارەسەر دەکەین، کە دەکرێت ببنە هۆی جەڵتەی دڵ و جەڵتەی دەماخ و نەمانی هۆش". نەبوونی چارەسەری زۆر کتوپڕ بۆ جەڵتەی دڵ و جەڵتەی دەماخ لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مردنی لەدوایە.

# چەوری.. هاوڕێ باش و خراپەکەی مرۆڤ

**رووداو- ئاژانسەکان**

چەوریی نێو لەش هاوڕێی ژیانمانە، لەش بە گەرمی رادەگرێ، وزە کۆدەکاتەوە تا دواتر بەکاربهێنرێ، هەروەها ئەندامەکانی جەستە دەپارێزێ. لەوانەیە بەلاتەوە سەیر بێت ئەگەر بڵێین چەوری هاوڕێیەکی گرنگی ئێمەیە، بەڵام چەوری ئەگەر لە رادەی پێویست تێپەڕ نەبێ، ئەوا پێویستییەکی گرنگە و ئەندامەکان دەپارێزێت، وزە بۆ کارلێکە کیمیاییەکان دابین دەکات کە دەبنە هۆی گەشە، هەروەها بەرگری بۆ لەش دابیندەکەن.

### ئایا چەوری دەبێتە هۆی نەزۆکی؟

ژمارەیەکی زۆری نەخۆشی بەهۆی کێشی زیادی لەشەوە دروستدەبن: نەزۆکی، رۆماتیزم، پرخە، شەکرە، جەڵتە.

پێت سەیر دەبێ کاتێک بزانی چەندن ئەو نەخۆشیانەی بەهۆی قەڵەوییەوە پەیدادەبن، خراپتریش دەبن بە زیاتربوونی کێشی لەش، لەوانەش شەکرە، بەرزیی فشاری خوێن، جەڵتەی مێشک و دڵ و تەنانەت هەندێک جۆری شێرپەنجەش.

### چۆن دەزانی قەڵەوی؟

لە زانستی پزیشکیدا BMI بۆ پێوانی قەڵەوی بەکاردەهێنرێ، باشترین رێگایە تا کێشی لەشت بەپێی بەرزیی باڵات بزانی.

بۆدی ماس، پێوەرێکە پێتدەڵێ ئایا تۆ کێشی زیادەت هەیە یان نا، ئەگەر ژمارەکە لە نێوان 25 تاوەکو 29 بوو، مانای ئەوەیە کێشێکی ئاساییت هەیە، بەڵام ئەگەر لە 30 تێپەڕی واتای ئەوەیە کەسێکی قەڵەویت.

### وەرزش لاوازبوون دواناخات

وەرزش و خۆگرتنەوە لە خواردن پێکەوە، کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر دابەزینی کێش. بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە ئەگەر بڵێی، من وەرزش بکەم ماسولکە دروست دەبێت و رێگر دەبێ لە تواندنەوەی چەوری، رێجیمکردن و وەرزشکردن پێکەوە ئەنجامی زۆرباشت دەدەنێ بۆ دابەزاندنی کێش.

ئەگەر لە لەشتدا ماسولکەکان گەورە بن، بەهێزتر و جوانتریش دەردەکەوێت.

### خراپترین شوێن بۆ چەوری

ورگ، خراپترین ناوچەیە بۆ کۆبوونەوەی چەوری، ئەوانەی ورگیان زلە، زیاتر لە مەترسی تووشبووندان بە شەکرە و بەرزیی فشاری خوێن و جەڵتە.

واباشترە پێوانەی کەمەری پیاو لە یەک مەتر زیاتر نەبێ، هەروەها ژنیش لە 88 سانتیمەتر زیاتر نەبێ، ئەوانەی زگێکی گەورەیان هەیە بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی لەشیان، دەکەونە بەر مەترسیی تووشبون بە نەخۆشیەکانی دڵ و شەکرە و جەڵتە و تەنانەت لەبیرچوونەوەش.

### کیلۆیەک چەوری

بۆ ئەوەی کیلۆیەک چەوری لەدەست بدەیت، پێویستت بە سووتاندنی زیاتر لە 7000 یەکەی گەرمۆکەی خۆراکی هەیە.

ئەگەر رۆژانە 500 یەکەی گەرمۆکەی خۆراکی لە ژەمە خۆراکییەکان کەم بکەیتەوە، ئەوا لە ماوەی هەفتەیەکدا نیو کیلۆگرام لە کێشت دادەبەزێت.

### قژیش چەوریی دەوێ

ترشە چەورییەکان یارمەتی مووەکان دەدەن شێوەیەکی جوان و بریقەداریان هەبێ. کاتێک دەڵێین چەوری خراپە، مەبەستمان لە چەوریی زیادە، ئەگەرنا هەموو ئەندامەکانی لەش پێویستیان بە چەوری هەیە بۆ فرمانەکانیان، تەنانەت چەوری یارمەتی قژ دەدات کە شێوەیەکی جوان و بریقەداری هەبێ.

### ساڵانە قەڵەوی زیاد دەکات

لە ساڵی 1980وە تاوەکو ئێستا رێژەی قەڵەوی سێ هێندە زیادی کردووە لە نێو منداڵان و مێردمنداڵاندا.

رێژەی قەڵەوی بەشێوەیەکی ترسناک لە نێو منداڵاندا بەرز دەبێتەوە، بەشێوەیەک لە هەر سێ منداڵێک، یەکێکیان قەڵەوە لە جیهاندا، بۆیە دەبێ منداڵان لە یارییە ئەلیکترۆنییەکان دووربخرێنەوە و هانبدرێن وەرزش بکەن.



# پلانی سکپڕبوون

سکپڕبوون و دروستکردنی منداڵ بڕیارێکی گەورەیە لە ژیانی مرۆڤدا و دەبێت بەر لەوەی رووبدات پلانێکت هەبێت، لەپێناوی تەندروستی خۆت و منداڵەکەت.



**گرنگترین بەشەکانی پلانەکە:**

### 1 - حەبی فۆلیک ئەسید:

دەبێت لانیکەم مانگێک بەر لە سکپڕبوون ئەم حەبە بەکاربهێنرێ و بەردەوام بێت هەتا سکەکە دەبێتە سێ مانگ.

فۆلیک ئەسید جۆرێکە لە ڤیتامین B. توێژینەوەکان دەریانخستووە چەندین نالەباریی سکپڕی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە، وەک: ناتەواوی دڕکەپەتک و بڕبڕەی پشت، کەرۆێشکەلێو، ناتەواوی دڵ و ناکامیی لەدایکبوون.هەندێک لە توێژەران دەڵێن باشترە سێ مانگ یان تەنانەت ساڵێک بەر لە سکپڕبوون دەست بە بەکارهێنانی ئەم حەبە بکرێت.

### 2 - ڤیتامین D:

ئەم ڤیتامینە یاریدەی گەشە دەدات و باشترە ژنانی سکپڕ بەکاری بهێنن.

### 3 - کحول:

راستەوخۆ دوای سکپڕبوون دەبێت ئافرەت واز لە خواردنەوەی کحول بهێنێت، چونکە زانراوە کحول چەندین گرفت بۆ منداڵ دروستدەکات، لەوانە: کەمی کێش، کەمی توانای زیرەکی.

### 4 - جگەرەکێشان:

دووکەڵی جگەرە بە ئاسانی لە وێڵاشەوە تێپەڕ دەبێت بۆ منداڵ و کار لە گەشەی جەستەیی و هزری دەکات. بۆیە دەبێت دایک و باوک دووربکەونەوە لە جگەرەکێشان.

### 5 - قەڵەوی:

قەڵەوی مەترسییەکی بەرچاو دروستدەکات لەسەر تەندروستی منداڵ و دایک. بۆیە دەبێت بەر لە سکپڕبوون لە رێگای وەرزش و رێجیمی خۆراکیی تەندروستەوە کێشت دابەزێنی.

### 6 - خۆراک:

دەبێت خۆراکێکی دەوڵەمەند بە پرۆتین، ئاسن، کالیسیۆم بەکاربهێنیت. کە بە زۆری لە گۆشت و شیر و پاقلەمەنی و سەوزە و میوەکاندا هەن. لەگەڵ ئەمانەدا دەبێت بەکارهێنانی رۆن و شەکری دەستکرد کەم بکەیتەوە، کە وزەیەکی زۆر دەدەن و رەگەزێکی خۆراکیی ئەوتۆیان نییە.

### 7 - ماسی:

ماسی سەرچاوەیەکی گرنگی چەوری بەسوود و پرۆتین و یۆدە، بۆیە باشترە ژنی سکپڕ هەفتانە ژەمێک یان دوو ژەمیان لێ بخوات. بەڵام لە دوو ژەم زیاتر نا، چونکە هەندێک ماسی بڕێکی زۆری ماددەی جیوەیان تێدایە کە کاری نەرێنی لە مێشکی منداڵ دەکات.

### 8 - ئەو خۆراکانەی دەبێت سنووردار بکرێن:

- **ماسی:** بەو شێوەیەی باسمان کرد.
- **ئەو خۆراکانەی بڕێکی زۆری ڤیتامین A لەخۆ دەگرن، وەکو:** جگەر یان هەندێک جۆری حەب.
- **ئەو خۆراکانەی میکرۆبی لیستریا هەڵدەگرن، وەک:** گۆشت، شیر، هێلکە و ماسی باش نەکوڵاو.
- کافاین: کە لە قاوە و نیسکافە و چادا هەیە

### 9 - ئەو گیانەوەرانەی میکرۆبی لەبارچوون

هەڵدەگرن، وەکو پشیلە، کە دەردە پشیلە دەگوازێتەوە، پیسایی پشیلەش پێدەچێت هەڵگری ئەو میکرۆبە بێت

### 10 - دەرمان:

بەبێ ئاگاداری پزیشک دەرمان بۆ هیچ نەخۆشییەکبەکارمەهێنە.

### 11 - نەخۆشی درێژخایەن:

دەبێ بەر لە سکپڕبوون راوێژ بە پزیشک بکەی ئەگەر هەر نەخۆشییەکی درێژخایەنت هەیە.

# کەی پشت ئێشە پێویستی بە پزیشکە؟

**رووداو- ئاژانسەکان**

کۆمەڵەی ئەڵمانی بۆ چارەسەری رۆماتیزم، جەخت لەسەر پێویستی بەپەلەی راوێژکردن بە پزیشکی پسپۆڕی رۆماتیزم دەکاتەوە، ئەگەر کەسێک بۆ ماوەیەکی زۆر کێشەی پشتئێشەی هەبوو، بەتایبەت ئەگەر تەمەنی لە خوار 45 ساڵەوە بوو، هەروەها ماوەی پشتئێشەکەش گەیشتە نزیکەی سێ مانگ، چونکە لەوانەیە نیشانەیەک بێت بۆ هەوکردنی جومگەی بڕبڕەکان.

کۆمەڵەکە روونیکردووەتەوە، هەوکردنی جومگەی بڕبڕەکان، هەوکردنێکی رۆماتیزمییە تووشی جومگەی نێوان بڕبڕەکانی پشت دەبێت، لەگەڵیدا تووشی جومگەکانی دیکەش دەبێت، نیشانەکانیشی بریتین لە هەستکردن بە ئازارێکی زۆر، زۆرکات لە نیوەی دووەمی شەودا، دەبێتە هۆی رەقکردنی بڕبڕەکانی پشت.

لە نیشانە جیاکەرەوەکانی ئەو جۆرەی هەوکردن، کەسی تووشبوو لە کاتی جوڵەدا هەست بە هێوربوونەوە دەکات، هەروەها ئازارەکەشی کەمدەبێتەوە لەکاتی وەرگرتنی ئەو دەرمانانەی دژی هەوکردنن، کەچی لەکاتی پشوودا ئازارەکە نەک کەم ناکات، بەڵکو زیاتریشی دەکات.

هۆکارەکانی تووشبوون بەو نەخۆشییە و گەشەسەندنی تا ئێستاش بە تەواوی نەزانراوە، بەڵام لەوانەشە هاوکات بێت لەگەڵ روودانی هەوکردن لە بەشەکانی دیکەی لەشدا.

لەگەڵ وەرگرتنی دەرماندا، وا باشە چارەسەری سروشتیش هەبێت بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکە. هەروەها هێشتنەوەی لەش لە کێشێکی گونجاودا رۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئازارە.

دەبێت هاونیشتیمانی جیاوازی بکات لەنێوان پزیشکی ئێسک و شکاوی لەگەڵ پزیشکی رۆماتیزم، چونکە ئەم نەخۆشییە دەبێت لەلایەن پزیشکی رۆماتیزمەوە دەستنیشان و چارەسەر بکرێت، نەک پزیشکی پسپۆڕی ئێسک و شکاوی.

## چاودێرانی ئەمریکی:

# هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا داعش لاواز ناکەن

جەیمز راینەڵ
ڕووداو — نیویۆرک

هێرشەکانی ئەمەریکا بۆ سەر چەکدارانی داعش لە عێراق و یارمەتیدانی سوپای پێشمەرگە، دەنگدانەوەی جیاوازی لەو وڵاتەدا لێکەوتووەتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەمەریکا مەبەستیەتی ڕێگە لە توندڕەویی ئیسلامی و کۆمەڵکوژی بگرێت و هاوکات نەچێتە ژێر باری جەنگێکی پڕخەرجیی دیکەوە.

سەرۆکی ئەمەریکا باراک ئۆباما، هەوڵێکی زۆری داوە بۆ رای گشتیی وڵاتەکەی شی بکاتەوە کە مەبەست لە کردە سەربازییەکانی ئەمەریکا پاراستنی ستافی وڵاتەکەیانە لە هەولێر و ڕێگەگرتن لە کۆمەڵکوژیی کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان بە دەستی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی.

بەڵام هاوکاریی مرۆیی و هێرشە ئاسمانییەکان سێ ساڵ دوای ئەوە دێن کە ئەمریکا پاش جەنگێکی گران لە عێراق کشایەوە. سەربازانی پێشووی سوپای ئەمەریکا و دیپلۆمات و شیکەرەوانیان بە دیدی جیاوازەوە سەیری ئەم کردەوانەی ئیدارەی ئۆباما دەکەن.

ماتیو هۆ، شرۆڤەکاری سیاسی لە سەنتەری سیاسەتی نێودەوڵەتی و سەربازێکی مارینزی ئەمەریکی کە لە ئەفغانستان خزمەتی کردووە، پێیوایە کردەوەی سەربازیی ئەمەریکا لە لیبیا و ئەفغانستان نەیتوانیوە سەقامگیری سیاسی بۆ ئەو دوو وڵاتە بگەڕێنێتەوە.

ئەو دەڵێت: "ئەگەر بۆمب و فیشەکی ئەمەریکا توانیبایان بەر بە شەڕی ناوخۆ و ناسەقامگیریی سیاسی لە دنیای ئیسلامدا بگرن، ئەوە دەبووایە داگیرکردنی عێراق زۆر کێشەی چارەسەر کردبا. بۆیە پێموایە کردەی سەربازیی ئەمەریکا لە عێراق دژ بە داعشیش کاریگەری لەسەر سەقامگیریی عێراق نابێت".

پێتێر ڤان بورێن، دیپلۆماتکاری دێرینی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە لە عێراق خزمەتی کردووە، دەڵێت ئەگەری ئەوە زۆرە کە هێزە تایبەتەکانی سوپای ئەمەریکا هەر لە ئێستاوە دەستیان کردبێت بە هێرشی وردی مووشەکی، لەکاتێکدا هەڵوێستی فەرمیی ئۆباما ئەوەیە کە هیچ هێزێک بۆ عێراق نانێرێت.

ئەو دەڵێت: "میدیای ئەمەریکا دەیەوێت ئەو پەیامە بە خەڵکی ئەمەریکا بگەیەنێت کە کەمینەی کریستیانی عێراق لە ژێر هەڕەشەدان و خەڵکی ئەمەریکا بۆ ئەگەری شەڕ ئامادە بکات. میدیای ئەمەریکا نایەوێت ئەوە بەبیر بهێنێتەوە کە زیاتر لە نیوەی هاووڵاتیانی کریستیانی عێراق لە کاتی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە کوژران یان ئاوارە بوون".

هەندێک لەو باوەڕەدان کە ئۆباما زیاتر لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی خۆی جوڵاوەتەوە. پۆڵ فیندلی کە نزیکەی 22 ساڵ لە کۆنگرێسی ئەمەریکا کاری کردووە، دەڵێت هێرشەکانی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق بەبێ پەسەندکردنی کۆنگرێس "نایاسایی"ن و دەکرێت لێپرسینەوەیان لەبارەوە بکرێت.

ئەو دەڵێت: "لەسەردەمی ئێمەدا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە گرنگە کە دەسەڵاتی جەنگیی سەرۆکی ئەمەریکا سنووردار بکرێت". فیندلی پێشتر لەسەر ڕەشنووسێک کاری کردووە کە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ جاڕدانی شەڕ کەم دەکاتەوە.

فەیسەڵ ئیتانی، کە لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک شرۆڤەکاری سیاسییە، دەڵێت هێرشەکانی ئەمریکا بەهۆی پێشڕەویی چەکدارانی داعشەوە بۆ کوردستان پەلەی لێکرا و پێناچێت ئەو هێرشانە چەکدارە سوننە جیهادییەکانتێکبشکێنن.

ئیتانی دەڵێت: "ستراتیژی ئەمەریکا ناڕوون و لێڵە. داعش بەنیاز نییە ڕووبەڕووی هێزێکی گەورەی وەک هێزی ئاسمانیی ئەمریکا ببێتەوە بەتایبەت کە ئەوەندەیان خاک گرتووە بتوانن پاشەکشە بۆ ناو ئەو خاکە تازەگیراوانە بکەن. تاکە ڕێگە ئەوەیە کە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریاوە هێرش بکرێتە سەریان، ئەگەرنا وەک هەڕەشە دژ بە عێراق و کورد و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا هەر دەمێننەوە".

هەندێک هەر بە تەواوی دژی هەر کردەوەیەکی سەربازیی ئەمریکان، تەنانەت ئەگەر لە ئاکامدا گیانی 20 تاوەکو 30 هەزار ئێزدی ڕزگار بکرێت کە لە دەستی چەکدارانی داعش رایانکردووە.

کێڤین مارتن، کە بەڕێوەبەری خانەی کردەی ئاشتییە، دەڵێت "ئەم دۆخە نالەبارەی عێراق هیچ پاساو نییە بۆ خۆشکردنی شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتە لەلایەن ئەمەریکاوە".

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداریی دا کە قەیرانی ئاوارەکان ڕووی لە هەڵکشانە. هەرێمی کوردستان زیاتر لە ملیۆنێک ئاوارەی لەخۆگرتووە کە 220 هەزاریان لە سووریاوە هاتوون. یارمەتی و هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا لە کاتێکدا بەردەوامن کە پرسی سەرۆک وەزیرانی تازە لە بەغدا باسێکی گەرمە.

لە بەیاننامەیەکدا، کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جۆ بایدن لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە بەرپرسانی عێراقی گوتووە، ئەمەریکا لە نزیکەوە هاوکاریی حکومەتی نوێی عێراق دەکات بۆ شکستهێنان بە چەکدارانی داعش.



(فۆتۆ: AFP)

# یەکێتی ئەوروپا لەبەر کورد پشووی هاوینی هەڵوەشاندەوە



دەنیز سەرینجی
ڕووداو- کۆپنهاگن

داوایەکی فەرەنسا بۆ ناردنی چەک بۆ پێشمەرگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، لەلایەن ژمارەیەکی زۆری دیپلۆمات و ئەکادیمی و سیاسییەوە پێشوازی لێکرا.

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، لۆرەنت فابیەس، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا داوای لە یەکێتی ئەوروپا کرد کە لە پێناو تاوتوێکردنی ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، کۆبوونەوەیەکی بەپەلە سازبکەن.

ئەو بەرپرسە داوای لە هاوڕێکانی لە یەکێتی ئەوروپا کرد کە کۆتایی بە پشووی هاوینەیان بهێنن لە پێناو تاوتوێکردنی ئەو بابەتە، فابیەس گوتی "شتێکی زۆر خۆشە کە ئێمە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا پشووی هاوینەمان هەیە، بەڵام خەڵک دەکوژرێت، بۆیە پێویستە لە پشووەکەمان بگەڕێینەوە".

دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پایەتەختی یەکێتی ئەوروپا لە برۆکسل بە (ڕووداو)ی گوت، بەپێی خشتەی کارەکانیان، ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا لە دوای پشووەکەیان لە کۆتایی مانگی ئاب کۆدەبوونەوە، بەڵام فەرەنسا داوای کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی پڕ بایەخی کرد.

"زۆر گرنگە چەک و پێداویستی سەربازی بەدەست بهێنین بۆ شەڕەکەمان لە دژی داعش، ئەوە تەنیا شەڕی ئێمە نییە، بەڵکو شەڕی هەموو جیهانە لە دژی تیرۆر" ئاژگەیی وایگوت.

هەروەها ئاماژەشی بەوە کرد کە ڕەنگە هەندێ وڵاتی ئەوروپی دوودڵ بن لە تێوەگلانی سەربازی زیاتر لە عێراق، ئەو گوتی کورد پێویستی بە چەکە نەک سوپاکەیان "پێشبینی ئەوە ناکەین ئەوروپییەکان سەرباز بنێرن بۆ شەڕ، پێشمەرگەمان هەیە کە چارەسەری کێشەکە دەکات، بەڵام پێویستمان بە چەکە تا بتوانین بەرگری لە ئاوارە و کەمینەکان بکەین".

بەپێی قسەی نوێنەرەکەی کورد لە پایەتەختی یەکێتی ئەوروپا، زۆر لە چەکدارانی داعش لە وڵاتانی ئەوروپاوە هاتوون، ئەوەش مەترسی دەبێت لەسەر پەرەسەندنی بیری توندڕەوی لە وڵاتانی ئەوروپا، بۆیە حەقە یەکێتی ئەوروپا بە جددی بیر لەو مەسەلەیە بکاتەوە.

ئاژگەیی گوتی "زۆربەی چەکدارانی داعش ئەوروپین. یەکێتی ئەوروپا پابەندە بە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە وڵاتەکانی، بۆیە لەو باوەڕەدا نیم وڵاتانی ئەوروپا دژی ناردنی چەک بن بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگە لە شەڕی تیرۆر".

هەفتەی ڕابردوو وەزیرانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا لە برۆکسل کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی بیر لە میکانیزمێک بکەنەوە بۆ یارمەتیدانی کورد لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، دواتر زۆر لە وڵاتانی ئەوروپا ئامادەیی خۆیان نیشاندا پشتیوانی سەربازیی پێشمەرگە بکەن و کۆمەکیش بۆ ئاوارەکان بنێرن.

سالح فێتا، یاریدەدەری پرۆفیسۆر بۆ خوێندنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی باشووری دانیمارک، گوتی ئەو ناردنی پێداویستی سەربازی بەباش نازانێت، بەڵام گوتیشی "بەبێ هاوکاری دەرەکی کوردی ئێزدی لە عێراق ڕەنگە بە تەواوی لەناوبچن لەسەر دەستی چەکدارەکان.

ساڵح کە لە عێراق ژیاوەو خوێندوویەتی، گوتی "بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو چەکدارانە، ئاینی ئێزدی بەزوویی بەرەو مردن دەچێت لە عێراق."

ئەو نموونەی بە جولەکەکانی عێراق هێنایەوە و گوتی "ڕۆژانێک گەورەترین کۆمەڵگەی جولەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە عێراق بوو. بەڵام ئەمڕۆ کەسیان لەوێ نەماون. ئێزدییەکان جولەکەی ئەمڕۆن". گوتیشی "تەنانەت لەژێر حوکمی سەدام حوسێنی دڕندە، ئێزدییەکان ژیانێکی باشتریان هەبوو وەک لەژێر دەسەڵاتی داعش. هیچ ئازادییەکی سیاسییان نەبوو لەژێر دەسەڵاتی سەددام، بەڵام وەک کافر تەماشا نەدەکران و هەڕەشەی جینۆسایدیان لەسەر نەبوو".

دەستپێشخەرییەکەی فابیەس پشتگیریەکی زۆری هەبوو لە پەرلەمانی فەرەنسا.

کلاودی گواسجونی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی فەرەنسا بە ڕۆژنامەی (لا پاریسیەن)ی گوتبوو "حاڵی حازر ئێمە بەشداری لە ناردنی هاوکارییە مرۆییەکان دەکەین، بەڵام دەبێت چەکیش بۆ کورد بنێرین".

بێرنارد کۆشنەر، وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنساش بە (ڕادیۆی یەک)ی ئەوروپای گوت "جیاوازیی زۆر خراپ هەیە لە باڵانسی هێزدا. توندڕەوەکان و تیرۆرستەکان دەستیان گرتووە بەسەر دەبابە و چەکێکی پێشکەوتووی زۆری سوپا هەڵهاتووەکەی عێراق لەکاتی چۆڵکردنی موسڵ. لەبەرامبەردا کورد چەکی زۆر سادە و سووکیان هەیە".

پارتی نەتەوەیی ئۆپۆزیسیۆن هیچ لێدوانێکی لەسەر ئەو بابەتە نەدا، بەڵام هەفتەی ڕابردوو بەپێی ڕاپۆرتی لا پاریسیەن، سەرۆکی ئەو پارتە مارین لێپێن پشتگیری لە هاوکاری لۆجستی و هەواڵگری کردووە بۆ ئەو حکومەتانەی شەڕی چەکدارە ئیسلامییەکان دەکەن.

نزیکەی 150 هەزار کورد لە فەرەنسا دەژین کە زۆریان لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا گەیشتوونەتە ئەو وڵاتە لەپاش هەڵمەتەکانی سەدام حوسێن لە دژی کورد.

هەواڵی پشتگیریی فەرەنسا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆشییەکی زۆری خستووەتە دڵی کوردەکانی نیشتەجێی فەرەنسا "زۆر خۆشحاڵم کە فەرەنسییەکان هاوکاریمان دەکەن". ئەنوەر خەمێ کە لە پاریس دەژی و کاری ئەندازیاری دەکات، گوتی "ئەمە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی و هەروەها وەفای زیاتر لە نێو کورد بەرامبەر فەرەنسییەکان دروست دەکات".

لەیلا پێکۆز، نووسەر و توێژەری فەرەنسی کە کوردێکی باکووری کوردستانە، پشتگیری لە قسەکانی ئەنوەر کرد.

"لە ساڵی 1991 فەرەنسا پشتگیری نەتەوەی کوردی کرد و ئێستاش دووبارە پشتگیریمان دەکاتەوە. ئەوەمان لەبیرناچێت". لەیلا ئاماژەی بە هێڵی دژە فڕین کرد کە لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنساوە لە دوای جەنگی کەنداو سەپێنرا بۆ پارێزگاریکردنی کورد لە هێرشە ئاسمانیەکانی ڕژێمی سەدام.

گوتیشی کە بەهیوایە بە یارمەتی ئەوروپیەکان، ڕۆژێک کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی "تەنیا ئەوکاتە دەتوانین بەبێ چەوسانەوە و کۆمەڵکوژی بژین، کە دەبینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان".



سەلام سەعدی

# عێراق پاش هەڵکشانی فاشیزمی ئیسلامی

دەستپێکردنی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر هێڵەکانی پێشەوەی داعش و گەیاندنی کۆمەکی سەربازی و مرۆیی لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە بە هەرێمی کوردستان کە هاوکات بوو لەگەڵ پرۆسەی دوورخستنەوەی مالیکی لەدەسەڵات لەنێو پێشوازییەکی گەرم و خێرای نێوەندی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بۆ هەردوو هەنگاوەکە، وا دێتە بەرچاو کە هەموو پێکەوە یەک پاکێجی ئەمریکی بن بۆئەوەی بە زەبری هێز عێراقی گیرخواردوو لەنێو قەیرانەکان بخەنەوە سەر ڕاستەڕێی ئەو پرۆسە سیاسییەی لەپاش 2003 وە بۆ دامەزراندنی عێراقێکی مۆدێرنی دیموکراسی دەستپێکرد. هێشتا ئیدارەی ئەمریکا سوورە لەسەرئەوەی کە ئەو پرۆسەیە دەبێ بگاتە ئەنجامێک و خوێنی پێنج هەزار سەرباز و دەیان ملیار دۆلاری بەفیڕۆ نەچێ. هەر لەم چوارچێوەیەشدا کوردیان ڕازی کرد بەوەی بگەڕێتەوە نێو پرۆسەی سیاسی و کێشە هەڵواسراوەکانی لەگەڵ بەغدا بە دیالۆگ چارەسەر بکات. بەڵام ئەمە لەکاتێکدایە کە عەرەبی سوننە ڕێگەیەکی تەواو جیاوازیان گرتووە. هێزە مەدەنی و میانڕۆکانی سوننە کە ئامادە بوون بەشێک بن لە پرۆسەی سیاسی و لە 10 ساڵی ڕابردوودا لەلایەن مالیکییەوە لاواز کران و لە گۆڕەپانەکە دوورخرانەوە، جێی خۆیان بۆ گرووپێکی دڵڕەقی بێبەزەیی چۆڵ کرد کە لە بەعسیزم و ئیسلامی ڕادیکاڵ، هێزێکی فاشیستی ئیسلامی بەناوی داعش پێکهێناوە. ئەم هێزە نە لەگەڵ کەس دیالۆگ دەکات، نە سەرە داوێکیشی هێشتووەتەوە بۆئەوەی بهێنرێتە نێو پرۆسەی سیاسی. بەیاننامەیەکی ئەم گرووپە لەبارەی هۆکارەکانی پەلاماردانی کوردستان زۆر شتمان لەبارەی حەقیقەتی ئەم گرووپە پێدەڵێ. بەگوێرەی بەیاننامەکە، هەرێمی کوردستان زیاد لە بەرەی خۆی پێی ڕاکێشاوە. ئەوان ئێستا ئەو ناوچانەیان لە کورد ستاندووەتەوە کە لەپاش 2003 وەک ناوچەی ناکۆکی لەسەر ناسران و سەرەتا هێزی هاوبەشی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی سەرپەرشتی ئاسایشی ناوچەکەیان دەکرد، پاش ئەوەی ئەوان سوپای عێراقیان لەو ناوچانە وەدەرنا، بەگوێرەی بەیاننامەکە، کورد ئەو هەلەیان قۆستەوەو کەوتنە فراوانخوازی، بۆیە بە ئەرکی خۆیانی دەزانن بمانگێڕنەوە بۆ ئەو سنوورەی کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاری کرابوو.

ئەم چەند دێڕە پێماندەڵێ کە ئەوانەی دەوڵەتی خەلافەتیان ڕاگەیاندووە، کۆمەڵێک شێت و بێمێشکی چەکدار نین کە لە ئەنجامی زۆر ڕۆچوون لەناو دەقی ئاینی وەبای توندڕەوی لێیدابن. لەو چەند دێڕەدا دیارە کە ئایدیۆلۆژیای قەومی و فکری ئاینی چەندە یەکانگیرن و سەرانی دەوڵەتی خەلافەت چەندە بەتەنگ ئەو خاکەوەن کە بە خاکی عەرەبی دەزانن. لەڕاستیدا ئەگەر بیانییەکانی لێ دەربکەین، جەنگاوەرە عێراقییەکانی داعش هەمان کارمەندانی دەزگای ئەمنی تایبەت و هێزی مغاویر و ئەو هێزە تایبەتانەن کە بەشێوەیەکی باش مەشقدراون و پاش 2003 زۆربەیان ئاودیوی سووریا بوون. ئەمانە هەمان ئەو باڵە بەعسییەن کە ساڵانی نەوەتەکان لە چوارچێوەی هەڵمەتی ئیمانیدا سەری سۆزانییەکانیان بە شمشێر دەپەڕاند و گوێ و زمانی بەرهەڵستکارانیان دەبڕی و بەڤیدیۆش تاوانەکانی خۆیان وێنە دەگرت. داعش هیچ نییە جگە لە ئاوێتەبوونی ئەم دوو ڕۆحە تاواندۆستەی ئیسلامی ڕادیکاڵ و ناسیۆنالیزمی توندڕەو کە دەیەوێ تۆڵەی هەموو زەلیلییەکانی ڕابردووی ئوممەتی عەرەبی بکاتەوە، ئەمەشە کە ئەم هێزەی کردووەتە هێزێکی فاشیست.

***

لەڕاستیدا ئەم ئاوێتەبوونەی ئیسلامی ڕادیکاڵ لەگەڵ فکری فاشیزم هەر بە تەنیا بۆ سەرسامی و هاوسۆزیی حەسەن بەننای دامەزرێنەری ئیخوان موسلیمین بۆ شەخسی موسولینی و بزووتنەوەی فاشی لە ئیتالیا ناگەڕێتەوە. وەک مەعلومە حەسەن بەننا لەم ڕووەوە نووسینی هەیە کە ساڵی 1935 لە گەرمەی هەڵکشانی فاشیزمی ئیتالی و ئەڵمانیدا بڵاوبووەتەوە (السنيور موسوليني يشرح مبدا من مباديء الاسلام). دیارە ئەم پەیوەندی هاوسۆزییەی ئیسلامی ڕادیکاڵ لەگەڵ فاشیزم دەکرێ باسێکی سەربەخۆ بێت و لێرەدا بواری ڕۆچوونە نێو ئەو پەیوەندییە نییە، بەڵام بیرهێنانەوەی ئەوە گرنگە کە ئەم پەیوەندییە دوو ڕووی هەیە: ڕوویەکی مێژوویی و ڕوویەکی بونیادی. بۆنموونە سوودوەرگرتن لەهەندێ دەقی قورئان و تەوزیفکردنەوەیان بۆ سووک سەرنجدان و بەکەمزانینی ئەوانی دی و خۆبینین وەک بوونەوەرێکی باڵاتر، بەوپێیەی خودا وا وەسفی کردوون کە (كنتم خير امة اخرجت للناس) و دوایین پەیامی خۆیشی بۆ مرۆڤایەتی بە زمانی ئەوان ناردووە.

وەک مەعلومە فکری ئاینی بەشەر بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکات: موسڵمان و کافر. هەموو شتەکان بەگوێرەی ئەم دوالیزمە پۆلێن کراون. کافریش لەم دیدەوە (كالبهائم بل هم اظل سبيلا)، واتە مەڕو ماڵاتن، بۆیەشە چەکدارانی داعش وا بێباکانە چەقۆ دەنێنە سەر ملی قوربانییەکانیان. ئەم بزووتنەوەیە هەموو ئەو پێداویستی و کەرەستانەی لەبەردەستە کە بۆ سەرپێخستنی بزووتنەوەیەکی فاشی پێویستن، لەپێش هەموویانەوە هەستکردن بە زەلیلبوون و دۆڕاوی. دروستکردنی ئەو قەناعەتە لای خەڵک کە تۆ لەڕاستیدا دەتوانی زۆر باڵادەست بی، بەڵام ئەوەتا جیهان هەموو لەدژی تۆ یەکیانگرتووە و دژایەتیت دەکەن. هەستکردن بەوەی کە تۆ ڕابردوویەکی زێڕین و پڕ سەروەریت هەیە و دەبێ بەدەستی بهێنیتەوە. ئینجا پێویستت بە داتاشینی دوو دوژمنی ناوخۆیی و دەرەکییە، لەدۆخی داعشدا دوژمنی ناوخۆیی لیستێکی درێژن، بەهەمان شێوە دوژمنی دەرەکیش کە هەر خەریکی پیلانگێڕین بۆ لەناوبردنی ئوممەت. ڕژێمی فاشی پێویستی بە دروستکردنی ئوممەتێکی یەکڕەنگە و تەحەمولی جیاوازبوون ناکات. خەلافەتەکەی داعشیش لەگەڵ دەستبەکاربوونی، بە پاکتاوکردنی کریستیان و ئێزدی و شەبەک و شیعە مەزهەب دەستیپێکرد. ئەم بزووتنەوەیە ئەوانەی دەرەوەی خۆی بە ڕادەیەک کەم تەماشا دەکات، کە ماف بەخۆی دەدات هەموو پیاوەکانیان بکوژێ و ژنەکانیان بەتاڵانی ببات و پەرستگاکانیان بڕووخێنێ.

ئێستا لەسایەی هەموو ئەم ڕاستیانەدا پرسیارە سەختەکە ئەوەیە کە ئایا چ جۆرە مامەڵەیەک لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە دەکرێ. وەکو دیارە، بۆردومانی پێگەکانیان لەلایەن فڕۆکەکانی ئەمریکاوە بەهیچ جۆرێک ئەو نیازەی نییە کە ئەم بزووتنەوەیە لەناوببات، تەنانەت ئەگەر بشیەوێ لەناوناچێت، چونکە ئەمە لە ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵێک چەکدار دەرچووە و بووە بە فکری پێکهاتەیەک. جگە لەوەی دەوڵەتێکی لەناو دوو دەوڵەتی دراوسێ: عێراق و سووریادا دامەزراندووە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش نیازیان نییە توخنی سووریا بکەون. دیاریش نییە ئەگەر ئەمانە گریمان حوکمی عێراقیان گرتەوە دەست، چی لە ملیۆنان شیعە و کورد و کریستیان و ئێزدی و سابیئە دەکەن. من وای دەبینم کە هەڵکشانی ئەم بزووتنەوەیە بەمانای داهاتوویەکی درێژ لە شەڕو کوشتارە لەم ناوچەیە و بەتایبەتی لەعێراقدا. وەک چۆن هەردوو گەلی ئەڵمانی و ئیتالی باجێکی زۆر قورسی وەلائیان بۆ فاشیزم دا، خەڵکی عێراق و بەتایبەتیش عەرەبی سوننە باجێکی قورسی پشتیوانی لە داعش چاوەڕێیان دەکات، ئەگەر بەخۆ نەکەون و بە کۆمەکی لایەنە عێراقییەکانی دیکە ئەڵتەرناتیڤێکی نەرم و مەدەنی بۆ داعش نەدۆزنەوە.



مەجید نیزامەدین گلی

# داعش بۆچی ئێستا هێرشی کرد؟

ڕۆژی 3ی ئابی ڕابردوو، داعش لە ناکاو هێرشی کردە سەر شنگال و بەرەی شەڕی لەگەڵ پێشمەرگە کردەوە، ئەوەش لەکاتێکدا کە ئامانجی ڕاگەیەنراوی گرووپە سوننییەکان و داعش گرتنی بەغدا بوو. دیار نییە سەرکردەکانی گرووپی داعش چۆن بیریان کردووەتەوە، بەڵام چەند هۆکارێک هەن کە دوور نییە وایان لە داعش کردبێت لەم کاتەدا هێرش بکاتە سەر کورد.

## ترس لە هاوپەیمانیی سوونی-کوردی

دەنگۆی هاوپەیمانیی کوردی-سوننی لەوانەیە پاڵی بە سەرکردەکانی داعشەوە نابێت کە هێرش بکەنە سەر شنگال. هەفتەیەک پێش ئەو هێرشە، چەند سەرکردە و سەرۆک هۆزێکی سوننی لە هەولێر لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی کۆبوونەوە.

ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵی ئەمریکی دەڵێت "ئەمریکا نەیتوانی قەناعەتی تەواو بە سەرکردە سوننییەکان بێنێت کە ڕاپەڕینێکی سوننی لە دژی داعش بەرپا بکەن".

ئەوەی سەیر بوو، دوای کۆبوونەوەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تویتەر دەنگۆیەکی زۆر بڵاوبووەوە کە لەسەر دەستی ئەمریکا، هاوپەیمانییەک لە نێوان کورد و سەرۆک هۆزە سوننییەکان بەستراوە بۆ لەناوبردنی داعش. هیچ بەڵگەیەک لەسەر ڕاستی ئەم دەنگۆیە نەبوو. بەڵام کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم دەنگۆیە زۆر خراپ بوو. داعش هەستی بە هەڕەشە کرد لە کەرکووک و تکریت. پێش دوو هەفتە لە هێرش بۆ سەر شنگال، داعش و گرووپە چەکدارە بەعسییەکانی کەرکووک کە هاپەیمانییان لەگەڵ خێزانی ئەلعاسی هەیە لە ناوچەکانی ڕەشاد، حەویجە و ڕیاز، شەڕێکی سەختیان دەستپێکرد.

وا دیارە ئەمە داعشی تووشی شڵەژان کردبوو، دەترسان لە موسڵ تووشی هەمان کێشە ببنەوە. هەر لەو ماوەیە، چەکدارانی داعش دەستیان کرد بە هەڵمەتێک بۆ دەستگیرکردنی 65 کەسایەتی بەعسی لە موسڵ کە زۆربەیان سەر بە گرووپی نەقشەبەندی بوون. نەقشەبەندی گرووپێکی چەکدارە کە عیزەت دووری سەرکردایەتی دەکات و لەو ماوەیەدا چەند بەیاننامەیەکی لە دژی داعش بڵاوکردەوە.

بەگوێرەی هەواڵگریی ئەمریکی، ژمارەی چەکدارانی داعش لە عێراق لە نێوان 10 تاوەکو 15 هەزاردایە. بێ هاوپەیمانی لەگەڵ هۆز و لایەنە سوننییەکان، داعش ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر شارەکانی موسڵ و تکریت کۆنترۆڵ بکات. دەنگۆی هاتنە پاڵی کوردیش بۆ بەرەی دژە داعش بەدڵنیاییەوە بە هەڕەشە بینراوە لەلایەن سەرکردەکانی داعش. بەڵام هاوپەیمانیی کوردی سوننی بۆ شەڕکردن لە دژی داعش لە دەنگۆ زیاتر نەبوو، هیچ بەڵگەیەک نییە کە بە پراکتیکی هەبووبێت.

## پێویستی بە شەڕ و فراوانبوون

داعش بەردەوام پێویستی بە شەڕ و سەرکەوتنی زیاترە. گرتنی موسڵ سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ داعش، بەڵام ئەمە پێش دوو مانگ بوو، گرتنی بەغداش ئامانجێکی دوور بوو بۆ داعش. بەڵام باکووری موسڵ و ناوچەی شنگال ئامانجێکی نزیکترە کە بەهۆیەوە سەرکەوتنێکی دیکە ڕابگەیەنێ. داعش چەندە بە چەک شەڕ دەکات، ئەوەندەش بە سایکۆلۆژیا و هەندێک جاریش دەیباتەوە. بۆ دوژمن، داعش ترس بەکاردەهێنێت وەکو چۆن پێشتر لە بابەتی "داعش چۆن بێ چەک شەڕەکەی بردەوە" باسمکرد. بۆ زیاترکردنی لایەنگران و هێشتنەوەی چەکدارە توندڕەوەکان لە ڕیزەکانی خۆیدا، داعش پێویستە ئەو وێنەیە بپارێزێت کە بەردەوامە لە فراوانبوون و شەڕکردن و سەرکەوتن. ئەم وێنەیەی داعش وا دەکات دەیان گەنج لە بەریتانیا و سعودیە و تونس و بەلجیکاوە بە پاسپۆرتی ساختە سنوورەکانی تورکیا ببەزێنن و بە پارە و چەکی دەوڵەمەندەکانی کەنداو بێنە ڕیزەکانی داعشەوە.

شکستی سوپای عێراق لە موسڵ و تکریت، سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ داعش. ئەمەش متمانەبەخۆبوونی سەرکردەکانی داعشی زیاتر کرد و وای لێکردن دوژمنەکانیان لە عێراق بە کەم ببینن. ئەوە بوو هەر زوو "خەلافەتیان" ڕاگەیاند و پەیمانی گرتنی بەغدایان دا. بەڵام گرتنی بەغدا بۆ گرووپێکی چەکداری سوننە شتێکی نیمچە مەحاڵە. بەغدا موسڵی زۆرینە سوننی نییە کە ئامادەبن هەموو شتێک بکەن بۆئەوەی لەژێر دەسەڵاتی نوری مالیکی نەبن. پێنج ملیۆن شیعی لە بەغدا دەژین و میلیشیا شیعەکانی وەکو عەسایبی ئەهلی حەق و سوپای مەهدی هاوشێوەی سەربازانی سوپای عێراق لە موسڵ چەک فڕێ نادەن و ڕابکەن. ئەوان ئامادەن بکوژرێن. لە دوو مانگی ڕابردوودا، داعش تەنانەت هەوڵێکی تەواوی نەدا بۆ گرتنی بەغدا. زۆرجار لە ئەنبار، سەلاحەدین و نزیک بەنداوی حەدیسە لە حاڵەتی بەرگرییە. لەو ناوچانەش تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە سەرکەوتنی گەورە بەرامبەر بە میلیشیا شیعەکان تۆمار بکات.

## تەکتیکی هێرشی لە ناکاو

بە پێچەوانەی شنگال، هێرشی داعش بۆ بەغدا چاوەڕوانکراو بوو. هێرش بۆ شنگال کە زۆر نزیکە لە موسڵی پڕ لە چەک و پارەی داعش، لە خەیاڵی کەسدا نەبوو. ئەمەش بۆ داعش دەرفەت بوو. لە دوو ساڵی ڕابردوودا، زۆربەی سەرکەوتنە سەربازییەکانی داعش بەهۆی بێئاگایی بەرامبەر بووە. کەوتنی موسڵ، گرتنی بنکەی سەربازیی 93 لە شاری ڕەقەی سووریا و هەر لەم ڕۆژانەشدا کۆنترۆڵکردنی پێنج گوندی ناوچەی حەلەبی سووریا، هەموویان بەهۆی هێرشی چاوەڕواننەکراوی داعشەوە بوون.

داعش لە زۆربەی هێرشە چاوەڕواننەکراوەکانی سووریا سەرکەوتوو بووە، بەڵام کاتێک هێرشی داعش ئامادەکاری بۆ دەکرێت لەلایەن بەرەی نوسرە و سوپای ڕژێم و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووری، داعش زۆربەی جار شکست دێنێت و تەنانەت گوند و شاریش لەدەستدەدات. مانگی پێشوو، چەکدارانی داعش ناچار بوون لە شاری ستراتیژیی عەزاز بەرەو ڕەقەی "پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی" بکشێنەوە.

***شرۆڤەکاری نێودەوڵەتی تۆڕی میدیایی ڕووداو و هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی نیویۆرک.**



د. هیوا حاجی

## وانە ڕووناک و تاریکەکانی

# شۆکی داعش..

بە لەبەرچاوگرتنی زەمینەی مێژوویی و گۆڕانکارییەکانی سەردەمی دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق، ڕەنگە سەرهەڵدانی بزووتنەوە پەڕگیرەکان دیاردەیەکی چاوەڕوانکراو بێت. هەرچەندە پەڕگیری ناکرێ وەک تاکە وەڵام سەیر بکرێت بۆ پەراوێزخستنی سیاسی و دواکەوتوویی ئابووری و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەڵام زەمینەیەکی لەم چەشنەی ئێستای عێراق ئەگەری سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوانە بەهێزتر دەکات. ڕەنگە جێی گومان نەبێت کە عێراقی دوای بەعس دیسانەوە لەسەر بنەمای تائیفی و پەراوێزخستن بنیاتنرایەوە. ئەمە جگە لە تێپەڕینی چەند حکومەتێک بەبێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێکی هەستپێکراو لە بواری گەشەپێدانی ئابووری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان هەستی پێبکرێت. لەبەر ئەوە، خودی سەرهەڵدانی داعش وەک ڕێکخراوێکی پەڕگیر و تاڕادەیەک پاڵپشتیی جەماوەریشی، تەنانەت ئەگەر تەنیا لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراویشدا بێت، شۆک نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕووداوەکانی دوای هێرشی داعش بۆ سەر ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان و شێوازی کاردانەوەی هەرێم و لایەنە نێودەوڵەتی و پارتە کوردییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕەگەزی شۆکی تێدایە. بۆیە من هەندێ شۆک بە مانای چاوەڕواننەکراوی و خێرایی و هەندێ نەخوازراویش لە ڕووداوەکاندا دەبینم.

زۆر بە کورتی لە خوارەوەدا، چەند سەرنجێکی خێرا دەخەمەڕوو بۆ نیشاندانی ئەو وانانەی کە لەم ڕووداوانەدا دەکرێ وەربگیرێن. لەسەرەتاشدا بە وانە ڕووناکەکان دەستپێدەکەم.

یەکەم: لە سیاسەتدا، و تەنانەت لە سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا، لە تەنیشت گرنگیی بەرژەوەندی، جێگایەک بۆ بەرگریکردن لە بەهاکان هەیە. داعش بە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ ناموسڵمانان و لەنێو موسڵمانانیش لەگەڵ موسڵمانە ناسوننییەکان، نموونەیەکی زۆر زەقی لە ڕەتکردنەوەی جیاوازی و ژێرپێخستنی بەهاکانی مافی مرۆڤ نیشاندا. هەڵکردن لەگەڵ ئایدیۆلۆژیایەکی لەم شێوەیە، بۆ وڵاتێکی لە بابەت عێراق کە بۆ سیاسەت و ئابووریی جیهان گرنگیی خۆی هەیە، ڕەنگە ئەستەم بێت. هەربۆیە، زۆر بە زوویی پراکتیزەکانی داعش لەدژی نەتەوە ناعەرەب و مرۆڤە ناموسڵمانەکان بە توندی ڕەتکرایەوە و کاردانەوەی سەربازیی نێودەوڵەتیشی لێکەوتەوە. ڕەنگە لە زۆر ڕووەوە تۆماری هەرێمی کوردستان لە مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی جیاوازیی نەتەوەیی و ئاینی تا ڕادەیەک بە پەسندکراو هەژماربکرێت. لەبەرئەوە، گرنگیدانی زیاتر بەم لایەنە و هەوڵدان بۆ باشترکردنی چوارچێوەی یاسایی جیاوازیی نەتەوەیی و ئاینی و دابینکردنی نوێنەرایەتی و بەشداریی نەتەوەو ئاینەکانی کوردستان بە دڵنیاییەوە زیاتر لە خزمەت ئەزموونی ئەم هەرێمە دەبێت و پاڵپشتی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی بۆ دەستەبەر دەکات.

دووەم: ئەزموونی هەرێمی کوردستان، هیوایە نەک بۆ دانیشتووانی هەرێمەکە خۆی، بەڵکو بۆ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. ئەم ڕووداوانە ئەوەیان نیشاندا کە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان تا چ ڕادەیەک ئامادەن بۆ قوربانیدان لە پێناو پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان. ئەو ئەگەرە زۆر بەهێزە کە هەر نسکۆیەک بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان، دەبێتە سەرچاوەی نائومێدییەکی گەورە بۆ خەباتی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. بە هەمان ئەندازەش گرنگ، لە ڕووی سیاسییەوە، بایەخی ئەزموونی ئەم هەرێمەیە بۆ کێشەی کورد و بەرەوپێشبردنی لە وڵاتانی دەورووبەر. حیزب و بزووتنەوە کوردییەکان، بە تایبەتی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەو بایەخەی هەرێم تێدەگەن، بۆیە بۆ پاراستنیشی ئامادەن. لەبەر ئەوە وانەی دووەم دەگونجێ ئەوەبێ کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان تەنها هی خەڵکی ئەم هەرێمە نییە و لەوەوە دەبێ گرنگیی ئەم ئەزموونە بۆ دانیشتووانی باشووری کوردستان زیاتربێ لەوەی هەستی پێدەکرێ.

سێیەم: بەشێوەیەکی گشتی، لە تێڕوانینی مرۆڤی ئەم هەرێمەدا، پێشمەرگە هێزێکی خۆشەویست و نیشتمانپەروەرە. گومان لەوەدا نییە کە تێوەگلاندنی پێشمەرگە لە شەڕی ناوخۆی حیزبەکان لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا و هێشتنەوەی مۆرکی حیزبی بە پێشمەرگەوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری هەبووە لەسەر وێنەی پێشمەرگە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، پێشمەرگە بە هیوایەکی هەمیشەیی کوردستان دەمێنێتەوە لە پاراستنی خەڵکەکەی. پشتگیری پێشمەرگە لەلایەن خەڵکەوە لە تۆڕەکانی میدیای کۆمەڵایەتی و کەمپینەکانی پشتگیری و سەردانیکردنی پێشمەرگە لەبەرەکانی جەنگ لەلایەن توێژە جیاوازەکانەوە، نیشانەی متمانە و خۆشەویستییە بۆ ئەو هێزە. ئەمەش وانەیەکی دیکە دەبێ لە پێناو بایەخدانی زیاتر بە پێشمەرگە و باشکردنی گوزەرانی و ڕاهێنانی و دوورخستنەوەی لە هەر ناکۆکییەکی سیاسی ناوخۆیی ئەم هەرێمە.

لە تەنیشت ئەم لایەنە ڕووناکانە، ڕووداوەکانی ئەم دواییە دەرخەری وانەی تاریکن. بە کورتی هەندێ لەوانە نیشاندەدەم.

یەکەم: سەرهەڵدانەوە و بەهێزبوونەوەی چەمکی وەک "پێشمەرگەی پارتی" و "پێشمەرگەی یەکێتی" لە ئاکامی ئەو ڕووداوانەدا. ڕاستە، بە باوەڕی من، خەڵکی ئەم هەرێمە پۆزەتیڤ دەڕوانێتە پێشمەرگە، بەڵام دیسان زۆر بەخێرایی دەرکەوت کە نەتوانراوە پێشمەرگە وەک هێزێکی نیشتمانپەروەر ببێتە دامەزراوەیەکی نیشتمانی کوردستانی. پێدەچێت تا ئێستاش، لە ژێر توێکڵدا، هێزی پێشمەرگە بەسەر حیزبەکاندا دابەش بووبێت. مەترسییەکانی ئەم ڕاستیە زۆرن: لە کورت مەودادا و بەتایبەتیش لە ساتەوەختەکانی جەنگدا، یەکتر تاوانبارکردن بە ڕاکردن و شەڕنەکردن و قۆرخکردنی شانازییەکان خەسڵەتێکی ڕوونی ئەو چەند ڕۆژە بوو. لەبەر ئەوە دەگوترا: "لەو شوێنە پارتی هەڵات". لەو بەرەیەدا یەکێتی شەڕی نەکرد" و تا دوایی. لە درێژمەوداشدا، بێگومان مانەوەی چەک لە دەستی حیزب، ئەوجا هەر حیزبێک بێت، مەترسییەکی گەورەیە بۆ ئایندەی دیموکراسی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: نەبوونی لێکدانەوەیەکی ورد سەبارەت بە قەبارەی مەترسی و توانای هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان. من پسپۆڕی سەربازی و ستراتیژی نیم، بەڵام پێموایە بۆ هاووڵاتیەکی ئاساییش ڕوون بوو کە بەرپرسانی ئەم هەرێمە تێگەیشتنێکی وردیان نەبووە سەبارەت بە مەترسییەکان و قەبارەیان. تەنانەت هەندێجار وا وێنا دەکرا کە هەرێمی کوردستان لە حکومەتی فیدراڵیی عێراق بەهێزترە و ئەگەر ڕۆژێک ململانێی سەربازی لەنێوان هەرێم و بەغدا ڕوویبدات، ئەوا پارسەنگی هێز لە بەرژەوەندی هەرێم دەبێت. لە میانەی ڕووداوەکاندا، سەرکردەکان بە بەردەوام دەیانگوت کە چەکی حکومەتی عێراق کەوتووەتە دەستی داعش و ئەمەش باڵادەستیی سەربازیی ئەوانی لێکەوتووەتەوە. بۆیە دەکرێ وانەیەک ئەوە بێت کە فیکری ستراتیژی سەربازی تا ئێستاش لە کوردستان ئامادەیی نییە. تا ئێستاش هەڵسەنگاندنێکی ورد نییە سەبارەت بە سەرچاوەکانی مەترسی و قەبارەیان و توانا نیشتمانییەکان بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسیانە.

سێیەم: تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر، ڕاهێنان بە پێشمەرگە نەکراوەو چەکدار نەکراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هێزێکی ڕێکخراوی ئەم سەردەمەدا جەنگ بکات. دەسەڵات لە هەموو شوێنێک پێویستە ئایندەبین بێت و توانای خۆئامادەکردنی هەبێ بۆ بەگژداچوونەوەی نەبینراو و چاوەڕواننەکراوەکان. تەنها ئەو دیمەنانەی لە تەلەفزیۆنەکان دەبینران ئەوە نیشاندەدەن کە پێشمەرگە، بە داخەوە، تا ئێستاش هێزێکی تەقلیدی و ناڕێکخراوە. لە نەبوونی سەرکردایەتی ڕوون و قسەکەرێک بەناوی پێشمەرگەوە بگرە تا شێوازی ڕۆیشتن و پۆشین و تەقەکردن و بەکارهێنانی مۆبایل لە بەرەکانی جەنگ، هەموویان بە زەقی ڕەوشی ڕاهێنانی پێشمەرگە بەرجەستە دەکەن. پێشمەرگە دەبێ مۆدێرن بکرێت لەڕووی باوەڕ و ڕاهێنان و چەکەوە، ئەگینا ناتوانێ ڕووبەڕووی مەترسییەکانی سەردەمی ئێستا ببێتەوە.

چوارەم: پەیوەندیدار بە ڕووداوەکانەوە، دەکرێ ئەوە بگوترێ کە سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمەڕ شەپۆلی پەنابەران کەموکورتیی پێوەدیارە. من لە کاتی ئێستادا هیچ پێشنیازێکم پێ نییە کە دەبێ حکومەت چی بکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەرێمێک کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا زیاتر لە یەک ملیۆن کۆچبەر و پەنابەر ڕووی تێکردبێت، پێویستە تاوتوێیەکی وردی هەلومەرجی کۆچبەر و پەنابەران بکات لەڕووی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاری و ئاسایشەوە. لە کاتی هێرشەکاندا، خەڵکێک بە هۆی تووڕەییان لە حکومەتی عێراق و داعش، بانگەشەی دەرکردنی ئاوارە عەرەبەکانیان دەکرد. ئەمەش هەر مەترسییە، بەڵام کاردانەوەیەکیشە بۆ ڕەوشەکە. بۆیە وانەیەکی ڕووداوەکان هەر دەبێ ئەوەبێ کە ڕێگاچارەی گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ مەسەلەی کۆچ و پەنابەری بە مەرجێک پێشێلی مافی کۆچبەر و پەنابەران نەکات و لە هەمان کاتیشدا گرفتەکانی ئەم مەسەلەیە بۆ خەڵکی هەرێمەکە خۆی کەم بکاتەوە.

دەمەوێ ئەم وتارە بەو تێگەیشتنەی ئارنۆلد تۆینبی، فەیلەسوفی مێژوو، کۆتایی بهێنم کە پێیوایە داینەمۆی بەرەوپێشچوونی مێژوو بریتییە لە پەیوەندی نێوان تەحەدا (Challenge) و وەڵام (Response). توینبی پێیوایە میللەتان هەمیشە تووشی تەحەدا و مەترسی دەبن (تەحەدا و مەترسییەکان دەکرێ لەلایەن سروشت یان مرۆڤەوە بێت)، ئەو میللەتانە بەرەوپێش دەچن کە توانای وەڵامدانەوەی تەحەدا و مەترسییەکانیان هەیە. خۆ ئەگەر میللەتێک نەیتوانی وەڵامی تەحەدا و مەترسییەکانی بداتەوە، ئەوا بەرەوپێشچوونی زەحمەت دەبێت. ئەم هەرێمە، وەک هەر بەشێکی دیکەی دونیا، هەمیشە لەبەردەم تەحەدادا دەبێت، بۆیە پرسیارەکە هەمیشە دەبێ لە بەرهەمهێنانی وەڵامەکاندا بێت.



گۆران محەممەد

# لەزگەی جۆنسۆن

وامزانی بۆ هەولێر، ترام دێنی، نەمزانـی کۆڵ و بار هەڵدەگری و هـەر زوو تێیدەتەقێنـی. باشـە تـۆ وەزیری گەیاندنـی، یان هی یەسـوعییەکان؟ ئەگـەر وایـە ئێمـەش کـە هەزاران هـەواداری تەریقەتـی لەبلەبین، بۆ کابینەی داهاتـوو، کـە ئەگەرێکـی لاواز هەیـە بە ڕێژەی لەسـەتا سـەت نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی بێت، لـە وەزیرێکی عال کـولاو کەمتر رازی نابین.

کـە وەزیـری گەیانـدن، لەسـەر مەسـیحییەکان دەسـت لەکاربکێشـێتەوە، هەقە وەزیری ئەوقافیـش لەسـەر خراپیـی خزمەتگوزاریی مۆبایـل، بەیانی بای بای بکات.

ئەمـە یەکەمیـن جارمە ببینم وەزیری گواستنەوە، ڕێگەیەکی بۆ خۆی نەبێ. هەرگیز نەمبیستووە وەزیـری گەیانـدن، شـەبەکەی نەبێ. تۆ کە دەبووایە هەموومان کۆبکەیتـەوە. تۆ، کـە دەبووایە هەڵبژاردنی دروسـتی ئێمە بێت. تۆ کە دەبووایە هەمیشـە دەنگت بیسـتراو بـێ، ئـەوە خێـرە تا چوار کریسـتیان ئاوارە نەبوون، شەبەکەت نەهات؟

منیـش وەک زۆربـەی هاونیشـتیمانیان، شـەبەکەم لاوازە، توخـوا پێـم ناڵێی کاک جۆنسـۆنی وەزیـر، ئێـوە لـە حکومەتی کوردسـتاندا وەزیرن، یـان لـە ڤاتیـکان گزیـر؟ ئەمە هـەر لـە عێراقـدا ڕوویـداوە، وەزیـری گەیانـدنـی عێراقـی بە چەکـەوە دەوام بـکات و هـی کوردستانیش، بۆ چادرێ دەست لەکاربکێشێتەوە.

تـۆ هاوسـۆزی ئینسـانی یان تەنیـا هـی کریسـتیان؟ ئاخـر ئەگەر شەش کریسـتیان ماڵیان چووبێ، خۆ هەزاران ئێزدی دایک و کـوڕ و کـچ و بـاوک و برایان ڕۆیشـت، ئەوە خێر بـوو لەویانا دەنگـت نەبوو! ئێمـە دەمانگوت کوردسـتان تەنیا باشـوور نییە، کەچی تۆ لە عەینکاوەدا تەواوت کرد خاڵە.

تـۆ کە دەبووایە وەک لەزگەی جۆنسـۆن بـە حکومەتـەوە بچەسپایتایە و تا داواکارییەکانت جێبەجـێ نەکردایـە وازت نەهێنابـا، چۆن ئاوا بە ئاسـانی دەسـتبەرداری وەزیریـی دەبـی هەڤاڵ جۆنسـۆن؟ توخـوا کاکە وەزیـر بۆمـان ڕوونبکـەوە، ئاخـۆ ئێـوە کـە وەزیـری کابینـەی پێشتریشـن، هـەر لە وەزیریـی وازتان هێنـاوە یان لە مووچەکەشی؟

ڕێـزدار جەمـال عەبـدول، کە دوای ڕاپەڕین پارێزگاری سلێمانی بـوو، بـۆ ئـەوەی دەربڕیخـات هاوسـۆزی هاونیشـتیمانیانە، دەچوو پێش ئەو خۆپێشاندانانە دەکـەوت کـە بـەرەو پارێـزگا دەچـوون. کاتـێ دەگەیشـتنە ئـەوێ، خۆپێشـاندان بەتـاڵ دەبووەوە، ئاخر ئەوەی هاتبوون قسەی خۆیانی بۆبکەن، خۆی لە ڕیزی پێشـەوەی خۆپێشاندەران بوو. ئەلوو.. ئەلووو.. بەشەرەف بچڕا.

---



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ئەم دوو سەرە لە مەنجەڵێکدا ناکوڵێن

چەند سـاڵێکە لە باشـووری کوردستان، هێزە سیاسـییەکان و بەتایبەتیش ئەوانەی خاوەنـی هێـزی سـەربازین، قەڵەمـڕەو و ناوچـەی نفـوزی خۆیـان جێگیر کـردووە. چەندین سـاڵ شـەڕ و ماڵوێرانی بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە نەگەیشـتە هیچ ئەنجامێک، بۆیە ئەو ئاشـتی و سـەقامگیرییەی کوردسـتان بەرهەمـی قەبوڵکردنـی توانای سیاسـی و سەربازییان بوو.

ئێسـتا دوو هێزی سیاسـی و سـەربازی کـە پارتـی دیموکراتی کوردسـتان و پارتی کرێکارانی کوردسـتانن، لەسەر فراوانکردنی قەڵەمـڕەوی سیاسـی و سـەربازییان لـە ململانێیەکی توندان. پارتی چاوی لەوەیە کـە لە بەڕێوەبـردن و ئیدارەدانـی ڕۆژئاوای کوردسـتان قسـەی هەبێـت. PKK لـە ڕۆژئاوای کوردسـتان، سـەرباری هەموو ئەو ڕێککەوتننانـەی کـە کـراون بۆ بەشـداریی سیاسی و سەربازیی لایەنەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسـی، درێژە بە سیاسـەتێکی تاکڕەوانـە دەدات و چاوەڕێـی ئەوەیـە کـە هەمـوو لایەنێـک دان بـەو مەشـروعیەتە سیاسـییەی ئەودا بنێن کە لەوێ بە کوتەک و زەبـر و زەنـگ بۆ خۆیی دروسـتکردووە. نـاو بەناو لەگـەڵ گرووپەکانی دیکەی وەکو نوسـرە و داعش شـەڕ دەکات و ناوبەناویش موخالیفەکانی خۆی تەسـفیە دەکات، بەڵام تا ئێسـتا فیشـەکێکی بە ڕژێمەکەی بەشار ئەسـەدەوە نەنـاوە! لـە گوتاری سیاسـیدا نە دژی بەشـار ئەسـەدە و نـە لەگەڵیەتی، کە دێتە سـەر باسـی دەوڵەوتـی کوردیش دژیەتـی و بە پیلانی ئیمپریالیزمی دەزانێت! پەکەکە لە سـووریا و ڕۆژئاوای کوردسـتان تابلۆیەکی سیاسـیی وا لێڵی دروستکردووە کە کەس ناتوانـێ خوێندنەوەیەکی واقیعیی بـۆ بـکات. بـە دروسـتکردنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا ویستی ئەو شەرعیەتە و ئەو تابلۆیە وا نیشـان بدات کە پرۆسەیەکی نیشتمانییە و پێیوابوو بە بەشدارکردنی کەمینە نەتەوەی دیکـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەتوانـێ ئەو سۆز و هەسـتە لای دەرەوەی خۆی دروست بـکات. بەڵام لە ئەرزی واقیعدا ئەمڕۆ پتر لە 30%ی کۆی ژمارەی دانیشـتووانی ڕۆژئاوای کوردسـتان، پەنابەرن و ئامـادە نین لە ژێر دەواری پەکەکـەدا بژیـەن و ئەوانەیـش کە دەژیەن هەر هەموویان رازی نین.

پەکەکـە بـە ئاراسـتەیەکی دیکـەدا لـە هەڵسـەنگاندن و هەڵوێسـتوەرگرتنی لـە پرۆسـەی سیاسـی و نیشـتمانیی باشووری کوردسـتاندا، دەیەوێ واقیعێکی دیموکراسی و فرەیـی لـە باشـووری کوردسـتان بکاتە هاوتـای ئەو پرۆسـەیەی کە خۆی تاکلایەنە لـە ڕۆژئاوای کوردسـتان بەڕێـوەی دەبات. لەوەشـیاندا ئیش لەسـەر وەتەری هەسـت و سـۆزی نیشـتمانی و کوردایەتـی دەکات. بـەوەش دەیـەوێ هەمـوو کەموکـوڕی و بێتواناییەکانی خۆی لە ئیدارەدانی سیاسـی و سـەربازیی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـە باشووری کوردسـتان ڕاست بکاتەوە. ئینجا لـە بەرهەمهێنانـی تیۆرییەکانـی شـڕۆڤەی بـاری ناوچەییدا، هەمان ئـەو ئارگیۆمێنتانە بـەکار دێنێت کە وڵاتانی دژی سـەربەخۆیی کوردستان بەکاری دێنن.

لە یەک دوو هەفتـەی ڕابردوودا، پەکەکە بـە بیانـووی پاراسـتنی خەڵکی شـەنگال دەیـەوێ جێپێیەکـی سـەربازی و تەنانەت کانتۆنی چوارەمیش بەناوی کانتۆنی شەنگال لـە باشـووری کوردسـتان دروسـت بکات. ناوچەیەکی بەرفراوان لە باشووری کوردستان داببڕێت و لەوێوە هەم گوشاری پارتی بۆ سەر حاکمیەتی خۆی لە ڕۆژئاوای کوردستان کەم بکاتەوە، هەمیش حاکمیەتێک لە ناوچەیەکی دەوڵەمەندی سەر سنووورە نێودەوڵەتییەکان بۆخۆی دەستەبەر بکات.

پەکەکـە لەڕووی سیاسـییەوە بووە هۆی ئـەوەی کـە تورکیـا نەتوانێـت بە ئاشـکرا هاوکاریی سەربازیی کوردستان بکات، چونکە لای ڕای گشـتیی تورکیا کەشـوهەوایەکیان دروسـت کردووە کـە ئەوە ئەوانـن بەرگری دەکـەن و پێشـمەرگە هەمـووی هەڵاتووە! ئەگەرچی تورکیا بەشـێوەیەکی سەرداخراو لەڕووی سەربازییەوە لەسەر خەتە و تەنانەت بەشـدارە لەوەی کە هێزی پێشمەرگە چەکی قورسـی پێ بدرێت، بـەڵام ناتوانێ ئەوەش قبـوڵ بکات کـە ناوچەیەکی بەرفـراوان بەو شێوەیە پەکەکە دەستی بەسەردا بگرێت.

بۆیە پێناچێ ئەم شەڕەی ئەمجارە هەر بە رزگارکردنی شنگال کۆتایی بێت و ڕەنگبێ ئەو تەپوتۆزە ئەگەر وا بڕوات و پەکەکە لەسـەر ئەو سیاسـەتەی بـەردەوام بێت، لە عەفرین و کۆبانـێ بنیشـێتەوە. چونکە داعش تەنیا لە باشووری کوردستان نییە، چەندین مانگە پەکەکـە هـاوار دەکات لەدەسـتی پەلاماری داعـش، بۆیە ئێسـتا کە پێشـمەرگە چەکی قورسـی دەسـتکەوتووە، ڕەنگبێ پێویست بکات لەناو قووڵایی سووریاش شەڕی داعش بکرێت، ئەو کاتە دەردەکەوێ پەکەکە چەندە بـاوەڕی بەوە هەیە کە پێشـمەرگە و گەریلا شانبەشانی یەکتر شەڕبکەن!

---



قەرەنی قادری

# زلهێزەکان بوونە بەشێک لە پرسی کورد

دوای ئەوەی داعش، هێرشـی کردە سەر هەرێمی کوردستان و شەنگال و دەوروبەری داگیـر کـرد و، ئێزدییـەکان کەوتنـە بـەر پەلامـاری ئەو گرووپـە دڕندەیەوە، هەرێمی کوردسـتان لە قۆناغی بەرگرییەوە ڕووی لە شـەڕی هێرشـبەرانە کرد. بێشک شکستی بەرپرسە سیاسی، ئەمنی و نیزامییەکانی ئەو دەڤەرە، بۆشاییەکی ئەوتۆی هێنایە کایەوە تا داعش بتوانێـت زۆر بە خێرایی ناوچەکە داگیربـکات و ئەنفالـی ئێزدییـەکان بەڕێوە بەرێت. ئـەم ڕووداوانە دۆخێکی لە هەرێمی کوردسـتان، عێـراق و ناوچەکـەدا هێنایـە کایـەوە کـە زلهێزەکانـی ناچار کـرد، ببنە هاوکێشـەیەکی مەیدانی بۆ ئەوەی دۆخەکە بگۆڕن. بوونی ئەمریکا و هێرشی ئاسمانیی ئەو وڵاتە بۆ سەر داعش و پاراستنی خاکی کوردسـتان، ئەورووپاشـی وەجووڵە خسـت کە لە سـەرکوتکردنی داعشـدا بەشـێوازی جۆراوجۆر بەشداری بکەن.

بوونـی ئەمریـکا لە هەرێمی کوردسـتان و بـەدوای ئـەودا فرانسـە، بەریتانیـا، ئیتالیـا و چەنـد وڵاتی دیکـە، جارێکی تر پاراستنی هەرێمی کوردستان بوو بە پرسی ناوەندەکانـی بڕیاردان لە جیهاندا. ماوەیەک بەر لە ئێستا، مالیکی داوای لە ئەمریکا کرد کـە چەک و تەقەمەنـی بۆ لێدانی داعش بە عێـراق بدەن، بەڵام ئەمریکا وەڵامی عێراقی نەدایـەوە، چونکـە پێیوابـوو کـە شـەڕی داعـش بـە دژی مالیکی تەنیا شـەڕێکە لە نێوان شـیعە و سوننەدا، لەبەر ئەوە خۆیان نەخسـتە ناو شـەڕێکی مەزهەبییەوە. بەڵام هێرشی داعش بۆ سـەر هەرێمی کوردستان ئـەو ناوچەیـەی کـە ئەمریـکا و وڵاتـە ئەوروپییەکان بە "بەش"ێکی سەرکەوتوو لە عێراق نـاوی دەبەن، ئاڵوگۆڕی لەناو یارییە سیاسییەکاندا پێکهێنا. ناردنی ڕاستەوخۆی چەک و تەقەمەنی، هەرێمی کوردسـتانی بۆ دۆخێک گواستەوە و دەورێکی گرینگی پێدا لە پاراستنی وڵات. بەڵام ئەم پشتیوانییە لە مەنتقی سیاسەتدا یەکلایەنە نییە، مەرجێکی ڕۆژاواییەکان ئەوەیە کە هەرێمی کوردسـتان لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی بەغدادا دەوری گرینگ بگێڕێ.

ڕۆژاواییەکان دەبێ ئەوە بە باشـی بزانن، کە شەڕی هەرێمی کوردستان بە دژی داعشی ئیسـلامی، شـەڕێکی مەزهەبی نییە، بەڵکو شەڕێکە کە هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگاری لە خاک، ئازادی، دیموکراسـی، مافی مرۆڤ و پێکەوەهەڵکردن دەیـکات. بەڵام بۆ هێزە شـۆڤێنییەکانی بەغدا و کۆماری ئیسـلامی لاوازکردنی هەرێمی کوردسـتانە، هاوکاتیش دەخوازن کە کێشـەی خۆیان دەگەڵ داعش بە هەرێمی کوردسـتان یەکلا بکەنەوە بەبێ ئـەوەی هیچ تێچوویەکی بۆ ئـەوان هەبێت. شۆڤێنییەکانی عێراق و کۆماری ئیسلامی لەم دۆخەدا هەرێمی کوردسـتانیان بە لاوازییەوە دەوێت، بەڵام دۆخە جیهانییەکە بەتەواوەتی بە قازانجی هەرێمی کوردستان شکایەوە.

عەلـی لاریجانـی سـەرۆکی مەجلیسـی ئێـران پێیوایـە کـە "ئەو فرۆکـە و چەک و تەقەمەنییانەی لەلایەن ئەمریکاوە بۆ هەرێمی کوردسـتان دەنێردرێـن، بۆ چەواشـەکاری و لادانـی ڕای گشـتییە لە پرسـی غەززە". عەلی شـەمخانی نوێنـەری خامنەییش داوا لە عێراقییەکان دەکات، "یەکپارچەیی خاکی عێراق و یەکگرتوویی بپارێزن". مەبەستەکەی تارانیـش زۆر ڕوونە کـە یەکپارچەیی خاکی عێـراق و دەوڵەتێکی بەهێزی شـیعەیە. ئەم ئامانجـەی کۆماری ئیسـلامی لە کـردەوەدا دەرخەری سیاسـەتێکی ئاشـکرایە، ئەویش وەگەڕخسـتنەوەی ئـەو سـیناریۆ کۆنەیـە کە بـە ڕێککەوتن لەگـەڵ ئەمریکا مالیکیان بەدەسەڵات گەیاند. ئەم سیناریۆیە جارێکی تـر دووبارە بووەوە. بـاس لەوە دەکرێت کە ئەمریـکا و کۆماری ئیسـلامی لەسـەر ئەوە ڕێککەوتبـوون کـە حەیدەر عەبـادی ببێتە سەرۆکوەزیرانی عێراق.

بێشـک ئێـران لـەو یارییـەدا تەنیـا مالیکـی لەدەسـت دەدات، بـەڵام دەور و دەستڕۆیشـتوویی سـوپای قـودس لەنـاو ئەرتـەش و هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا هەروا دەمێنێتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی (ڕۆیتێرز) هەر ئێسـتا ئێران ڕاهێنانی سەربازی بە زیاتر لە 20 هەزار میلیشیای شیعە دەکات. تەنانەت بـاس لـەوەش دەکرێـت کـە ژمارەیەکیش لـە چەکدارانـی حزبوڵڵای لوبنان ئێسـتا لە عێراقـن. گەرچی ئەمریـکا و هەندێک وڵاتی ئەورووپـی لـە ئاسـمان و خاکـی هەرێمـی کوردسـتانەوە ڕووبەڕووی داعش بوونەتەوە، بـەڵام کۆمـاری ئیسـلامی لـە سـەر زەوی (بەغدا) خەریکە جارێکی دیکە و بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی عێراق ڕێکدەخاتەوە.

دانانی سـەرۆکوەزیرێکی نوێ کە بتوانێت لـە یـەک کاتـدا بەرژەوەندیـی ئەمریـکا، کۆماری ئیسـلامی، شیعە، سوننەی عێراق و هەرێمی کوردسـتان دابین بکات، لە کێشـە سـەرەکییەکانی داهاتـووی نزیکـی عێراقە. ئەوەش لە کاتێکدایە، کە کۆمەڵێک پرسـی چارەسـەرنەکراوی سـەردەمی مالیکی هەروا ماونەتەوە.

داعـش بـە هێرشـکردنە سـەر هەرێمـی کوردسـتان ناتوانێـت دۆخەکـە بـۆ بەر لە (2014/6/9) بگەڕێنێتـەوە و پیلانـی کۆماری ئیسـلامی و شۆڤێنییەکانی عێراق و ناوچەکـە جێبەجێ بکات. پرسـی ریفراندۆم بـۆ سـەربەخۆیی لـە هەرێمی کوردسـتان، بووەتـە هێزێکـی ماددی و تەنانـەت زەینی منداڵانـی قوتابخانەکانیشـی بەخۆیـەوە خەریک کردووە. ئەم دۆخەی ئێستا گەرچی زۆر ئاڵۆزە و هەرێمی کوردسـتانی تووشـی دانوسـتاندنی سیاسـی دەگـەڵ زلهێزەکان کردووە، بەڵام مەنتقی سیاسەت وادەخوازێت کـە پێویسـتە زۆرتریـن بەرژەوەنـدی لـەو دانوسـتاندنەدا بـۆ هەرێمـی کوردسـتان دابیـن بکرێت. سـەرەکیترین پرسـیش لەو مەیدانـەدا، ریفرانـدۆم بۆ سـەربەخۆییە کە هەوڵ بدرێت نەچێتە خانەی دانوستاندنەوە، چونکە دۆخەکـە بواری زیاتری بۆ ریفراندۆم ڕەخسـاندووە. تێکشـکاندنی داعش لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، گەورەترین وەرەقەی یارییە لەو مەیدانەدا.

---



گونەل تۆل*

# ڕێگا درێژەکەی بەردەم ئەردۆغان

یەکشـەممەی ڕابـردوو، سـەرۆکوەزیرانی تورکیـا ڕەجـەب تەیـب ئەردۆغـان یەکـەم هەڵبژاردنـی ڕاسـتەوخۆی سـەرۆکایەتیی کۆماری تورکیای بردەوە و بەم شێوەیە کۆی حوکمڕانیی خۆی بۆ 12 سـاڵ درێژ کردەوە. وێڕای هەڵمەتێکی چڕی هەڵبژاردن و یارمەتی وەرگرتن لە سپۆنسـەری گشـتی، ئەردۆغان توانـی تەنیـا 52%ی دەنگـەکان بـۆ خـۆی مسۆگەر بکات و لەڕاستیدا بە ڕێژەیەکی کەم زۆرینـەی ڕەهای بۆ سـەرۆکایەتی مسـۆگەر کرد.

جـارێ پێناچێـت هەڵمەتـەکان بـۆ ئەردۆغان کۆتاییان هاتبێت. هەڵبژاردنەکانی یەکشـەممەی ڕابـردوو لە ڕاسـتیدا هەنگاوی یەکەمن بۆ ئەردۆغان کە بە نیازە دەسـەڵاتی سـەرۆک کۆمار لـە تورکیا بەرفـراوان بکات و سیسـتەمی پەرلەمانـی بـۆ سیسـتەمێک کـە تێیـدا سـەرۆک کۆمـار دەسـەڵاتێکی یەکجـار زۆری پێـدراوە، بگۆڕێـت، وەک ئەو سیستەمەی لە ئەمەریکا هەیە.

بـەڵام گۆڕینی سیسـتەمی تورکیـا بەرەو سیسـتەمێکی سـەرۆکایەتی پێویسـتی بـە هەموارکردنی دەسـتوور دەبێـت و ئەردۆغان کاتێـک دەتوانێت ئەوە بکات کە پاڵپشـتیی تـەواوی پەرلەمانی هەبێت و پارتەکەی خۆی واتە پارتی داد و گەشـەپێدان، بتوانێت 215 کورسـیی پەرلەمانـی بهێنێـت. لێرەدایە کە پرۆسەکە بۆ ئەردۆغان تۆزێک دژوار دەبێت.

بـەر لـە هەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکە، زۆر بـە پێویسـت دەکەوێتەوە کـە ئەردۆغان بە شـێوەیەک پارتەکەی بەڕێوە ببات، ڕێگە لە ململانێـی حیزبی بگرێت. ئەو پێویسـتی بە سـەرۆکوەزیرانێکی هۆگر هەیە کە ئەوەندەی دەسـەڵات هەبێـت یەکگرتوویـی ئەکەپـە بپارێزێت و دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنی ساڵی داهاتـوودا بـەرەو سـەرەوە ببات، بـەڵام لە هەمان کاتیشـدا ئەوەندە هاوکاری ئەردۆغان بێت کە بتوانێـت ئامانجـە سیاسـییەکانی ئەردۆغـان بـەدی بهێنـێ. بـە دڵنیاییەوە، ئەردۆغـان هەر کەسـێک بۆ سـەرۆکوەزیری دەستنیشـان بـکات ڕۆڵێکی هەسـتیاری لە بەرفراوانکردنی دەسـەڵاتی سـەرۆک کۆماردا دەبێت.

بەپێی دەسـتوور، ئەردۆغان دەبێ دەست لـە حیزبەکەی بکێشـێتەوە کاتێـک لە 28ی ئابدا وەک سـەرۆک کۆمار سـوێندی یاسایی دەخـوات. هاوکات لـە کۆنگرەیەکی گەورەی حیزبدا سەرۆکی حیزب دەستنیشان دەکرێت کە ڕۆژێک دواتـر، واتە لە 29ی ئەم مانگەدا لەلایەن ئەردۆغانەوە وەک سـەرۆک وەزیرانی وڵات ڕادەسپێردرێت.

حیزبەکـەی ئەردۆغـان ئێسـتا 58%ی کورسـییەکانی پەرلەمانـی هەیـە. سـەرۆک وەزیرانـی تـازە دەبـێ وا بکات کـە ئەکەپە لـە هەڵبژاردنی سـاڵی داهاتـوودا زیاتر لەو ڕێژەیـە بهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕێگەی دوو لەسەر سـێی کورسییەکانی پەرلەمانەوە دەستوور هەموار بکاتەوە.

هەمـوو هەمواركردنێكیـش دەبـێ لـە گشتپرسـیدا پەسـەند بکرێت. ئەمە تەنانەت بۆ ئەردۆغانیش دارێکی بڵندە، سەرکردەیەک کە لە دوای 2002ەوە سێ گەڕی هەڵبژاردنی لەسـەر یەک بردووەتەوە، لە کاتێکدا تورکیا لە سـاڵی ڕابـردوودا بە جەمسـەرگیرییەکی قووڵدا تێپەڕ بوو.

ئـەو ڕێـژە کەمـەی کـە ئەردۆغـان لـە هەڵبژاردنـی ئەمجارەدا هێنای، پێمان دەڵێت کە بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجە سیاسـییەکانی خـۆی، ئەردۆغـان ڕووبـەڕووی کۆسـپ دەبێتـەوە. کۆمەڵگەی تورکی تـا ڕادەیەکی زۆر لەسەر حوکمڕانیی ئەردۆغان ناکۆکە.

لە سـاڵی ڕابـردوودا، ئەردۆغان کۆمەڵێک گرفتی بۆ هاتووەتە پێش کە لە خۆشەویستیی کەم کردووەتـەوە. لە دواییـن لێکۆڵینەوەی سەنتەری توێژینەوەی پیودا، وا دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی تورکی یەکەیەکی دابەشکراوە، واتـە 48%ی لەگـەڵ ئەردۆغانە و 48%ی دژ بە ئەردۆغانە.

بەشـێکی زۆر لـە بەرەی ئۆپۆزسـیۆن وا هەسـت دەکـەن کە لـە دەرەوەی پرۆسـەی سیاسـیدان و هـەر ئەوەش هـۆکاری ئەوەیە کە تەنیا 72%ی دەنگدەران لەم هەڵبژاردنەدا چوونە سەر سـندوقەکانی دەنگدان. ئەوەش نزمتریـن ڕێـژەی دەنگدانـە لـەدوای سـاڵی 1977ەوەو بـە دڵنیاییـەوە زۆر لە ژێرەوەی ڕێـژەی دەنگدانەکـەی ئاداری ئەمسـاڵە کە تێیـدا 90% بەشـداریی هەڵبژاردنەکانـی شارەوانییان کرد.

خۆپێشـاندانەکانی دژ بـە ئەکەپـە لـە 2013دا بـە هێـزی پۆلیس سـەرکوت کرا و ئەوە ئەردۆغانی وەک سـەرکردەیەکی تاکڕەو وێنا کرد. هەروەها فایلی گەندەڵیی کەسـانی نزیـک لە ئەردۆغـان و بەریەککەوتنی لەگەڵ هاپەیمانـی پێشـووی، فەتحوڵـڵا گیولـەن کە ئیمامێکـی نیشـتەجێی ئەمەریکایە، ئەو وێنایەی ئەردۆغانی تۆختر کردەوە.

بەڵام حیزبەکەی ئەردۆغان ئێستا لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکـی گەورەدایـە. ئەکەپـە دەبێ بنکـەی خۆی بەر لـە هەڵبژاردنەکانی 2015 فـراوان بکات، ئـەوە لەکاتێکدا دەبێ ڕووبـدات کە ئەکەپە سـەرکردە کاریزمایی و خۆشەویسـتەکەی نامێنێـت. بـە دڵنیاییەوە ئەگەری ئەوە هەیە کـە گۆڕانکارییەکانی ناو ئەکەپە پارتەکە لاوازتر بکات.

پێـڕەوی ناوخـۆی ئەکەپـە ڕێگـە لـەوە دەگرێت کە سـەرکردە زیاتر لە سێ ویلایەت لە شـوێنی خـۆی بمێنێتەوە، بـە واتەیەکی دیکە نزیکەی 70%ی سەرکردایەتیی ئێستای ئەکەپـە ناتوانـن لـە هەڵبژاردنـی 2015دا بەشدار بن.

هەوڵـی ئەردۆغـان بۆ ئەوەی سیسـتەمی وڵات لـە پەرلەمانییـەوە بـۆ سـەرۆکایەتی بگۆڕێـت کارێکی ئاسـان نابێـت. ئەگەرچی بەبـێ ئـەو گۆڕانکارییانـەش ئەردۆغـان وەک سـەرۆک کۆمـار دەسـەڵاتێکی فراوانی دەستووریی دەبێت.

دەسـتووری ئێستا ڕێگە بە سەرۆک کۆمار دەدات لـە کۆبوونەوەی کابینـەی حکومەتدا دابنیشـێت، فەرمانـی حکومـی دەربـکات، یاسـا ڤیتۆ بـکات، پێـڕەوی نـاو پەرلەمان یـەکلا بکاتـەوە و هەڵبژاردنـی پێشـوەختە ڕابگەیەنێت. ئەو دەسـەڵاتی هەیە سـەرۆکی سـتافی دیـوان و زانکـۆکان و خوێندنی باڵا و ئەندامـی دادگای دەسـتووری و داواکاری گشتی و ئەنجوومەنی دادوەری کە سیستەمی دادی تورکیای لەسەر دامەزراوە، دەستنیشان بکات.

سەرۆک کۆمارەکانی پێشوو نەیانویستووە کەڵـک لـەو دەسـەڵاتانە وەربگـرن، بـەڵام ئەردۆغـان وەک ئـەوان نـاکات. ئەردۆغان و لایەنگرانی دەڵێن ئەو وەک یەکەم سـەرۆکی هەڵبژێردراوی گەل ئەو دەسـەڵاتەی پێدراوە کـە ڕۆڵێکـی کارا لە دەوڵەتداریـدا بگێڕێت. لـە میانـەی بانگەشـەی هەڵبژاردنەکانـی سـەرۆکایەتیی کۆماریشـدا ئەردۆغان بەڵێنی ئەوەی دا کە وەک سەرۆک کۆمارێکی ڕەمزی ئەو پۆستە ناگرێتە دەست.

ئایا ئەردۆغـان دەتوانێـت خەونی خۆی بهێنێتـە دی و سیسـتەمی تورکیا لـە پەرلەمانییـەوە بگۆڕێـت بۆ سـەرۆکایەتی؟ وەڵامـی ئەو پرسـیارە دواتـر دەردەکەوێت، بـەڵام ئـەوەی ئێسـتا دەیزانیـن ئەوەیە کە ئەردۆغان سەرۆک کۆمارێکی جیاواز لەوانەی پێش خۆی دەبێت.

***بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی تورکی لە ئینستتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- واشنتن**



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net


# گرنگیی شنگال بۆ PKK

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، هەفتەی رابردوو دەیگوت "فەرمانمان بۆ هاتووە لە شنگال کوردایەتی بکەین نەک حیزبایەتی". ئەم قسەیە ناڕاستەوخۆ پەردەی لەسەر ئەو هەستەوەرییە لادا کە لەنێوان پێشمەرگە و گەریلادا هەیە لە شنگال. بەرادەیەک کە چەند رۆژ دواتر لە رووداودا بڵاوبووەوە "گەریلا پلانێکی پێشمەرگە و ئەمریکاییەکانی بۆ ئازادکردنی ناوچەی شنگال شکستپێهێناوە". رۆژێک دواتر، میدیای پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بە روونکردنەوەیەک کە لە بنەڕەتدا بۆ رەتکردنەوەی هەواڵەکەی رووداو بوو، ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە بۆیە نەیانهێشتووە ئەو پلانە سەربگرێت "چونکە هەماهەنگی نەکرابوو لەگەڵ گەریلا".

لەوەتەی قەیرانی شنگال دروست بووە، حیزبەکان کێبڕکێی ئەوەیانە کە بیسەلمێنن کامیان پاڵەوانی رزگارکردنی کوردە ئێزدییەکانی سەر چیای شنگالن. ئەمەش لەکاتێکدایە کە باراک ئۆباما، فرانسوا ئۆلاند، دەیڤد کامیرۆن، ئەنگێلا مێرکل و زۆر رێبەری دیکەی جیهان لە گوتار و پەیامەکانیاندا ناوی شنگال و چیای شنگال وەکو سیمبۆلی زوڵملێکراویی کورد دەهێنن. پێشدەچێت ئەو کەمتەرخەمییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر کارەساتی هەڵەبجە هەیبوو، لە کەیسی جینۆسایدی شنگالییەکاندا دووبارە نەبێتەوە.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لە کەیسی شنگالدا حیزبایەتیکردن پێش کوردایەتی کەوتووە؟ بەتایبەتیش بۆچی PKK پێی گرنگە مەدالیای شانازیی رزگارکردنی ئاوارەکانی چیای شنگال لە بەرۆکی خۆی بدات؟

هیچیەک لەوانەی لە چیای شنگال هاتوونەتەوە و قسەمان لەگەڵ کردوون، ئینکاری ئەوە ناکەن کە گەریلاش رۆڵیان هەبووە لە هاریکاریکردنی پێشمەرگە بۆئەوەی رزگاریان بکەن، بەڵام هەمووشیان وا باسی جەنگاوەرە ئێزدییەکان (واتە پێشمەرگە) دەکەن، وەک بڵێی ئەفسانە بگێڕنەوە. لەماوەی ئەو رۆژانەدا کە ئاوارە گیرخواردووەکان لە چیای شنگالەوە بەشدارییان لە رووماڵەکانی رووداودا دەکرد، هەمیشە ناوی دوو قاسمیان وەکو پارێزەرانی خۆیان دەهێنا: قاسم سمێر و قاسم شەشۆ. بەهۆی بایەخدانی رووداویش بەو دوو ناوە، لە میدیای جیهانیدا یەکێکیان وەکو "شێرەکەی شنگال" نێوبانگی دەرکرد. بەڵام سەیرەکە ئەوەبوو لە راگەیاندنی لۆکاڵیی باشووری کوردستاندا، تەنانەت لە میدیای پارتیشدا، ئەو بایەخەی دەبووایە پێیانبدرێت نەدرا.






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# دین و داعش و عەرەب

رۆژی 15/8/2014 یەکێک بوو لە پڕئازارترین رۆژەکانی ژیانم. هەواڵی کۆمەڵکوژیی نزیکەی 100 هاوزمان و هاونیشتیمانیم لە گوندی کۆچۆ لە شنگال، دڵمی بە چەشنێک تەزاند کە لەوەوبەر تامم نەکردبوو. یەکێک لەو کەسانەی بە ناحەق شەهید کرا لەو گوندە، دۆستێکی من بوو. کاک ساڵحی رەحمەتی کە ماوەی ساڵێک لەمەوپێش کاتێک بۆ کرێکاری پەنای هێنابوو بۆ سلێمانی، لە پرۆژەیەکدا ناسیم و بۆ ماوەی 8 مانگ زیاتر پێکەوە کارمان کرد. مانگی رابردوو گەڕایەوە بۆ کۆچۆ، بۆ لای ماڵ و منداڵەکەی کە هەمیشە بە سۆیەوە باسی دەکردن و داوای لێدەکردم مۆڵەتی لە خاوەن کارەکە بۆ وەربگرم هەتا بچێتەوە لایان. کاتێک شنگالیش کەوتە بەر شاڵاوی داعش، کۆچۆییەکان نەیانتوانی پەنابەرن بۆ چیای شنگال، لەبەرئەوەی گوندەکەیان کەوتبووە باشووری شارۆچکەکەوە و بە گوندی عەرەبنشین چواردەور درابوو. رۆژانە پەیوەندیم لەگەڵ خوالێخۆشبوو دەکرد، رۆژ بە رۆژ نائومێدی و بێچارەیی زیاتر بە دەنگییەوە دەردەکەوت. هەتا دواجار رۆژی 15ی مانگ بۆ هەتاهەتایە نوقمی بێدەنگی بوو. ئەم دۆستەی من تاکە یەکێک بوو لە هەزارەها کەس کە رووبەڕووی دڕندەیی جەنگاوەرەکانی داعش بوونەتەوە. ئەم کارەساتە دوو پرسیاری لای من سەرلەنوێ ورووژاندەوە کە بە حسابی خۆم زۆر دەمێک بوو وەڵامیانم دۆزیبووەوە و قەناعەتم بە خۆم هێنابوو. یەکەمیان لەسەر دین و ئەوی دیکەیان لەسەر عەرەب.

هەر لە منداڵیمەوە باوەڕم بەوە هەبووە کە ئیسلام ئاینی ئاشتی و خۆشەویستی و پێکەوەژیانە. بەڵام ئەوەی داعش بە ناوی ئاینەوە دەیکات و لەوە زیاتر بێدەنگیی جیهانی ئیسلامی و مەرجەعە ئاینییەکان، بووەتە پرسیارێکی گەورە لەلام کە تا ئێستا نەمتوانیوە وەڵامی بۆ بدۆزمەوە. چۆن دەبێت ئاینێک جێگەی ئەم پیاوکوژانەی تێدا ببێتەوە، لە کاتێکدا کە خەڵکی بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان بانگهێشت دەکات؟ هەڵوێستی کەسایەتییە ئاینییەکانیش لەسەر داعش زیاتر لە خودی داعش بێزارم دەکات و نیشانەی پرسیارم لا دروست دەکات. هەتا ئێستا کەسایەتییەکی ئیسلامی دەرنەکەوت بە روونی بڵێت داعش موسڵمان نین و ئیسلام بەری بکات لەم دڕندانە. هەڵوێستی کەسایەتییە ئاینی و لایەنە ئیسلامییەکان تا بڵێیت نارۆونە. لەلایەکەوە دەڵێن هەرچی پێشمەرگەیەک لە شەڕی داعشدا گیان لەدەستبدات شەهیدە، بەڵام ناتوانن بڵێن، خودی داعش "کافر"ە. ناوێرن حوکمی کوفریان بدەن! نازانم بۆ؟ (تێرمینۆلۆژیی ئاینی بەکاردەهێنم، لەبەر ئەوەی بابەتەکە پەیوەندیدارە بە ئاینەوە) من پێموایە هەر ئیماندارێک دوودڵ بێت لەوەی داعش کافرە، ئەوا دەبێت زۆر بە جددی بە بنەماکانی ئیمانەکەیدا بچێتەوە... هەرچەندە لە لای من ژیان و هەناسەی منداڵێک کە لە ژێر هەڕەشەی کوشتندایە، جا سەر بە هەر ئاینێک بێت، لە هەموو پیرۆزییەکان گرنگتر و پیرۆزترە. وا بزانم ئەم قسەیەشم لەگەڵ ئەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز یەک دەگرێتەوە کە باس لە بەرێزیی ژیانی مرۆڤ دەکەن.

بابەتی دووەم مەسەلەی عەرەبە. لەگەڵ ئەوەی من نەوەی دوای راپەڕینم و لە سەرەتای نەوەدەکاندا خوێندکاری سەرەتایی بووم، بەڵام بە درێژایی ساڵانی خوێندنم هۆنراوەی برایەتی کورد و عەرەب و ئەدەبیاتی هاوبەشیمان لە عێراقی "نیشتیمانی مەزن" بە زۆر پێ لەبەر دەکرا. را باوەکەش ئەوەیە کە عەرەب دوژمن نییە، بەڵکو بەعس دوژمنە. عەرەب دوژمن نییە، بەڵکو زەعیم سدیق دوژمنە. عەرەب دوژمن نییە، بەڵکو مالیکی دوژمنە. ئێستاش عەرەب دوژمن نییە، بەڵکو داعش دوژمنە. با چیدی خۆمان هەڵنەخەڵەتێنین! خۆ ئەو عەشیرەتە عەرەبانەی چواردەوری شنگال کە دەستی داعشەکانیان گرت و هێنایانن بۆ ناو شنگال بەعسی نەبوون! یان ئەو عەشیرەتە عەرەبانەی، هیچ نەبێت چاوپۆشی لە قەتڵوعامی "برا کوردەکانیان" دەکەن لە چواردەوری شنگال. بە شێوەیەکی گشتیش وڵاتە عەرەبی و موسڵمانەکان خۆیان لێکردووینەتە کەڕ و "گاور و بێدینەکان" هاوکاریمان دەکەن لە رووبەڕووبوونەوەی "براکانمان" کە نییەتیانە قڕمان بکەن! بۆ خۆم، هەرچەندە بڕوام وایە کە تەنها خودا بڕیار دەدات کێ جێگەی بەهەشتە و کێ دۆزەخییە، بەڵام مافی ئەوەم هەیە هەست و تەسەوری خۆم بڵێم، لە قووڵترین شوێنی دڵمەوە دڵنیام کە کاک ساڵحی رەحمەتی و هەزارەهای وەکو ئەو کە بە ناحەق و بە دڕندانەترین شێوە ئەو رۆحەی خودا پێی دابوون بە گوللە لێیان سەندرایەوە، لە بەرزترین شوێنی بەهەشتدان. ئەوانەش کە لەژێر ئاڵای ئیسلامدا خەڵک سەردەبڕن قووڵترین چاڵی دۆزەخ جێیانە. ئەوانەش کە هێشتا لە دیدی ئاینەوە بێدەنگن لە بەرامبەر بەربەرییەتی داعش و ئەمسالەکانی، دەبێت بە خۆیاندا بچنەوە و مانا قووڵەکانی ناوەڕۆکی ئاین تێبگەن، نەک تەفسیرە سەتحییەکان بکەنە بنەما و بیانوو بۆ بێدەنگی و بێ هەڵوێستییان.



گۆران شێخ مستەفا

# کورد پێویستی بە ناتۆیە

ئەم بارودۆخە نائارامەی لەعێراق دەگوزەرێت، ئیتر جگە لەرێگەچارەی سەربازی، بەگفتوگۆی سیاسی هیچ بەرهەمێکی نابێت. پێشتر دەگوترا پێویستە لەگەڵ سوننەکان گفتوگۆ بکرێت ئەوجا رووبەڕووی داعش ببینەوە، بەڵام رووداوەکانی ئەم دواییە ئەوەی سەلماند تەنیا رێگای رووبەڕووبوونەوە، سەربازییە.

وەک ئەوەی کە ئامانجی ناتۆ پاراستنی سەلامەتیی وڵاتانی ئەندامە لەو رێکخراوە لە هەر هەڕەشەیەک بە رێگای سیاسی یان سەربازی بێت، ئەوا ئەرکێکی ئەخلاقیی کە لە ئەستۆی ئەو رێکخراوەیە، ئەوەیە کە هەرێمێکی گەشەسەندووی وەک کوردستان لە هەر ئەگەرێکی جینۆساید و سڕینەوە بپارێزێت.

گەلی کوردستان خاوەنی هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ و هێزی چەکدار و دامودەزگای دەوڵەتین. لەکاتێکدا بوونی قەبارەیەکی زۆر لە سەرچاوەی سروشتی نەوت و غاز نیمچە سەربەخۆییەکی بەکوردستان بەخشیوە، هەرێمی کوردستان سەرنجی ملیارەها دۆلاری لە وەبەرهێنانی بیانی راکێشاوە و تەنیا شوێنە لەعێراقدا کە رۆژئاواییەکان هەست بە سەلامەتی بکەن.

وەک سەرۆک ئۆباما دەڵێت، ناتۆ سەرکەوتووترین هاوپەیمانییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە سەلامەتی و ئاسایشی ئەورووپای راگرتووە و هەروەها یارمەتی چەندین وڵاتی دیکەی نائەندامی ئەو رێکخراوەی داوە لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و ناهاوسەنگیدا. لەسەر بنەمای راگەیاندنی 28 سەرکردەی ئەو رێکخراوە لە لیشبۆنە، ئەو هاوپەیمانییە بەسەرچاوەیەکی گرنگی پاراستنی ئاسایش لە جیهاندا دەمێنێتەوە.

لەبەرئەوە پێویستە ناتۆ هاوکارییەکانی تەنیا بۆ وڵاتانی ئەندامی رێکخراوەکەی نەبێت، بەڵکو پێویستە رۆڵێکی کارا بگێڕێت لە دابینکردنی ئاسایشی و ئارامی بۆ ئەوانی تریش.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووەو گۆڕانکارییەکی گەورە لەمێژووی خۆیدا هەنگاو دەنێت، کوردیش لەو نێوەندەدا سەرقاڵی سەربەخۆبوونی خۆیەتی. ئەمەش مانای دامەزراندنی دەوڵەتێکی پشتیوانە بۆ رۆژئاوا لەناوچەکەدا. بەڵام لەسەرەتادا پێویستە ئەو هەرێمە بپارێزرێت و گەشەسەندنەکەی رانەوەستێ کە پێی دەناسرێتەوە. لەڕاستیدا پێویستە هەرێمی کوردستان لەو ئایدیۆلۆجیا ژەهراوییە بپارێزرێت کە جیهان لە دوای 11ی سێپتێمبەرەوە دژایەتی خۆی بۆ راگەیاندووە.

هەتا ئێستا هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی ئارامە لەو ناجێگیرییەی لەمێژە بەتەواوی عێراقی گرتووەتەوە. بەڵام بوونی هەر گرفتێک لە هەرێمی کوردستان، هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر خاکی تورکیا، یەک لە ئەندامە کاراکانی ناتۆ دروستدەکات. جیۆپۆڵەتیکی هەرێمی کوردستان گرنگیی زۆری بۆ ناتۆ هەیە، وەک ئەوەی کە هەرێمێکی دراوسێی تورکیایە و گەر ئارامییەکەی لەدەستبچێت، رێڕەوێکی ستراتیجییە بۆ گواستنەوەی تیرۆر بۆ ئەورووپا. سەرەڕای ئەوەش بەم نزیکانە گرێبەستێکی پەنجا ساڵەی نەوتی لەگەڵ تورکیادا واژوو کردووە کە شایەنی پاراستنە.

بوونی قەبارەیەکی زۆر لە سەرچاوەی سروشتی، گرێبەستی ستراتیژی، کۆمپانیای زەبەلاحی نێودەوڵەتی وا لە رۆژئاوا دەکات لەرێی ناتووە هەرێمی کوردستان بپارێزێت. ئەگەر وڵاتانی رۆژئاوا هاوپەیمانێکی تازەی ئابوورییان دەوێت، ئەوا پێویستە وەک ئامانجێکی ستراتیژی سەیری پاراستنی هەرێمی کوردستان بکەن. ئەم جۆرەش لە پارێزگاریکردن پێویستە لەرێگەی بەشداری سەربازیی ناتۆوە بێت. لەڕاستیدا ئەو بەشدارییە سەربازییە نەک تەنیا ساتێکی بەهادارە و ئامانجێکی ستراتیجییە، بەڵکو رێگایەکی راستە کە ناتۆ پێویستە بیگرێتە بەر.

سەرەتای ئەم راستییەش لە تازەترین گوتاری دەیڤد کامیرۆن، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاوە دەرکەوت کە باس لەگفتوگۆی بەشداری و هاوکاریی ناتۆ بۆ کورد لە دژی داعش دەکات. ئەمەش مانای ئەوەیە کە مەترسیی داعش تەنها بۆ سەر کوردستان نییە، بەڵکو بۆ ئەورووپا و وڵاتانی هاوپەیمانی ناتۆشە.

ناتۆ رۆڵێکی گرنگی هەیە لەیارمەتیدانی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان. بۆ نموونە یارمەتیدانی گەلی لیبیا لە ساڵی 2011 لەلایەن 17 وڵاتی هاوپەیمانی ناتۆوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە عێراق بەرەو پارچەبوون و هەڵوەشانەوە دەڕوات، گەلی کورد پێویستی بە پشتیوانی هەیە بۆ پاراستنی خاکەکەی و دیاریکردنی چارەنووسی. هۆکاری هەڵوەشانەوەی عێراق ئەوەیە کە ئەو وڵاتە بەرەو ئایندەیەکی نادیار هەنگاو دەنێت، بەتایبەتی لەژێر هەژموونی ئێران و بەم دواییەش لەژێر هەڕەشەی داعش بێچارە ماوەتەوە. بەمەش وڵاتێکی تازە دامەزراوی وەک کوردستان دەبێتە هاوپەیمانێکی جددی وڵاتانی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

سەرەڕای ئەو راستییەی کە گەلی کورد لە رابردوودا لەسەر دەستی رژێمەکانی پێشووی عێراق رووبەڕووی جینۆساید و کیمیاباران بووەتەوە، کورد لەماوەی خودموختاری خۆیدا پەیوەندییەکی تەندروستی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی عێراقدا هەبووە. بەداخەوە مێژوو لەچەند رۆژی رابردوودا دووبارە بووەوە، کاتێک ژمارەیەک لە ئێزدییەکان لەسەر دەستی داعش رووبەڕووی جینۆساید بوونەوە. بارودۆخەکە وا پێشان دەدات کورد بەڕاستی پێویستی بە پشتیوانیی ناتۆ هەیە.



عەبدوڵڵا ڕشاوی

# داعش و ریفۆرمی ئایینی

مشتومڕێکی زۆر هەیە سەبارەت بە پەیوەندیی فیکری و تیۆریی داعش بە دەقەکانی قورئان و سیستمی کارکردنی ئاینی ئیسلامەوە کە ئەم رێکخراوە لەکارەکانیدا پشتی پێدەبەستێ.

جێی گەشبینییە ئێستا رۆشنبیر و تەنانەت بانگخواز و پیاوە ئاینییەکان و سیاسییە ئیسلامیەکانیش دان بەوەدا دەنێن کە دەوڵەتی ئیسلامیی داعش لە هەڵسوکەوتەکانیدا پشت بە هەندێک لە دەقەکانی ئیسلام و سیستمی کارکردنی ئیسلام لە مێژوودا دەبەستێ.

ئەم دانپێدانانە بۆیە تۆمار دەکەم و پێموایە مایەی گەشبینییە، چونکە جڤاتی ئیسلامی لە پێشوودا دانیان بەوەدا نەدەدا کە بزووتنەوە جیهادییەکانی وەک ئەلقاعیدە و ئەنسار پشت بە دەقەکانی قورئان و مێژووی ئیسلام دەبەستن لە کارەکانیاندا و هەمیشە دەیانگوت کە ئەلقاعیدە دروستکراوی رۆژئاوا و ئەمریکا و ئیسرائیلە و تەنها ئەم دیوەی بابەتەکەیان دەبینی.

بەڵام دانپێدانانی ئێستا بەوەی کە لەمێژووی ئیسلام و لەدەقەکاندا بایی ئەوە سپەیس بۆ داعش هەیە بتوانن جێگای خۆیانی تێدا بکەنەوە، دانپێدانانێکی گرنگە لە رێڕەوی دەستکردن بە پرۆژەیەکی ریفۆرم و چاکسازیی ئایینی وا کە دەرئەنجام بە ئایینێکمان بگەیەنێت جێگەی داعشیزمی تێدا نەبێتەوە.

پێموایە هەتاوەکو ریفۆرمێکی ئاینیی قووڵ و بەرفراوان و رادیکاڵ لەناو ئاینی ئیسلامدا جێبەجێ نەکرێت، ئەوا هەرگیز ناتوانین بەو ئاسانییە داعش لە ئاینیبوون بێبەری بکەین و لە ئیسلام بیکەینە دەرەوە.

هەمیشە داعشیزم خۆی لەناو ئایینیدا دەدۆزێتەوە، ئەگەر بێت و ئایینی ئێمە هەمان ئەو ئایینە بێت کە پێش 1500 ساڵ دەقەکانی جێگیرکران.

یان دەبێت باوەڕمان بە ریفۆرمێک هەبێت کە جارێکی دیکە ئیسلاممان لەم سەردەمەدا و بۆ ئەم سەردەمە و بەپێی ئاستی تێگەیشتنی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتی بۆ شرۆڤە و تەفسیر بکاتەوە، یاخود دەبێت قبووڵی ئەوەش بکەین کە داعش جێگای خۆی لەناو ئیسلامدا بکاتەوە و هەوڵی جێبەجێکردنی دەقەکانی جزیە و سەبایا و "ئەسلم تەسلم" بدات.

گوێم لە عەبدولڕەحمان سدیق بوو دەیگوت "جزیە لە ئیسلامدا هەیە، بەڵام ئایا جزیەی ئیسلام هەمان ئەو جزیەیە کە داعش داوای دەکات؟".

بەڕێزیان و زۆری دیکەش گوتیان "جزیەکەی داعش ئەو جزیەیە نییە کە لە ئیسلامدا هەیە"، بەڵام من پێموایە ئەمە بەهەڵەدا رۆیشتنێکی روون و ئاشکرایە، چونکە جزیەکەی داعش رێک هەمان جزیەکەی ئیسلامە کە پێش هەزار و چوارسەد ساڵ جێبەجێ کراوە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە ئایا "سیستمێکی ئیشکردن" کە لە پێش هەزارو چوارسەد و ئەوەندە ساڵ جێبەجێ کرابێت و ئیستیقراری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێ فەراهەم کرابێت، دەکرێت لەپاش ئەو هەموو گۆڕانە مێژووییەی بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتووە هەمان "سیستمی ئیشکردن" هەمان دەرئەنجامی پێش هەزار و چوارسەد و ئەوەندە ساڵ بدات بەدەستەوە؟

جزیە و سەبایا و ئەنفال سیستمی ئیشکردنی سەردەمێکە کە مرۆڤایەتی بەجێیهێشتووە، ئەو سیستمانە ئەگەر لەسەردەمی خۆیاندا ئامانجی خۆیان پێکابێت کە بریتی بووە لە جێگیرکردنی حاڵەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەوا بۆ ئەمڕۆ دەرئەنجامی پێچەوانە دەدەن بەدەستەوە وەک بە چاوی خۆمان دەیبینین.

کەواتە ئیشکالەکە لەوەدا نییە کە داعش (جزیە و مرۆڤ موسوڵمانکردن) بەشێوەیەکی نەگونجاو جێبەجێ دەکات، بەڵکو ئیشکالەکە لێرەدایە کە ئەو چەمکانە کاتیان بەسەرچووە و مێژوو بەجێیهێشتوون و جارێکی دی مرۆڤایەتی ناتوانێت بۆیان بگەڕێتەوە.

ئیسلام لەپاش ئەو هەموو سەدەیە لە تەمەن، ئاخر تەمەنی ئیسلام دوورو درێژە! لەپاش ئەو هەموو گۆڕانەی بەسەر مرۆڤایەتی و بیرکردنەوە و سیستمی ژیان و ژیارییەکەیدا هاتووە، هەروەها لەپاش ئەو هەموو برینەش کە بە شمشێری دۆست و دوژمن کراوەتە جەستەی، بێگومان ئاینێک لەم حاڵەتەدا پێویستی بە دووبارە تەفسیرکردنەوە هەیە، پێویستی بە ریفۆرم و "نوێکردنەوە" هەیە.

مەبەستم لە ریفۆرمی ئاینییش ریفۆرمێکە کە خودی ئاینەکە بگرێتەوە، نەک هزری ئاینەکە، نەک ئەو شرۆڤە و بەرهەم و دەستکەوتە فیکریانە بگرێتەوە کە تائێستا مرۆڤایەتی و موسڵمانان لە ئیسلام و لەدەقەکانی دەستیان کەوتووە. (وەک هەندێک ریفۆرمیستی موحافیزەکار داوای دەکەن).

ریفۆرمی (هزری ئاینی) هیچ سوودێکی نییە، چەند ساڵە بەسەدان هزرەوانی ئاینی و رۆشنبیری ئاینی خەریکی ئەم سەفسەتەیەن و هیچیان لێ بەرهەم نەهێنا (داعش نەبێت). ئەوان وەک ئەوە وایە خەریکی کێڵانەوەی ئەرزێکی کێڵراو بن.

مەهزەلەیە باسکردن لە "ریفۆرمی هزری ئاینی" و تەرککردنی ریفۆرمی راستەوخۆ لە ئاین خۆیدا (جۆرێکە لە ترسنۆکی)، چونکە دواجار داعش و سەلەفیەکان پشت بەخودی دەقە ئاینییەکان دەبەستن بۆ کارەکانیان، نەک هزر و شرۆڤەی جڤاتی موسڵمان بۆ دەقە ئاینییەکان.

(یان جزیە یان موسڵمانبوون) (جاریە و سەبایا و ئەنفال) و (ئەسلم تەسلم) هەموو ئەمانە دەقگەلێکی ئاینین، بەشێکی گەورەن لەمێژووی ئیشکردنی ئیسلام و تێگەیشتن و ئیجتیهادی کەس نییە، لە سەردەمی خۆشیدا سیستمگەلێکی گونجاو بوون بۆ جێبەجێکردن و دروستکردنی ئیستیقراری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداری و ئابووری، لە ئەمڕۆشدا تۆ وەک موسڵمانێک یان دەبێت باوەڕت پێیان هەبێت و هەوڵی جێبەجێکردنیان بدەیت، یان دەبێت بڵێیت ئەو سیستمانە لە مێژوودان و چیدی کەڵکی تەتبیقکردنیان نەماوە.

تا ئێستا هیچ دەوڵەتێک نەیتوانیوە لەسەر ئەم بنەمایانەی کە داعش پشتی پێدەبەستێت دابمەزرێت و خۆی بگرێت، چونکە خودی رووخانی خەلافەتی عوسمانیش پەیوەندی بە کەوتنەدەرەوەی بوو لە رێڕەوی مێژوو، ئەگەر تەماشاش بکەین، ئەمڕۆ دەوڵەتی تالیبان نەیتوانی خۆی راگرێت و پێش ئەوانیش موجاهیدینی ئەفغان نەیانتوانی دەوڵەتێکی ئیسلامی کە حوکم بە شەرعی خوا بکات، لە ئەفغانستان دابمەزرێنن و زۆربەی پارتە ئیسلامیەکانیش بە شێوەیەکی سێکولار سیاسەت و حوکمڕانی دەکەن.

خودی داعشیش لەبری ئەوەی سەرقاڵی دامەزراندنی دەوڵەت و خەلافەتەکەی بێت و نموونەیەک پێشکەش بکات، بە چەپ و بەڕاستدا کەوتووەتە پەلاماردان و شەڕی سەربازی و ئەزموونی حوکمڕانییەکەی خۆی پراکتیک ناکات، چونکە ناکرێت.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## کامگارانێکی دیکە له تورکمانستان

» 12

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی ڕووداو

**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر** : سالح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری:** بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net

**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی

**دیزاینەران** : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net





